# ئەمریکا
# لە بەرپرسیارێتی هەڵدێ



ئاسۆ کەریم

باراك ئۆباما لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ مالیکی (٢١ی ئەم مانگە) بۆ هەموو لایەکی ساغکردەوە کە ئەمریکا لە کۆتایی ئەمساڵدا، بەپێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ٢٠٠٨ی سۆفا، تەواوی هێزەکانی خۆی لە عێراق دەباتە دەرێ. ئەوەش بە قازانجی هەردوو وڵاتە.

ڕەنگە بەرژەوەندیی ئەمریکا، چ لە عێراق و چ لە ناوچەکە بەگشتی، پێوەندییەکی زۆری بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نەبێت و تا رادەیەك ئەو بەرژەوەندییانە، بە شێوەو فۆرماتی تر، پارێزراون. ئەمریکا داوای دەکرد (٣-٥) هەزار سەرباز و پسپۆڕی لە عێراقدا بمێنێتەوە. بەڵام ئەمریکا گرفتێکی ئەوتۆی نییە، لە کەنداو، لە تورکیا، لە ئەفغانستان بنکەو بوونی سەربازیی بەهێزی هەیە. لەهەرگۆڕانکاری و پێشهاتێکدا، لە سۆنگەی باڵادەستیی تەکنەلۆجیای چەکەوە، هەموو دەمێ حزووری هەیە، دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆیی پێ بپارێزێ...

بەم کشانەوەیە، ئەو هەموو خەرجییە زۆرە((بەگوێرەی هەندێ دیراسات، خەرجی مانەوەی ساڵانەی سەربازێکی ئەمریکی لە عێراقدا، (٤٠٠)هەزار دۆلار بووە)) لە کۆڵ خۆی دەکاتەوەو نایەوێ باج و زیانی گیانی و ماددیی زیاتر بدات. ئاخر ئەمریکا پارەیەکی زۆری لە عێراق خەرجکرد، زیاتر لە ٤٤٠٠ سەربازی لە عێراق لێ کوژرا... پاشان باراك ئۆباما، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و لە خیتابەکانیدا، بەڵێنی دابوو، ئەو هێزەکانی لە عێراق دەکێشێتەوە و دەیەوێ خۆی سەرڕاست نیشانبدا، لەبەردەم ئەمریکییەکان((ساڵێکی تر وادەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییە))و لەبەردەم ڕای گشتی دنیادا.. ڕاستە ئەمریکا، ئامانجی خۆی بەدیهێناو دوژمنێکی سەرسەختی لە عێراق لەسەرکار لابرد کە مەترسی هەبوو بۆ سەر ئاشتی و تەناهیی ناوچەکەو بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەو لە ناوچەکەدا، بەڵام ئایا ئەمریکا، توانی لە دوای خۆی لە عێراق، سیستەمێکی دیموکراتیی جێگیر بەجێبهێڵێ وەك دەیانگوت، یان دیموکراسیی لە خیتابی ئەمریکیدا، «شتێك»ی تر جێگەی گرتۆتەوە و ئایا ئەمریکا توانی عێراق بکاتە نموونەیەکی دیموکراتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەهاری عەرەبی گۆڕانکاریی گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. بێ شك، عێراق ئەو نموونەیە نییە کە ئەو وڵاتانە چاوی لێ بکەن، بەڵکە ئەوە تورکیا، یان نموونەیەکی هاوشێوەی ئەوە کە میسر و تونس و لیبیا... ئاواتی بۆ دەخوازن..

بەڵام ئایا ئەو کشانەوەیە بە قازانجی عێراقە؟

وەکو پرەنسیپ، پێموانییە هیچ کەسێکی نیشتمانپەروەر هەبێت، پێی خۆش بێت هێزێکی بێگانەی داگیرکەر، تەنانەت دۆستیش، لەناو خاکی وڵاتەکەیدا بێت. چ جای کە هێزێکانی ئەمریکا لە ماوەی (٢٠٠٣-٢٠١١) زۆر بە کەپوبڵندییەوە مامەڵەو ڕەفتاریان لەگەڵ عێراقییەکاندا کردو بە ئیرادەی خۆیان، خۆیان کردە داگیرکەر بە هەموو ڕەهەندە نیگەتیڤەکانییەوە((بڕیاری ١٤٨٣ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان)).

دووەم، عێراق هێشتا لە ڕووی تەناهییەوە، زۆر شلۆقە. سەیری پایتەخت بکە، حەفتە نییە، ئەگەر نەڵێین ڕۆژ نییە، تەقینەوەی تیرۆریستی تێدا روونەدات. ئەوە لەکاتێکدایە کە پایتەخت هێزێکی زۆری بەو هەموو خاڵی پشکنین و کۆنترۆڵە تێدا بڵاوکراوەتەوە. بێ لەوە هێزەکانی عێراق، لە ڕووی پێکهاتە، چەك و تفاق، ڕاهێنان و شارەزایی و پیشەییەوە، کەموکورتییەکی زۆریان هەیە و تەنانەت بەدوور نازانرێ، بەو حاڵەشەوە، ئەو هێزانە پەلبزافتی بکەن و بیر لە «کودەتا» بکەنەوە. چونکە هێشتا نەبوونەتە هێزگەلێکی نیشتمانی. ئەوە لە «مەجال»ی ئاسمانیی عێراقی بگەڕێ، ئەگەر ئەمریکا نەیپارێزێ، ئەوا لەملاو ئەولاوە بە ئاسانی پێشێل دەکرێ.

سێیەم، عێراق لە دوای هەڵبژاردنی ٢٠١٠/٣/٧-وە، تەنانەت پاش ڕێککەوتنەکەی هەولێر و دامەزرانی حکوومەت و دابەشکردنی پۆستە سیادییەکانیش، سەقامگیرییەکی سیاسیی «نسبی»یشی بەخۆوە نەدیوە. حکوومەتێکی شلۆقی پڕ لە کێشە، پڕ لە ڕاکێش- ڕاکێشی تایەفی و حزبی و ئیتنی.

ئەوەتا تا ئێستاش پۆستەکانی «دیفاع، داخلیە، ئەمنی وەتەنی» پڕ نەکراونەتەوەو بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێن. ئەم کێشەیەو کێشەی «ئەنجوومەنی سیاساتی ستراتیجی» کە پێدەچێ وا بە زوویی چارەسەر نەبن، ماوەی نێوان لیستی عێراقیەو لیستی دەوڵەتی قانوون و «تەحالوفی وەتەنی شیعی» بە گشتی و هەروا سوننە و شیعە هەراوتر دەکەن. دیارە ئەگەر سەقامگیریی سیاسی و شەراکەتی نیشتمانی و توافوق نەبێت لەنێوان پێکهاتە سەرەکییەکان و نوخبەی سیاسیدا، چ باسی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بکەین کە نییە، کە ئەمریکا لە پاساوهێنانەوەی بۆ داگیرکردنی عێراق دەیهێنانەوە، لەکاتێکدا، مەیل و خولیای تاکڕەوانەی مالیکی بەدیارکەوتووەو دوای کشانەوەی ئەمریکا، ئەو مەیل و خولیایە، عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

چوارەم، کێشە هەڵپەسێردراو چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا بەتایبەتی کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی تر و نەوت و گاز... مخابن ئاسۆیەکی روون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە نابینرێ و خەریکە وردە کێشەی تریشیان دەچێتە پاڵ و دەگەنە بنبەست. بەداخەوە، کورد جەخت لەسەر پابەندبوون بەدەستوور دەکاتەوە، بەڵام کە لایەنی بەرانبەر ئیلتیزامی پێوەنەکات، چ گەرەنتییەکی دەستووری یان هەرێمایەتی یان نێودەوڵەتی هەیە کە بوون و قەوارە سیاسییەکەی و ماف و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ؟

پێنجەم، پێوەندیی عێراق بە وڵاتانی ترەوە. عێراق گرفت و کێشەی لەگەڵ کوێت لەسەر «بەندەری موبارەك»هەیە.لەگەڵ سعودیەو وڵاتانی کەنداو پێوەندییەکی ساردوسڕو بارگاوی هەیە، بە سەنگەربەندیی تایەفی «شیعی-سوننی» و «سعودی- ئێرانی».لەبەر سەنگەربەندی هەرێمایەتی، هەر گۆڕانکارییەك لە سوریا روویدات، عێراقی ئێستا کە شیعەی بەسەردا زاڵە ماوەیەکی دەوێ تا خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ. لەگەڵ تورکیای دادو گەشەپێدان-یش، ئەگەر ئێستاش لەبەر فاکتەری کوردی و تەناهیی هەنووکەیی، حکوومەتی عێراق پشی-پشی بۆ تورکیا بکات، ئەوا لە ماوەیەکی تردا، لەو رۆڵەی کە تورکیا لە ناوچەکە دەیگێڕێ، بەتایبەتی لە ناوچەی عەرەبی پاش بەهاری عەرەبی، نیگەران دەبێت و زوو یان درەنگ، لێکدابڕان و تەوەربەندی (ئێران-تورکی) دروست دەبێت. کەواتە، دوای کشانەوەی ئەمریکا، عێراق، بەم ستاتۆ و رەوشەی ئێستایەوە، ناکارێ ببێتە ئەکتەرێکی کاراو زیاتر دەبێتە بابەت و جێ ململانەی نفووزی ئەملا و ئەولاو ئەوەش کێشەکانی عێراق قووڵتر دەکاتەوە..

شەشەم، حکوومەتی عێراق تا ئێستا لە رووی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی وەکو ئاوو کارەبا، خوێندن و فێربوون و تەندروستی، بێ کەڵك بووە. گەندەڵی و بێ کەفائەتی ئیداری و حوکمڕانی تەواو بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە دیارن و لەبەر «خولیای بەهێزی سانترالیستیی حکوومەت»ی مالیکی ڕێگە لە پارێزگاکان بە شیعەنشینەکانیشەوە گیراوە، لەو بوارانەدا دەستپێشکەر بن، یان هەرێمی تر مینای هەرێمی کوردستان دروست ببن. لە سۆنگەی ئەمەشەوە، ناڕەزایی خەڵك، ئەگەر لەبەر ئەمریکا، تەقیەیان کردبێت و دژی حکومەت نەوەستابنەوە ئەوە لێرە بەدواوە پێموایە بە روونی بەدەردەکەوێت و شەقامەکان دەجوولێن. تەنانەت پێموایە «تەحالوفی وەتەنی شیعی»یش، ئەگەر بە کاریگەریی ئێران نەبێ، وەکو خۆی نامێنێتەوە.. داخوازییەکانی ئەمڕۆژانەی سەدرییەکان و خیتابی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەڵگەن.


کەواتە عێراق، رووی لە گێژاوێکی سیاسیی نادیارو قەیرانێکی تەناهیی گەورەیەو تەنانەت بە دوور نازانرێ سەربکێشێتە شەڕی ناوەخۆوە. راستە عێراقییەکان دەبێ بەیەکەوە هەڵبکەن و وڵاتی خۆیان بەڕێوەببەن و بە گوێرەی دەستووری ٢٠٠٥ حوکمڕانی بکەن. بەڵام تا ئێستا ئەوەیان بۆ نەکراوە. کە ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ عێراق جێدەهێڵێ، ئەو هەموو گرفتانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، دوای خۆی بۆ عێراقییەکان جێدەهێڵێ و ئەمریکا ناکارێ نکوڵی لەوە بکات کە دەستی لە هاتنە ئاراو کەوتنەوەی رەوشەکە بەم شێوەیە هەبووە.

ئایا ئەمریکا هیچ بەرپرسیارەتییەکی قانوونی، سیاسی و ئەخلاقی ناکەوێتە مل لەئاست عێراقییەکان، لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە ئاست ئەمریکییەکان خۆیان؟!

هەروا سوك و ئاسان قەلفڕی لێ بکەن. راستە لایەنە باڵادەستەکانی عێراق رازی نەبوون بە مانەوەی ئەمریکییەکان، بەڵام دەبێ ئەمریکا پابەندبوونی خۆی بە رێککەوتننامەی سۆفا و بەندەکانی ناوی دووپات بکاتەوە، بەتایبەتی لە هێنانەی «عێراقێکی جێگیر و دیموکرات و فیدراڵدا».



ژماره (٨٥٢) ■ ٢٠١١/١٠/٢٤



# فیدراڵی و دیموکراتی لە خاکە لماویەکەی عێراقدا چەکەرە ناکات

## چۆن هەرێمێکی دیموکراتی لەناو حکومەتێکی سەنترالی جێگەی دەکرێتەوە

لەروانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە سەرکەوتنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنی عێراق تا ئەوپەڕی گرنگە، بەڵام شین بوونی تۆوی دیموکراتی لە خاکە لماویەکەی عێراقدا کارێکی ئاسان نییە، ئەو بارودۆخە خراپەی لە عێراقدا هاتۆتە ئاراوە بۆتە هۆکاری ئەوەی هەندێک بڵێن ئیدارەی ئەمریکی کەوتۆتە ناو تەڵەی پابەندبوون بەقسەی خۆیەوە، بەڵام لەباری ڕاستیدا دوو کێشە هەیە کە بۆتە ئاستەنگی ڕاستەقینە لەبەردەم پرۆسەی دیموکراتی عێراقدا، کێشەی یەکەمیان ئەوەیە هەموو هێزە سەرەکیەکان لە عێراقدا دیموکراسیەتی مۆدیلی ڕۆژئاوایان ناوێت، ئەمەشە نەک لەبەر ئەوەی ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە ناگونجێن، نەخێر لەبەر ئەوەی ئەو هێزە سیاسییانەی ئێستا باڵادەستن، هەر بۆ نموونە ئەو هێزانە ئێستا لە ناو شیعەوە باڵادەستبوون، لەڕووی مێژووییەوە حەزیان لە سیستمێکی سیاسیی سکۆلاری نییە کە بەکردەیی دەسەڵاتەکانی تێدا دابەشکرابێت، ئەم هێزە تەنیا بایەخ بە ئاکامی هەڵبژاردن دەدەن بۆ ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردن ببێتە چەتر و فشاری سیاسیی، کێشەی دووەم ئەوەیە هەتا ئەگەر هەموو عێراقیەکان خوازیاری دیموکراتیش بن، ئەوا دیموکراتی لەعێراقدا سەرکەتوو نابێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو کێشە سیاسیانەی لە میانەی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنەوە دەردەکەون، ئەو توانایان نییە کە بتوانرێت ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن. هەربۆیە پێش ئەوەی باس لەوەبکرێت بۆچی ئەم مەسەلە وابێت؟ یان چ دامەزراوەیەک باشە بۆ ئەوەی دایبمەزرێنین و خۆمان لەو کێشانە دوور بخەینەوە، ئەوا کارێکی زۆر یارمەتیدەر دەبێت ئەگەر لەسەر ئاستێکی زۆر گشتی ئەو پرسیارە بوروژێنین کە بۆچی لەعێراقدا دیموکراتی کێشە ئیتنی و ئایینیەکان دەوروژێنێت؟)).



ئەندریاس وایمەر
زانکۆی کالیفۆرنیا

ئەلبێرت ڤین دیسی یاساناس و تیۆریستی دەستووری بەناوبانگی ئینگلیز سەبارەت بە دەوڵەتی فیدراڵی دەڵێت: پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی پێویستی بەدوومەرجە و پێویستە ئەو دوو مەرجە بوونی هەبێت:

یەکەمیان: بریتییە لە شوێن و هەیکەلی دەوڵەت، کە دەبێت لەڕووی مێژوویی و ڕەگەزەوە زۆر بەنزیکی بە گەلەکەیەوە بەسترابێتەوە و ئەمەش دەبێت لەدیدی هاووڵاتیانیەوە دەربکەوێت، ئەم وێنایەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتیان هەست بە ناسنامەی نیشتمانی هاوبەش بکەن.

دووەمیان: لێکجیاکردنەوە و هاوبەشی (union) و یەکبوونە(unity)، ئەم جیاکردنەوەیە زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پێویستە لای هاووڵاتیانی پێکهاتە جیاوازەکان هەستێك هەبیت بۆ هاریکاری و یەکێتی ((union نەك هەوڵێك هەبێت بۆ ئەوەی لەچوارچێوەیەی یەکبووندا( unity) جیاوازیەکان بتوێنرێتەوە.

ئەم ئاماژەیەی ئەلبێرت ڤین کە تیۆریستێکی دەستوورییە، ئەگەر ڕاشکاوانە سادەی بکەینەوە، ئەو پەندە کوردییەمان بیردێنێتەوە کە دەڵێت (چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت) یان ئەگەر دەستەکان پێکەوە گرێبدرێن چەپڵەیان پێ لێ نادرێت، ئەلبێرت ڤین بۆ سەرکەوتنی فیدراڵی هەردوو چەمکی هاوبەشی و یەکێتی (union) لەگەڵ یەکبوون بەمانای (unity) لێکجیاکردۆتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەکرێت دوو نەتەوە یان زیاتر لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەدانە هاوبەش و هاریکاری یەکتری بن و یەکێتیەك (union)، وەك یەکێتی ئەوروپا لەنێوان خۆیان دروست بکەن، بەڵام ناکرێت هەوڵبدرێت ناسنامەی نەتەوەکان لەپێناوی کردنی گەل و نەتەوە جیاوازەکان بە یەك گەل یان یەك نەتەوە لەژێر ناوی یەکبوون(unity) بتوێنرێتەوە، هەربۆیە لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لەچوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی هاریکاری و هاوبەشییە نەك یەکبوون وەك ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسیی عەرەبی عێراقدا هەستی پێدەکرێت، ڕاشکاوانە بە (وحدة العراق) نەك (الاتحاد العراقي) مامەڵە لەگەڵ فیدراڵیەت دەکەن، لێرەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین ئێمە وەك هەرێمی کوردستان بەدوو ئاراستەی جیاواز سەیری ئایندەی عێراق دەکەین بەمجۆرە:



١- روانگــەی هەرێمی کوردســتان بۆ ئاییندەی عێـراق بریتییە لــە عێراقێکی فیدراڵــی و دیموکراتی کــە تیایدا هەردوو پێکهاتــەی ســەرەکی (کــورد و عەرەب) بەشــێوەیەکی ئارەزوومەندانــە بریــار بدەن بەیەکێتی عێراق دروســت بــکات واتە (Iraqi Union یان الاتحاد العراقي).

٢- روانگــەی حکومەتــی عێــراق کە ڕەنگدانــەوەی زۆرینــەی عەرەبی عێراقە، دەیانەوێــت یەکپارچەیی عێراق بەهەر نرخ و شێوازێك بێت بپارێزن، گەلی کورد بەشێك بێت لەگەلی عێراق و گەلی عێراقیش بەشێك بێت لە نەتەوەی عەرەب، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە وشە گەوهەرییەکانی نێو گوتاری سیاسیی سەرۆك وەزیرانی عێراق ورد ببینەوە، هەست دەکەین هێندەی تەئکید لەســەر یەکبوون بە مانای (وحدة) دەکاتــەوە، تەنیا جارێکیش جەخت لەسەر یەکێتی و هاوبەشی بە مانای (الاتحاد) ناکاتــەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە دارشــتنی فیکری سیاسیی عەرەبی عێراق لەســەر ئەوەیە نەتەوەی کورد لــە عێراقدا بکاتە بەشێك لە گەلانی عێراق، ئەمەش بە ڕاشکاوی لە ئەدەبیاتی سیاسیی هەموو هێزە سیاسییەکانی عەرەبی عێراقی ڕەنگیداوەتەوە کە ئــەوان تەنیــا گەلی عێراق (الشــعب العراقــي) لەبری گەلانی عێراق(الشــعوب العراقية) بەکاردەهێنن و خوێنەری ئەم دێڕانە دەتوانین لەشــوێنی گەڕانی (Google) بنووســێت (الشــعوب العراقيــة) بزانێــت بێجگە لەچەند نووســینێکی کەم نەبێت کە نووسەرەکانیان کوردن یان کوردستانین، هەتا ئێســتا سیاســەتمەدارێکی عەرەبی عێراق دانــی بەوەدا ناوە کۆمەڵە گەلێك لە عێراقدا دەژین نەك تەنیا گەلێك، گەلەکەش گەلێکی یەکگرتوو و بەشــێکە لە نەتەوەی عەرەب، ئەم هزرە تواندنەوەیەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراقدا هێشــتا نەك هــەر بوونی ماوە، بەڵکو جومگە سەرەکیەکانی ئەو سیاسەتەیە کــە لەژێر پــەردەی عێراقــی فیدراڵی و دیموکراتی ئاماژەی پێدەکرێتەوە، هەر لەژێر ئەم پەردەیەشدا هەوڵدەدرێت لەسەر بونیادی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی لەگەڵ کورد دانوستاندنەکان درێژەی پێبدرێتەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەبێتە جێگەی هەڵوەستە و وەك پرۆ فیسۆر ئەندریاس وایمەر ئوستادی سۆســیۆلۆژیا لەزانکــۆی کالیفۆرنیا لە دیراسەتێکدا بەناونیشــانی (دیموکراسی و تەنگــژەی ئیتنی و ئاییني لــە عێراقدا - Democracy and Ethno-religious Conflict in Iraq) ئاماژە بەوە دەکات (لەگەڵ شەڕی عێراق لەهەندێك بۆچوونەوە بەو جۆرە ســەیر دەکرێت کە عێراقی لەســەرکوتکاری ڕزگار کردووە، بــەڵام ئاکامی ئەم ئۆپەراســیۆنە عێراقی کــردووە بەهەمان ئــەو دەوڵەتەی کە عەرەب تیایدا باڵادەســت بێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە هــەر چۆنێك ســەیری عێراق دەکەین، عێــراق لە نموونــەی دەوڵەتێکی هەڵوەشــاو دەچێــت (example of state implosion)، وەك دەوڵەتەکانی ســۆماڵ و سیرالیۆن و کۆلۆمبیا و زائیر).

کەواتە پرۆ فیسۆر ئەندریاس لە دەسپێکی توێژینەوەکەیدا دەیەوێت لەو خاڵەوە بچێتە ناو مەســەلەکە کە عێراق نموونەی دەوڵەتێکی فاشــیل و لەبــەر یەکهەڵوەشــاوە و لەبەر ئەوەی ئاکامی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وەك ئەمریــکا وای پێدەڵێــت، دەوڵەتێکی بەرهەمهێناوەتەوە کە دیسان عەرەب باڵادەست بێت بەو مانایەی هەوڵەکان بۆ ئەوە بن عێراق وەك دەوڵەتێکــی عەرەبی بونیــاد بنرێتەوە، ئــەوا وایمــەر لەگەڵ ئەوەی ئامــاژە بەوە دەکات، کــە ئامانجی سیاســەتی ئەمریکا لە عێراق هەوڵدانــە بۆ بونیادی دیموکراتی لــە عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هەوڵانە لە ســەر بنەمای دەوڵەتێکی فاشیل دەنرێن و هەوڵنەدراوە پێش هەر شــتێکی دیکە ئەم دەوڵەتە فاشــیلە بکرێتە دەوڵەتێکی مۆدێرن و هاوچەرخ، ئەوا پرۆســەی دیموکراتی لە عێراقدا ســەرکەوتوو نابێت و خودی پرۆسەی دیموکراتیەکە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی تەنگژەی نەتەوەیی و ئاییني لەعێراقدا.

**هەموو هێزە سەرەکییەکان لە عێراقدا دیموکراسیەتی مۆدێلی ڕۆژئاوایان ناوێت، ئەمەشە نەك لەبەر ئەوەی ئیسلام و دیموکراتی پێکەوە ناگونجێن، لەڕووی مێژووییەوە حەزیان لە سیستمێکی سیاسیی سکۆلاری نییە کە بەکردەیی دەسەڵاتەکانی تێدا دابەشکرابێت**

وایمەر وەك لەپێشــەکی ئەم ڕاپۆرتەشدا ئاماژەی پێکردووە، لەبــەر دوو هۆکاری گرنــگ عێــراق نابێتــە دیموکراتی، ئەم دووهۆکارەش بریتین لە:

١- ئەو هێزە سەرەکیانەی عەرەبی عێراق، ئەوجا هاوپەیمانــی نێوان هێزەکانی عەرەبی شــیعە بن کە ئێســتا لە حکومەتدان، یان هاوپەیمانی نێوان هێزەکانی عەرەبی سوننە بن، وەك لیستی ئەلعێراقیە کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ زۆرترین کورسی بەدەست هێنا، ئەوا هیچ کام لە هێزانە خوازیاری بونیادی دیموکراتــی لیبرالی نین یــان ئەوەی پێی دەڵێن مۆدیلی دیموکراتی ڕۆژئاوا، ئەمەش مانای ئەوەیە ناتوانن ئــەو بنەمایانەی کە بەکردەیی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت جیادەکاتەوە و بەکردەیی چارەســەری کێشەی نەتەوەیی و ئایینــی دەکات، بەکردەیــی دەســەڵاتی حکومەتــی فیدراڵــی لــە چوارچێــوەی فیدراڵی فرەنەتەوەدا سنووردار دەکات ناتوانن جێبەجێی بکەن، ئەوان دیموکراتییان بەس بۆ ئاکامی هەڵبژاردن دەوێــت، بۆئەوەی پێی بگەنە دەسەڵات یان فشاری سیاسیی لەسەر دەسەڵات دروست بکەن، بۆیە کە ئەم خواستە لای هێزە سەرەکییەکانی عێراق نەبوو، کەواتە ئەمریکا ناتوانێت دیموکراتی هاوردەی عێراق بکات.

٢- لەبــەر ئەوەی شــەڕی عێــراق یان وەك ئەوەی ئەمریکا پێی دەڵێت پرۆســەی ئازادکردنــی عێــراق نەیتوانــی عێــراق لەدەوڵەتێکی فاشــیلی بەزۆر دروســتکراوە بکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵــی لەچوارچێوەی یەکێتیەکــی ئارەزوومەندانــەدا، کەواتە ئەو کێشــانەی پێویســتن دەوڵەتــی فیدراڵی چارەســەریان بــکات و نەیتوانی چەمکی یەکبوون بەمانای (unityیان وحدە) بگۆڕێت بۆ چەمکی یەکێتی و هاوبەشــی بەمانای (unionیــان الاتحاد)، ئــەوا هەتا ئەگەر عێراقیــەکان خوازیــاری دیموکراتیش بن، ناتوانن دیموکراتی بونیاد بنێن، لەبەر ئەوەی ئــەو پرانســیپانەی دیموکراتی لە چەمکی هاوبەشی و یەکێتی جێگایان دەبێتەوە، لەناو چەمکی یەکبوون و (وحدة) هاودژی دروست دەکەن.

هەربۆنموونە ئێســتا هەرێمی کوردســتان دەیەوێت لە چوارچێوەی دەســتوور و بەپێی ماددەی ١٤٠ی ئەو دەستوورە کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بەرێگەی ڕیفراندۆم چارەسەر بکات، بەڵام ئەگەر زۆر ورد سەیری ئەم پرسە هەستیار و چارەنووســازە بکەین، دەبینین جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە بەو ئاسانییە نییە کە ســەبەینێ عەرەبی عێراق ڕێز لە ئاکامی ریفراندۆمەکە بگرێت و یان حکومەتی عێراق ئامادەبێت بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە پیرۆزبایی لابردنی ئەو زوڵم و ستەمە لەگەلی کوردستان بکات، کە بەدرێژایی مێژووی عێراق لە کورد و کوردستانیەکان

کراوە، بەپێچەوانەوە حکومەتی مالیکی نەك ئەوە ناکات، بەڵکو بەشێوەیەك لەشێوەکان بڕیاری داگرتنی ئاڵای کوردستان بۆ ئەو کاربەدەستانەی ناوچە دابڕێنراوەکان دەنێرێت بۆ ئەوەی ئاڵای کوردستان دابگرن، ئەمەش وەك ئەوەیە کە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وەك ئەوە سەیری دەکەن، کە دابڕاندنی ئەو ناوچانە بێت لەعێراق، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان خۆی ئارەزوومەندانە بڕیاری داوە بەشێك بێت لە عێراق بە ناوچە دابڕێنراوەکانەوە، هەربۆیە کاتێك باسی هاوبەشی و یەکێتی دەکرێت لەچوارچێوەی عێراقدا و ئەم هاوبەشی و یەکێتییەش سنوور بۆ ئەو یەکبوونە دادەنێت کە حکومەتی ئێستا و حکومەتەکانی پێشتریش مەبەستیان بووە، بۆیە هەست دەکەین لەبری ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان هەڵبگرین، دەبینین ڕووبەڕووی ئەوە دەبینەوە هەنگاو بۆ ناو کێشەیەکی دیکە و شەڕێکی دیکە هەڵدەگرین.

لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیە و هەر لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، کە هەندێك ناوچە و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەگرێتەوە، دەبینین لای حکومەتی عێراق مەسەلەی ڕێکخستنەوەی ئیداری یان گێڕانەوەی سنووری پارێزگاکان بۆ پێش دەسکارییەکانی ڕژێمی پێشووی

**ئەگەر لە وشە گەوهەرییەکانی نێو گوتاری سیاسیی سەرۆك وەزیرانی عێراق ورد ببینەوە، هەست دەکەین هێندەی تەئکید لەسەر یەکبوون بە مانای (وحدة) دەکاتەوە، تەنیا جارێکیش جەخت لەسەر یەکێتی و هاوبەشی بە مانای (الاتحاد) ناکاتەوە**

بەعس، هەستیاری یان تەنگژەیەکی ئەوتۆ دروست ناکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو ناوچانە عەرەبن و گرنگ نییە سنووری ئەو پارێزگایانە ڕێکبخرێتەوە، بەڵام دنیا ئاخیر دەبێت کاتێك دەڵێن با چەمچەماڵ و کفری و چەند ناوچەیەکی دیکە بگەڕێنەوە سنووری پارێزگای کەرکوك، لەم بارودۆخەدا کە دەبێت بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت بەدوای بەدیلی نادیموکراتی بگەڕێن یان بەو زوڵم و ستەمە ڕازی بین کە چەندین ساڵە دژ بەکورد دەکرێت، دەگەینە ئەو دووڕییانە

داخراوەی جاڕی فاشیلبوونی فیدراڵی و دیموکراتی لە عێراقدا بدەین.

**فیدراڵی فرە نەتەوە**

**بێ دیموکراتی لیبراڵی سەرکەتوو نابێت**

وەنەبێت سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بیری لەوە نەکردبێتەوە، عێراق چۆن بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە و لەناو ئەو دەوڵەتە یەکگرتووە چۆن کورد ئارەزوومەندانە بمێنێتەوە، بەڵام ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم پرۆسەی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی لەو خاڵەوە بوو، کە بۆ ئەو کات هەم فیدراڵی و هەم دیموکراتی بۆ سیاسییە عەرەبەکانی عێراق شتێکی تازە بوو، هەمیش لەنێو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی نموونەیەك نەبوو ئاماژەی پێبکرێت، بۆیە ئەوەی کورد داوای دەکرد لەسەر ئاستی عەرەبی و ئیسلامی پشتگیری لێ نەدەکرا و ئەمریکاش لەژێر گوشاری دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، فیدراڵیزمی عێراقی وەك دەوڵەتێکی فرە نەتەوە دانپێدا نەدەنا، پرۆفیسۆر لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئامۆژگای ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە(CFR) لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بۆ گوڵان لە ٢٠٠٦/١٢/١٤ ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندین: (من ماوەی سێ ساڵ خەریکی ئەوەبووم تەنیا ئەوە ڕوونبکەمەوە بۆچی فیدراڵیزم و حکومڕانی لۆکاڵی هەرێمەکان تەنیا ڕێگەیە بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لەعێراقدا؟ بەڵام نەمتوانی خەڵکانێکی زۆر بگۆڕم، سیناتۆر بایدن(مەبەستی جۆزیف بایدنی جێگری ئێستای سەرۆکی ئەمریکایە) باوەڕی بەفیدراڵیزم هەبوو و هەوڵێکی زۆریدا بۆئەوەی هاوڕێکانی لەئەنجوومەنی سەنات ڕازی بکات، بەڵام کاریگەری سعودیە دژی فیدراڵیزم زۆر بەهێز بوو، واپێدەچوو سعودییەکان هەتا ئێستاش(مەبەستی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ـە کە ئەم وەڵامەی بۆ گوڵان نووسیووە) پێیانوایە عەرەبی سوننەی عێراق دەسەڵات لە بەغدا دەگرنەوە دەست، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕوونادات، بەڵام ئەمە بیرکردنەوەی سعودیە و سوننەی عێراقە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر گەلب ئاماژەی پێدەکات، خاڵی وردی تێدایە کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین:

١- گەلب ئاماژە بەوە دەکات ماوەی ٣ ساڵ خەریك بووە ئەوە بۆ سیناتۆر و کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا ڕوون بکاتەوە،

**هزری تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لە عێراقدا هێشتا نەك هەر بوونی ماوە، بەڵکو جومگە سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتەیە کە لەژێر پەردەی عێراقی فیدرالی و دیموکراتی ئاماژەی پێدەکرێتەوە**

بێجگە لە فیدراڵی و حکومڕانی لۆکالی هەرێمەکان(واتە فیدراڵیزمی فرە نەتەوە) هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکە نییە بۆئەوەی ئاشتی و سەقامگیری لەعێراقدا بەدی بهێنرێت، بەڵام خۆی بۆ گوڵان دانی بەوەداناوە نەیتوانیووە خەڵکێکی زۆر قەناعەت پێ بکات، هەروەها جۆزیف بایدنیش کە ئەوکات ئەندامی سەناتی ئەمریکا و سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوە بووە لە سەنات، ئەویش هەوڵی زۆریدا هاوڕێکانی قەناعەت پێ بکات، بەڵام بەتەواوەتی سەرکەتوو نەبووە. لێرەدا ئەگەر سەیری پێگەی پرۆفیسۆر گەلب بکەین کە سەرۆکی فەخری ئامۆژگای (CFR) ئەوە دەکرێت ئاماژە بەوەش بکەین کە سەرۆکی فەرمی ئەو ئامۆژگایە(ڕیچارد هاس) کە خاوەنی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێیە و پێشتریش لەسەردەمی کلینتۆندا سەرۆکی ستافی پلاندانان بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆفیسۆر گەلب هەوڵەکانی لەگەڵ کۆنگرێسمان و سیناتۆرەکان و بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی سەردەمی بوش بووە، خۆی دەڵێت سەرکەتوو نەبووم، کەواتە لەم حاڵەتە گلەیی چی لە سیاسەتمەدارەکانی عێراق بکەین کە نەزانن جیاوازی نێوان فیدراڵی نەتەوەیی(Nation Federalism) لەگەڵ فیدراڵیزمی فرەنەتەوە (Multinational-Federalism) بکەن.

٢- پرۆفیسۆر گەلب ئاماژە بە ڕۆڵی سلبی سعودیە لە دژی فیدراڵیزمی عێراق دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە هێشتا واتە تاساڵی ٢٠٠٧ ڕێگربووە لەسەر ئەوەی فیدراڵیزم لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت، وەك ئەو ڕاشکاوانە بۆ گوڵانی نووسیوە ئامانجی سعودیە ئەوەیە کە جارێکی دیکە عەرەبی سوننە لەبەغدا دەسەڵات بگرنەوە دەست، ئەمەش مانای ئەوەیە پشتگیری بۆ گێڕانەوەی عێراق بۆ سەنترالی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب هەیە و پشتگیری بۆ فیدراڵیزم نییە.

**بۆچی تەنیا ڕێگە بۆ عێراق فیدراڵیزمی فرە نەتەوەییە؟**

لە ساڵی ٢٠٠٢ واتە ساڵێك پێش

ئەوەی ڕژێمی عێراق بگۆڕێت، سەنتەری مستەفا بارزانی وەك بەشێك لەسەنتەری ئاشتی بۆ جیهان لە زانكۆی ئەمریكا لەواشنتۆن، دووەمین كۆنفرانسی خۆی بەو ناونیشانە گرێدا، كوردەكانی عێراق: كلیلی سەقامگیری عێراقن- Iraq Kurds are a key to stability in Iraq)، لەم كۆنفرانسەدا كە ژمارەیەكی زۆر لە سیاسەتمەدار و ئەكادیمیەكانی عێراق ئامادەبوون، ژمارەیەكی بەرچاوی ئەكادیمی و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر كورد و عێراق لە ناوچە جیاجیاكانی جیهان ئامادەبوون، یەكێك لەو باسانەی كەلەم كۆنفرانسە پێشكەش كرا، باسێكی پرۆفیسۆر داڤید ئێڵ فلیپس بەناونیشانی (دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لەگەڵ كوردی عێراق) بوو، ئەم باسە نەخشەی ڕێگەیە بۆ ئەوەی لە عێراقدا هەم ئاشتی و هەم سەقامگیری لەیەك كاتدا بێتە ئاراوە، پرۆفیسۆر فلیپس باسەكەی بەو جۆرە دەست پێدەكات كە دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لەمیانەی فیدراڵیزمەوە باشترین ڕێگەیە كە بتوانرێت لە ئایندە یەكپارچەیی عێراق بپارێزرێت، هەروەها دەتوانێت چارەسەری هەموو ئەو داواكاریانەش بكات كە لەلایەن نەتەوە و پێكهاتە جیاوازەكانی عێراقەوە داوادەكرێن، فلیپس ئاماژە بەوە دەكات ڕژێمی سەدام حوسێن عێراقی بە یەكگرتوویی هێشتبۆوە، بەڵام لەدوای ڕووخانی ئەو ڕژێمە هیچ كەسێك ستەمی حكومەتی ناوەند یان هی هیچ گرووپێكی دیكە قبوڵ ناكات.

كەواتە بەپێی لۆژیكی فلیپس كە ئەو توێژینەوە گرنگەی پێ نووسیووە، دابەشكردنی دەسەڵاتەكان لە عێراقدا، واتە حكومەتی فیدراڵی بەغدا ئەوەندەی دەسەڵات بەدەستەوە بمێنێتەوە كە بتوانێت یەكپارچەیی عێراق بپارێزێت و باقی دەسەڵاتەكانی دیكە بدرێتە هەرێمەكان بۆ ئەوەی خەڵكی هەرێمەكان خۆیان حكومڕانی خۆیان بكەن و هێزەكانی خۆیان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمەكە بیانپارێزێت، ئەمەش ڕێگە خۆش

**هیچ كام لە هێزە سەرەكیەكانی عەرەبی عێراق خوازیاری بونیادی دیموكراتی لیبرالی نین، ئەوان دیموكراتیان بەس بۆ ئاكامی هەڵبژاردن دەوێت، بۆئەوەی پێی بگەنە دەسەڵات یان فشاری سیاسیی لەسەر دەسەڵات دروست بكەن**

**ئاستەنگی سەرەكی لەبەردەم پرۆسەی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێكی فیدرالی و دیموكراتی لەو خاڵەوە بوو كە بۆ ئەو كات هەم فیدرالی و هەم دیموكراتی بۆ سیاسییە عەرەبەكانی عێراق شتێكی تازە بوو**

دەكات بۆ ئەوەی بتوانرێت داهاتەكانیش بە یەكسانی دابەش بكرێت و یەكێتیەكی ئارەزوومەندا لەنێو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەكانی عێراق بێتە ئاراوە.

هەربۆیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە كە هیچ بوارێك نەماوە بۆ ئەوەی بەرێگەی دیكتاتۆری و تاكرەوی یەكپارچەیی عێراق بپارێزرێت، ئەوانەی لەسەر ئەم پرسە گرنگەی عێراق كاردەكەن، پێشنیاری ئەوە دەكەن كە پێویستە حكومەتی عێراق پێش هەر شتێك دان بەو ڕاستیەدا بنێت كە عێراق لە یەك گەل پێكنەهاتووە، بەڵكو لە دوو گەلی سەرەكی كورد و عەرەب و چەندین نەتەوەی دیكەی وەك توركمان و ئاسوری و كلد و ئاشوری پێكهاتووە، ئەم دانپێدانانە بەم پێكهاتە جیاوازانەی عێراق، بوارێك دەرەخسێنێت، چۆن وەك هەنگاوی یەكەم هەردوو گەلی سەرەكی كورد و عەرەب لەعێراقدا پێكەوە دەژین؟ پسپۆران لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێن دەبێت گەلی عەرەب لە عێراق دان بە گەلی كوردا بنێت وەك شەریك و هاوبەش لە عێراقدا، گەلی كوردیش بە هەمان شێوە دان بەگەلی عەرەبدا بنێت و ئارەزومەندانە قبوڵی بێت لەچوارچێوەی عێراقدا بژین، دواتریش پێویستە هەردوو گەلی عەرەب و كورد لە عێراقدا دان بەبوونی نەتەوەكانی دیكە بنێن و ڕێز لەمافەكانیان بگرن.

پسپۆران بۆ بەكردەیی كردنی ئەم واقیعە، پێیانوایە، كەس ناتوانێت ئەم هاوبەشی و یەكێتیەی لە عێراقدا لە چوارچێوەی فیدراڵیزم دادەمەزرێت، چ دەستوور یان یاسایەكی پێویستە، بەڵكو پێویستە لەبەر ڕۆشنایی ئەو میكانیزمانەی دەبنە هۆكاری چارەسەركردنی كێشەكان و بونیادی ئەو یەكێتییەی لەنێوان عێراقیەكاندا، لەسەر ئەو بنەمایانە دەستووری عێراق بنووسرێتەوە و جێبەجێ بكرێت، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە ئەوە ئەركی شارەزایان و پسپۆرانە كە نموونە و ئەزموونی دیكە بۆ عێراقیەكان بگوازنەوە بۆ ئەوەی بۆ چارەسەری كێشەكانی خۆیان سوودی لێوەربگرن، بەڵام كۆپیكردنی ئەزموونی وڵاتانی دیكە بۆ ئەوەی لە عێراقدا دووبارە بكرێتەوە، ئەوا لەبری چارەسەر كارەسات دووبارە دەكاتەوە، كەواتە بونیادنانەوەی هەیكەلی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێكی فیدراڵی پێویستی بە دانوستاندنی ڕاستەوخۆی پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق هەیە، هەروەها كۆمەڵێك پرسی دیكە كە لەكاتی بونیادی دامەزراوەكاندا هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت.

ئەمەش واتە لەبونیادی دامەزراوەكاندا هەوڵبدرێت بنەماكانی سیستمی لیبرال دیموكراتی پیادە بكرێت و بچەسپێنرێت، ئەمەش واتە پێویستە ئەم پرانسیپانە ڕێزیان لێبگیرێت (هەموو هاووڵاتیەك دوای تەمەنی ١٨ساڵی مافی دەنگدانی هەیە، بەپێی یاسای پارتە سیاسییەكان پارتە سیاسییەكان ئازادن لە چالاكی سیاسی، هەڵبژاردن و ململانێی ئازاد، ڕێزگرتن لە گرووپ و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی

**بونیادنانەوەی هەیكەلی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێكی فیدرالی پێویستی بە دانوستاندنی ڕاستەوخۆی پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق هەیە**

مەدەنی، ڕێزگرتن لەبنەماكانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربرین)، ئەم بنەمایانە زەمینەی ئەوە خۆشدەكەن بونیادی پێوەندییەكی پتەو بنرێت لەنێوان پێكهاتە جیاوازەكانی عێراق بە تایبەتی كورد و سوننە و شیعە، هەروەها هەموو پێكهاتەكان بگەنە ڕێككەوتن لەسەر دابەشكردنی داهاتی سامانە سروشتیەكانی عێراق.

### حكومەتی عێراق چۆن سوود لە ئەزموونە فاشیلەكان وەردەگرێت؟

هەندێك هەنگاو یان ڕەفتاری حكومەت و دەوڵەتان هەن كە بوونە هۆكاری ئەوەی هەم لەئەزموونی فیدراڵیزم سەركەتوو نەبن و هەمیش وڵاتەكەش لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە، بۆ ڕێگرتن لەم دیاردەیە، هەردوو پرۆفیسۆر جۆن ماكەر و براندن ئۆلێری چەند خاڵێكیان ئاماژە پێكردووە كە بوونە هۆكاری سەرنەكەوتنی ئەزموونی فیدراڵی لە جیهاندا، ئەم خاڵانەیان وەك ڕێنمایی

بۆ سیاسەتمەدارانی عێراق خستۆتە ڕوو ئەگەر خۆیانی لێ دوورە پەرێز نەکەن، ئەوا ئەزموونی عێراقیش بە هاوشێوەی ئەزموونە فاشیلەکانی دیکەی جیهانی بەسەر دێت، ئەمەش خاڵەکانە:

١- یەکتری ڕەتکردنەوە و ڕێز نەگرتنی بەرامبەر:

لەوڵاتێکدا کە نەتەوەی زۆرینە ئامادەنەبێت دان بەنەتەوەی بەرامبەریدا بنێت و ڕەتیبکاتەوە، ئەوا هەرگیز یەکێتی ئارەزوومەندانە لەنێوان ئەو نەتەوانە دروست نابێت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوە، وەك کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان.

٢- پیادەکردنی دەسەڵاتی ئۆسۆریتاریانیزم:

پیادەکردنی سیاسەتی خۆسەپاندن یان تاکڕەوی لەگەڵ بنەماکانی فیدراڵیزم یەکناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك فیدراڵیزم پیادە دەکرێت، هاوکات لەگەڵ پیادەکردنی پرانسیپەکانی فیدراڵیزم دیموکراتی بەرهەم دێت و پێویستە دیموکراتیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بۆیە کاتێك لەو کەشە سیاسیەی پێویستی بە حکومڕانیەکی دیموکراتیە بە پێچەوانەوە حکومەتی فیدراڵی سیاسەتی خۆسەپاندن و تاکڕەوی پیادەکات، ئەوا هەرێمە فیدراڵیەکان قبوڵی ناکەن و جیابوونەوە ڕوودەدات، وەك جیابوونەوەی بەنگلادیش لە پاکستان و جیابوونەوەی کرواتیا لە یوگسلافیای پێشوو.

**پیادەکردنی سیاسەتی خۆسەپاندن یان تاکڕەوی لەگەڵ بنەماکانی فیدراڵیزم یەکناگرێتەوە. لەبەر ئەوەی کاتێك فیدراڵیزم پیادە دەکرێت. هاوکات لەگەڵ پیادەکردنی پرانسیپەکانی فیدراڵیزم دیموکراتی بەرهەم دێت**

٣- شکست هێنان لەچارەسەری ئەو کێشە مێژووییانەی لەنێوان پێکهاتەکانی نێو دەوڵەتە فیدراڵیەکە هەیە، یان نەتەوەی سەردەست بەشێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە دەکات و دەرگای چارەسەریان لەسەر دادەخات، ئەمەش دەبێتە کێشەیەك کە پەنا بۆ جیابوونەوە دەبرێت وەك کێشەی نێوان مەلایۆ و چینیەکان.

٤- کێشەی دابەشکردنی داهات، ئەمەش واتە شکستهێنان لەپرۆسەی پەرەپێدان یان نەتوانینی پارێزگاریکردن بە سیاسەتی دابەشکردنی ئابووری یان دووبارە دابەشکردنەوەی ئەو داهاتانەی پێوەندی بە بەسیاسەتی ئابوورییەوە هەیە، ئەمەش دیسان زەمینە بۆ جیابوونەوە دروست دەکات وەك حاڵەتی جیابوونەوەی نیك سلۆ فاکیا و کۆماری چیك.

**لەوڵاتێکدا کە نەتەوەی زۆرینە ئامادەنەبێت دان بەنەتەوەی بەرامبەریدا بنێت و ڕەتیبکاتەوە. ئەوا هەرگیز یەکێتی ئارەزوومەندانە لەنێوان ئەو نەتەوانە دروست نابێت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ جیابوونەوە. وەك کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان**

٥- کودەتاکردن بۆ گۆڕینی فیدراڵی بۆ سەنترالی، ئەمەش وەك ئەوەی سربەکانی یوگسلافیای پێشوو چەندین جار هەوڵیان بۆدا و سەرەنجام نەك هەر سەرنەکەوتن، بەڵکو دەوڵەتێك لەسەر نەخشەی جیهان بەناوی یوگۆسلافیاوە نەما.

### فیدراڵیەتی عێراق
### لە مەحەکی ئەزموونە فاشیلەکانەوە

ئەو پێنج خاڵەی وەك ڕاسپاردە چەند ساڵێك لەمەوپێش پسپۆڕان خستوویانەتە بەردەم سیاسەتمەدارانی عێراق بۆ ئەوەی خۆیانی لە شکستهێنانی ئەزموونە شکستخواردووەکانی جیهان پێ دووربخەنەوە، هەست دەکەین حکومەتی عێراق بە ئەنقەست هەموو خاڵەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بوونی هەریەکێك لەو خاڵانە هۆکاری ئەوەن کە ئەزموونی فیدراڵیزم شکست بهێنێت یان وڵاتەکە لێکهەڵبووەشێنێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر ئەزموونی فیدراڵی عێراق لەسەر ئەو پێنج خاڵە هەڵبسەنگێنین، ئەوا هەست دەکەین، حکومەتی عێراق بە زنجیرە ئەم خاڵانەی بەزیادەوە جێبەجێکردووە:

١- لەساڵی ٢٠٠٥ەوە کە حکومەتی عێراق دامەزراوەتەوە، هەتا ئێستاش سیاسەتی ڕەتکردنەوە و کوشتنی کورد بەردەوامە و هیچ هەنگاوێك هەڵنەگیراوە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتانەی پێشتر حکومەتی بەعس دژی کورد پیادەی کردوون بیانسڕێتەوە. ئەمەش واتە حکومەتی عێراق ئامادەنییە بەڕاشکاوی دان بە مافەکانی کورد بنێت.

**ئەو کێشانەی کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەیەتی. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو تا ئێستا حکومەتی عێراق نەك هەر نەیتوانیوە ئەو کێشانە چارەسەربکات. بەڵکو هەوڵیداوە بەردەوام هۆکارێك بێت بۆ بەن بەست گەیشتنی چارەسەرەکان**

٢- پیادەکردنی حکومڕانی بەشێوەی خۆسەپاندن و خۆ فەرزکردن، ئەم سیاسەتە هەر لەدەسپێکی کابینەی یەکەمی حکومەتی عێراقەوە بوونی هەبووە و بەشێوازی جۆراو جۆر و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پیادەکراو هەتا ئێستاش بەردەوامە.

٣- ئەو کێشانەی کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەیەتی، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو تا ئێستا نەك هەر نەیتوانیووە ئەو کێشانە چارەسەربکات، بەڵکو هەوڵیداوە بەردەوام هۆکارێك بێت بۆ بن بەست گەیشتنی چارەسەرەکان، بۆیە ئەگەر حکومەتێك نەیەوێت کێشەکان چارەسەر بکات، بەتایبەتی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان، ئەوا خۆی سیناریۆی یوگسلافیا لە عێراقدا دووبارە دەکاتەوە.

٤- چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی داهاتی سەرچاوە سروشتیەکان، ئەم کێشەیە کە لەبنەڕەتدا کێشە نییە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕازی بووە هەموو داهاتی سامانە سروشتیەکان بە داهاتەکانی ئێستای ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و بەو داهاتانەشی کە دوای گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان هەموو بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی و جارێکی دیکە دابەش بکرێتەوە، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق هەوڵدەدات هەرێمی کوردستان هیچ ڕۆڵێکی لە داڕشتنی ئەو سیاسەتە نەبێت، بۆیە کێشەیەکی دروست کردووە زۆر لەوە قورستر کە سلۆ فاکیا و چیکی لەسەر جیابوونەوە.

٥- کودەتا کردن بەسەر فیدراڵیزم و دیموکراتی و گەڕانەوە بۆ سەنترالی، ئەمەیان واقیعی ئێستای حکومەتی عێراقە کە هەموو بنەما دەستوورییەکانی بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و دروستکردنی هەرێمە فیدراڵیەکان پێشێلکردووە، بە کردیی حکومەت بە شێوازی سەنترالی بەڕێوە دەبات، هەربۆیە ئەگەر هەتا ئێستاش گەلانی عێراق و هێزە سەرەکیەکان خاڵەکانی دیکەیان قبوڵ کردبێت، ئەوا کە گەیشتە ئەوەی

کودەتا بکرێت بۆ ئەوەی سەنترالی بگەڕێتەوە، ئەوا زۆر زەحمەتە هیچ لایەك ئەمەیانی پێ قبوڵ بکرێت.


## ئاییندەی هەرێمی دیموکراتی کوردستان لەناو عێراقدا

لەبەر ئەوەی عێراق ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدالی، ئەوا مانەوەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەنترالی کە نە بڕوای بەدیموکراتی و فیدراڵی هەبێت کارێکە زەحمەتە بتوانرێت درێژەی هەبێت، لەوانەیە تاکە حاڵەتێك لە حاڵەتی هەرێمی کوردستان نزیك بێت، حاڵەتی تایوان بێت، بەو حکومەی حکومڕانی لە تایوان تارادەیەکی زۆر دیموکراتیە و حکومڕانی چینیش لەباشترین حاڵەتدا حکومڕانیەکی خۆسەپێن و ئۆسۆریتاریانیزمە، بەهەمان شێوەش داوای ئەوە دەکرێت تایوان بگەڕێتەوە و ببێتە بەشێك لەچین، ئەم داوایە چۆن لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە چاوی لێدەپۆشرێت و بوار بەوە نادرێت حکومەتی

**لەبەر ئەوەی عێراق ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدالی، ئەوا مانەوەی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی سەنترالی کە نە بڕوای بەدیموکراتی و فیدراڵی هەبێت کارێکە زەحمەتە بتوانرێت درێژەی هەبێت، تاکە حاڵەتێك لە حاڵەتی هەرێمی کوردستان نزیك بێت، حاڵەتی تایوانە**



تایبێ ببێتەوە بە بەشێك لە حکومەتی پەکین، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە ئەوەیە ناتوانرێت یەکێتی و هاوبەشی لەم قۆناخە لەنێوان تایبێ و پەکین دروست بکرێت، بۆیە وێڕای ئەوەی چین داوای تایوان دەکاتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە پشتگوێ خراوە و چین لەگەڵ ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیشە، بەڵام ناتوانێت تایوان بەزۆر بکاتەوە بەچین، بۆیە لێرەوە گرنگە سوود لە ئەزموونی تایوان وەربگیرێت و هەتا ئەو کاتەی حکومەتی بەغدا دەبێتە حکومەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی ڕاستەقینە، دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم بە هاوشێوەی تایوان فراوان بکرێت و بە ڕێگەیەك کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت پارێزگاری بەم حکومەتە دیموکراتیەوە لە چوارچێوەی عێراقدا بکرێت.



فلیب شمیتەر بۆ گوڵان:

# بۆ ئێوەی کورد لەعێراقدا گرنگە سەرەتا بگەنە ڕێککەوتنێک لەسەر مەسەلەی خاک و داهات دواتر بیر لەمەسەلەکانی دیکە بکەنەوە

**پرۆفیسۆر فلیب شمیتەر کە بەرەگەز ئەمریکییە، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئەوروپا لە فلۆرەنسا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی قۆناخی ڕاگواستن و بونیادی فیدرالیزم لە دەوڵەتانی فرە نەتەوە و لەمبارەوە چەندین دیراسەت و توێژینەوەی گرنگی هەیە وەك(یەکگرتنی هەرێمی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای لاتینی، گواستنەوە لە دەسەڵاتی خۆسەپاندنەوە لە وڵاتانی باشووری ئەوروپا و ئەمریکای لاتینی)، بۆ قسەکردن لەسەر بونیادی فیدرالی بەشێوەیەکی گشتی و هەڵسەنگاندنی فیدرالیزم لە عێراقدا، پرۆفیسۆر فلیب لە وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی لەسەر ئەم پرسانە خستەڕوو.**

*** سەرەتا ئەگەر لە قۆناخی ڕاگواستن و پرۆسەی بونیادی دیموکراتیەوە دەست پێبکەین، دیارە لە کۆمەڵگەی فرە نەتەوە پرسی فیدرالیزم و دیموکراتی یەکدەگرێتەوە، هەندێك دەڵێن بەبێ بوونی دیموکراتی فیدرالیەت سەرکەتوو نابێت، ئایا بەڕێزت لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێیت؟**

- ئەوە پرسیارێکی سەرنجڕاکێشە، لەبەر ئەوەی تەنانەت من گومانم هەبوو لەوەی فیدرالی سەرکەوتوو بێت لەسایەی دیموکراسیشدا. کێشە دیارەکە ئەوەیە، بەلای کەمەوە لەو حاڵەتانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، کە دەتوانن مەکسیکیش لە هەمان خانەدا دابنێن، فیدرالیزم خاسیەتێکی دامەزراوەیی ڕەسمی هەبوو، لە یوگسلافیای پێشوو، یەکێتی سۆڤیەتی جاران یان مەکسیك، کە وەزیفە ڕاستەقینەکەی لەسەر سیستمی حزبایەتیەکە ڕاوەستابوو، کەواتە ناتوانیت جیای بکەیتەوە، تۆ ئەتەوێت دیموکراسی و فیدرالیزم پێکەوە کۆبکەیتەوە، بەڵام لە نێوانیاندا سیستمی پارتایەتی هەیە، ئەگەر تۆ تاکە پارتێکت هەبێت، کە هەڵبستێت بە هەماهەنگیکردن لە نێوان نوخبە سیاسییەکانی هەر یەکەیەکی فیدرالی، کە ئەمە حاڵەتەکە بوو لە یوغسلافیا، مەکسیك و یەکێتی سۆڤیەت، ئەوا فیدرالیزم ئەرکی خۆی ئەدا ناکات، لەبەر ئەوەی پارتەکە تەجاوز لەسەر ئۆتۆنۆمی یەکە فیدراڵیەکان دەکات.

*** بەڵام وەك ئاشکرایە بۆ پاراستنی فیدراسیۆنی ئەوروپا، یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێك پرانسیپی داناوە، کە ئەو پرانسیپانە مەرجەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتین بۆ ئەوەی ببنە ئەندام، ئایا لەم حاڵەتەدا دیموکراتی نایێتە پیش مەرجی پاراستنی فیدراسیۆنەکە؟**

- ئەو دەستەواژەیەی ئێمە بەکاری دەهێنن بریتییە لە «political conditionality» واتە مەرجی سیاسیی بۆ ئەوەی ببێتە پاڵێوراو و لە کۆتاییدا ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا، ئەوا دەبێت هەندێ مەرج بهێنیتەدی کە لەلایەن ئەو وڵاتانەوە دانراون کە ئەندامن لە یەکێتی ئەوروپادا، کە ئەو مەرجانە هەر تەنیا دیموکراسی لەخۆناگرن، بەڵکو لە هەمان کاتدا مافەکانی مرۆڤە، سەروەری یاساش لە خۆدەگرن، ئەمانە سێ مەرجی باون، هەروەها یەکێتی ئەوروپا لە هەر وڵاتێکدا کە پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام ئەرکی

چاودێری ئەنجام دەدات، بۆ نموونە لە ئێستادا سربیا و کرواتیا، کە چاودێری ئەدای ئەم وڵاتانە دەکات لە بواری مافەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا و دیموکراسیدا. بەڵام پێمwaیە کێشەی ڕاستەقینە ئەوەیە یەکێتی ئەورووپا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات ئەندامەکانی دیموکراتین، بەڵام خودی خۆی دیموکراسی نییە، ئەمە خەسڵەتی سەیر و نائاسایی یەکێتی ئەورووپایە.

*** کەواتە بەڕای بەڕێزت ئەو هۆکارانە چین کەدەبنە هۆکاری شکستی فیدرالیزم و جیابوونەوەی نەتەوەکان؟**

- پێم وایە دیارترین ئەزموون و حاڵەتێك کە پێویستە تەرکیزی لەسەر بکەن، بریتیە لە دابەشبوونی چیك و سلۆ فاکیا، کە دابەشبوون و جیابوونەوەیەکی ئاشتیانە و ئارەزوومەندانە بوو لەنێوان هەردوو وڵاتدا، کە ئێستا دوو وڵاتی جیاوازن. بە دڵنیاییەوە جیاوازیەکە لە یوغسلافیا بریتی بوو لەوەی جیابوونەوەکە و لە کۆتاییدا بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ سلۆڤینیا، کرواتیا، سربیا و مۆنتینیگرۆ و مەقدۆنیا، بەهۆی توندوتیژیەوە نەبێت بەدەستنەهات. کەواتە ئەوە شتێکە دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت. هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتێکی فیدرالی لەبەریەکهەڵوەشێت و یەکە فیدرالیەکان سەرکەوتووبن و ئاشتیانە ببنە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ. ئەمە ئەو حاڵەتەبوو لە کۆماری چیك و سلۆ فاکیای پێشوودا ڕوویدا، کە دابەش بوون بۆ دوو وڵات. لە یوغسلافیادا، تا ڕادەیەکی گەورە کێشەکە ئەوەبوو بەهۆی باڵادەستی و زاڵبوونی سربیا بەسەر یەکەکانی دیکەدا و ئەو ڕاستیەی ئەفسەر و فەرماندە سربیەکانی باڵادەستبوون بەسەر سوپادا، ئەوەش بەشێوەیەکی تایبەتی مەسەلەکەی دژوار کرد، لەبەر ئەوەی سربیا توانای سەربازی هەبوو بۆ سەرکوتکردنی جیابوونەوەی دەوڵەتەکانی دیکەی یوغسلافیا. بۆ بیرکردنەوە لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی فیدرالیزمەوە تا ڕادەیەك پێویستت بە تێگەیشتن هەیە لەوەی سوپا چییە لە سیستمی فیدرالیدا.

*** لە عێراقدا کە فرە نەتەوە و فرە ئیتنیە، دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو لەڕووی نەزەریەوە دەستووری عێراق لەسەر بنەماکانی فیدرالیزم نووسراوەتەوە، بەڵام هەشت ساڵ تێپەڕیوە و هێشتا حکومەتی عێراق ئەیەوێت مەرکەزیانە کاروبارەکانی بەڕێوەببات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر وڵاتەکە فیدرالیزمی نەوێت ئایا هێزە دەرەکیەکان دەتوانن کارێك بکەن فیدرالیزم سەرکەوتوو بێت تێیدا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە، ئەوەی زیاتر دۆخەکەی ئاڵۆزکردووە لە حاڵەتی عێراقدا بریتییە لە کوردەکان، ئەو شتەی هەمیشە لە یادت دەبێت کاتێك باس لە فیدرالیزم و ئیتنیەت دەکەیت، بریتیە لە پێوەندیی نێوان هەرێم و ئیتنیەت یان ئاین. بە دەربڕینێکی دیکە ئەوەیە جیاوازیەکی گەورە دروست دەکات، ئەوەیە ئایا کەمینەیەکی ئیتنی لە هەرێمێکی دیاری کراودا چڕبوونەتەوە، یان پەرتەوازەن. یاخود ئایا گرووپی ئیتنی و ئاینی جیاواز هەن کە لە هەمان شوێندا چڕنەبوونەتەوە، ئەگەر مەبەستەکەی من تێبگەن. لەبەر ئەوەی فیدرالیزم تەرتیبێکی ئیقلیمیە، یەکەی فیدرالی جیاواز هەن و لە چوارچێوەی دەوڵەتەکەدان و لە سایەی دەستووریکدا

**ئەگەری ئەوە هەیە دەوڵەتێکی فیدرالی لەبەریەکهەڵوەشێت و یەکە فیدرالیەکان سەرکەوتووبن و ئاشتیانە ببنە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ**

مافەکانیان دەستەبەر کراوە، بەڵام کێشەی کورد لە عێراقدا، کە لەڕووی مێژووییەوە گەلێك جار ئەم کێشەیە ڕوویداوە، لە هەمان کاتدا کەمینەیەکی ئیتنین لەو دەوڵەتانەی دیکەدا کە هاوسنوورن لەگەڵ عێراقدا، بۆتەهۆی ئەوەی چارەسەری فیدرالی ئەوەندەی دیکە قورستر بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر سیستمێکی فیدرالی لە عێراقدا هەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا پێوەندی نێوان کوردەکانی عێراق بە کوردەکانی تورکیا یان ئێرانەوە چی دەبێت؟ ئەمە خاسیەتێکی تایبەتی دۆخی عێراقە.

*** هەندێ شت لە عێراقدا ڕوودەدات دەبێتەهۆی ئەوەی خەڵکی بیانەوێت پێکەوە بمێننەوە، لە کاتێکدا هەندێ شتی دیکە ڕوودەدات دەبنەهۆی ئەوەی خەڵکی خوازیاری ئەوەبن لێکدووربکەونەوە و جیاببنەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا، بەڵام شتێك کە ڕەنگە پێویست بێت بیری لێبکەنەوە. من نازانم ئێوە مێژووی یوگسلافیاتان لەبیرە یان نا، بەڵام گۆڕانێکی ڕیشەیی ڕوویدا، کاتێك ئەڵمانیا ئیعترافی بە کرواتیا کرد، ئەمە ئاماژەیەك بوو کە جیهان ئامادەیە بۆ ئەوەی لەبەریەکهەڵوەشانی یوگسلافیا ببینێت، لەبری ئەوەی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە خوازیاربوون ئامادەنەبوون سەربەخۆیی یاخود ئیعتیراف بە هەرێمەکان بکەن، واتە پێداگیریان کرد لەسەر ئەوە تەنیا ئەو کاتە یوگسلافیا یارمەتی ئابووری پێدەدرێت و دەرفەتی ئەوەی پێدەدرێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا کە بە یەککگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام هەر کە ئەڵمانیا ئیعترافی بە ئۆتۆنۆمی کرواتیا کرد، ئیتر ئەمە هەرەسی هێنا و پەیامەکە ئەوەبوو نەخێر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوازیاری ئەوەیە- ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت- یوگسلافیا لەبەریەکهەڵوەشێت، واتە جیهان ئامادەبوو بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات و پشتیوانی لە ئۆتۆنۆمی یەکە فیدرالیەکانی پێشوو بکات. بەدڵنیاییەوە حاڵێ حازر هەمان شت لە کۆسۆڤۆدا ڕوودەدات. کێشەی عێراق ئەوەیە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و هێزە دەرەکیەکان هەیە، کە هەموو هێزە دەرەکیەکانی خاوەنی دانیشتووانی کوردن لە وڵاتەکانیاندا. لەبەر ئەوە هەمیشە ئەگەری جیابوونەوەی کوردستان یان هەر ناوێکی دیکەی هەبێت لە عێراقدا، ئاکامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەسەر سیاسیەتی ناوخۆیی تورکیا، ئێران و وڵاتانی ناوچەکە، کاریگەری بەهێزی دەبێت لەسەر سیاسەتەکانیان. ئەمە کێشەیەکی تایبەتە.

*** ئێمە دەزانین پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام ناوچەیەك هەبوو کە بە حوکمی ئەمری واقیع سەربەخۆ بوو، ئەویش کوردستان بوو، ئەمە بە پێچەوانەی تایوانەوە، کوردستانێك بەشێکە لە عێراق؟**

- ئەوە خاڵێکی جوانە، لەبەر ئەوەی تایوانی و چینیەکان شان بە شانی یەکتر دەژین، هیچ بەربەستێکی فیزیکی نییە لێکیان جیابکاتەوە، بەڵکو لە هەمان شوێندا دەژین، ئەگەرچی ئەسڵێکی ئیتنی جیاواز و لەهجەی چینی جیاوازیان هەیە، بەڵام ئەمە حاڵەتەکە نییە لە پێوەندیدا بە کوردەکانی عێراقەوە، لەبەر ئەوەی چڕبوونەوەیەکی فیزیکی هەیە، کە ئەتوانیت هەرێمێك دەستنیشان بکەیت، بەڵام چەند شار و ناوچەیەك هەن کە نەك هەر تەنیا دابەش

بووە بەسەر عێراقیەکاندا، بەڵکو دابەش بووە بەسەر مەزهەبی جیاوازی ئیسلامیش. چەمکێك هەیە پێی دەوترێت دیموکراسی تەوافوقی، کە هاوتەریبە بەڵام هاومانای فیدرالیزم نییە. نموونەیەکت بدەمێ، لە هۆڵەندا لەڕووی مێژووییەوە دابەشبوونێکی قووڵ هەبوو لەنێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکیەکاندا، کە وڵاتێکی فیدرالی نییە، بەڵکو لە ڕووی سیاسییەوە یەکێکە لە مەرکەزیترین وڵاتان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دابەشبوونانەدا، لە ساڵی ١٩١٤دا، لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا، گەیشتنە ئەوەی پێی دەڵێن ڕێککەوتنی تەوافوقی، کە ڕێککەوتنێك نییە بۆ دابەشکردنی هەرێمەکان، بەڵکو بۆ هاوبەشیکردن بوو لە پۆستەکانی حکومەتدا و بۆ دابینکردنی دارایی دەوڵەت بوو بۆ پەرەپێدانی سیستمی پەروەردەی ئایینی جیاوازی کاسۆلیکی و پرۆتستانت، هەروەها ئێزگەی ڕادیۆیی و کەناڵی تەلەفزیۆنی

**کێشەی عێراق ئەوەیە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و هێزە دەرەکیەکان هەیە، کە هەموو هێزە دەرەکیەکانی خاوەنی دانیشتووانی کوردن لە وڵاتەکانیاندا، ئەگەری جیابوونەوەی کوردستان یان هەر ناوێکی دیکەی هەبێت لە عێراقدا، ئاکامی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە**

و.. تاد، کەواتە لە ڕژێمێکدا کە ئاستێکی باڵای مەرکەزی پیادە دەکرێت، ئەوا نامەرکەزیەکی زۆر پیادە دەکرا، لەگەڵ ڕێگەچارەیەك بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکان لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیکەکان، دەبێت ئەمە جێی بایەخ بێت بە تایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە لەڕووی ئیقلیمیەوە دانیشتووانەکەی دابەش نەبوونە، یان تێکەڵاویەك هەبووە، کە ئەمە حاڵەتەکە بوو لە هۆڵەندا. لەبەر ئەوە ئەگەر کاسۆلیك بویتایە کە کەمینە بوو، ئەوا لە دوای ساڵی ١٩١٤ەوە مافی ئەوەت هەبوو سیستمی پەروەردەی خۆت هەبێت، هەروەها لەڕووی یاساییشەوە سیستمی خۆت هەبوو، کە هەردووکیان لەلایەن دەوڵەتەوە داراییان بۆ دابین دەکرا. هەروەها ڕێگەچارەیەك هەبوو بۆ دابەشکردنی داهاتەکان لەنێوان ناوچە کاسۆلیك و پرۆتستانتەکاندا، سویسرا نموونەی دیکەیە و نەمسا نموونەیەکی دیکەیە، لە سویسرا و نەمسا سیستمەکە فیدرالیە، بەڵام لە هۆڵەندا فیدرالی نییە.

*** واتە پێتان وایە دەبێت ئەمە لە عێراقدا پیادە بکرێت؟**

- بەڵێ، ئەوە ئایدیا سەرەکیەکەیە، سیستمی تەوافوقی پێوەندی بەوەوە نییە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی هەرێمەکاندا دەکەیت، بەڵکو پێوەندی بە بنەمای ڕێژەیی بوونەوە هەیە کە هەمووان ڕێککەوتوون لەسەری، چۆن سەرچاوەکانی دەوڵەت دابەش دەکەیت، چۆن کارێك دەکەیت ئەو سەرچاوانە ببنەهۆی ئەوەی گرووپە ئیتنی یان ئایینە جیاوازەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی حەسری-ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت-پەروەردە بکرێن و پێوەندی لەگەڵ یەکدا ببەستن.

*** بەڵام ئایا دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام بدرێت لە نێوان کوردستاندا، کە حکومەتێکی دیموکراتی و هەڵبژێردراوی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی، کە هەرچەندە هەڵبژێردراوە، بەڵام سەرۆك وەزیران هەنگاو بەرەو ئۆتۆکراتی دەنێت؟**

- ئەمە پرسیێکی جێی بایەخە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ئەزموونی ئەورووپاوە بڕوانین، ئەوا وەڵامەکە نەخێرە، واتە لە وڵاتانێکی وەك هۆڵەندا، هەروەها لە ئەزموونی سەرەتای نەمسا و هەمیشە لە سویسرا، زۆر گرنگ بوو ئەو گرووپانەی سەرچاوەکانیان بەسەردا دابەشکرابو و ئاستی ئۆتۆنۆمی بەخشراو بە یەکە فیدراڵیەکان لە سویسرا یان نەمسا لەسەر ئەوە وەستابوو کە هەموو ئەو یەکانە دیموکراتی بوون، تەنانەت ئەگەر یەکەیەکیش سیستمی پارتایەتی جیاواز، یان گرووپی بەرژەوەندی جیاوازی هەبوایە. ئیسپانیا نموونەیەکی زۆر باشە لەو ڕووەوە. لەبەر ئەوەی ئیسپانیا و یەکەکان هەموویان دیموکراتین، بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز دیموکراتین، واتە پارتی مەحەلیت هەیە لە کەتەلۆنیا و ئەنگالیسیا، بەڵام ئەو ڕاستیەی کە هەموویان دیموکراتین، ئەگەر بەشێوەیەکی جیاوازیش بێت یارمەتیدەر بووە لە گەیشتن بە ڕێککەوتن و لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە. واتە تۆ دوو کێشەت هەیە، یەکەمیان دابەشکردنی دەسەڵاتە لەسەر

**دەبێت زۆرینە وەك پێویست مرونەتی هەبێت بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمیەکی زیاتر و سەرچاوەی زیاتر بە کەمینە، بەم شێوەیە تەوافوق سەرکەوتوو دەبێت**

ئەساسێکی عادیلانە، کە ئەوە فیدرالیزمە، بەڵام دابەشکردنی داهات یاخود هاوبەشیکردنی لە دارشتنی سیاسەتدا، ئەوەیان بریتییە لە تەوافوق. کێشەی دووەم بریتییە لە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە، واتە وەك ڕێککەوتنێکی کاتی سەیر نەکرێت کە ئەگەر هاتوو هەر لایەنێك بەهێز یاخود هەستی کرد وەك پێویست بەهێزە، ئەوا تەجاوزی ڕێککەوتنەکە بکات و بەو شێوەیە ڕەفتار بکات کە دەیەوێت. لەبەر ئەوە سەرەتا پێویستت بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکە لەبارەی خاك و داهاتەوە، دواتر پێویستت بە پەرەپێدانی متمانەی پێویست هەیە کە هەردوولا پابەندبن بە ڕێککەوتنەکەوە. پێموایە عێراق کێشەیەکی تایبەتی هەیە کە لێکچوو نییە لەگەڵ هیچ یەکێك لەو کێشانەی من دیراسەتم کردووە لە ئەورووپا یان لە ئەمریکای لاتین، ئەویش ئەوەیە ئەو سەرچاوەیەی دەبێت دابەش بکرێت تەنیا نەوتە، واتە هەمەچەشنیەك لە ئابووریەکەدا نییە، هەمەچەشنیەك لە سیستمەکانی سەپاندنی باجدا نییە.

*** ئایا لە جیهاندا وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئیتنی هەیە کە پێکهاتە جیاوازەکانی یەکیان گرتبێت لە سیستمی فیدرالیدا، بەڵام لە هەمان دیموکراتی نەبێت، ئەمە جگە لە ئیمارات، لەبەر ئەوەی وڵاتێکی فرە نەتەوە نییە؟**

- ئێمە جیاوازی دەکەین لەنێوان فیدرالی و کۆنفیدرالیدا، مەزەندەی من ئەوەیە لە ڕاستیدا ئیمارات کۆنفیدرالی بێت، لەبەر ئەوەی ئیمارەتەکان ئاستێکی باڵای ئۆتۆنۆمیان هەیە، کە دەسەڵاتێکی زۆر یان سەرچاوەیەکی زۆر یان بە مەرکەزیکردنێکی زۆر لەسەر ئاستی وڵاتەکە نییە بە تێکڕا. لە ڕاستیدا ڕوونترین، یاخود سەختترین حاڵەت، کە ئەوە دەردەخات ئەمە چەند ئەستەمە بریتییە لە نەیجیریا. کە وڵاتێکی فیدراڵیە، بەڵام سەرکەوتوو نییە، بە تەواوەتی گەندەڵە و هیچ کەسێك نییە لە جیهاندا بیەوێت لاسایی نەیجیریا بکاتەوە. هەروەها لە عێراقدا تاکە سەرچاوە بریتییە لە نەوت،

ئاشكرایە ئەم كێشەكە زۆر دژوارتر دەكات.
لە راستیدا نزیكترین وڵات بتوانم بیری لێبكەمەوە بریتییە لە مەكسیك، كێشەكە لە مەكسیك ئەوەیە دابەشبوونی ئیتنی، لە نێوان خەڵكە ئەسڵییەكەدا، كە دابەشبوون بوونە بەسەر گرووپە ئیتنیە جیاوازەكاندا، كە پێش گەیشتنی ئیسپانیەكان لەم وڵاتەدا نیشتەجێ بوون، دواتر تێكەڵبوونێك لەنێوان ئەوروپییەكان و خەڵكی ئەسڵی وڵاتەكە دروست بوو، كە دەكرێت بووترێت ئیسپانیا وڵاتێكی فرە نەتەوەیە، بەڵام بە شێوەیەك نا كە لە عێراقدا بەكاربهێنرێت، بە دەربڕینێكی دیكە مەكسیك دابەشبوونی ناوخۆیی كەمتری هەیە، بە بەراورد بە عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا رژێمێكی خۆسەپێن هەبوو لەدوای شۆڕشی ١٩٢٠ـەوە، واتە لەو ساڵەوە تاوەكو دە ساڵ پێش ئێستا. لەبەر ئەوە مەكسیك وڵاتێكی فرە نەتەوە و فیدراڵی بوو كە لەلایەن پارتێكی دیاری كراوەوە باڵادەست بوو. كەواتە ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو شتەی لەسەرەتاوە وتم، ئەگەر بەدوای چارەسەرێك لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دەگەڕێیت، ئەوا ئەوەی لە رابردوودا بەكارهات، لە حاڵەتی سۆڤیەت، حاڵەتی یوگسلافیا و حاڵەتی مەكسیك، ئەوا تاقە پارتێكی باڵادەستت هەبوو، واتە لەرووی نەزەرییەوە فیدراڵیزم هەبوو، بەڵام فیدراڵیزم پیادەكردنێكی عەمەلی سنووورداری هەبوو، لەبەر ئەوەی هەر یەكەیەكی فیدراڵی باڵادەستی و زاڵبوونی تاقە پارتێكی تێدا بەدی دەكرا، كە ئاشكرایە ئەمە لە عێراقدا روونادات. لەبەر ئەوەی پارتێكی باڵادەست لە ئارادانییە.

*** دوا وتەت چییە؟**

من باوەڕم بە دوو سێ شت هەیە. زۆربەی ئەو شتە موعجیزە ئاساییانەی لە جیهانی ئێستادا روودەدەن، كە دەگەڕێنەوە بۆ بوونی بە جیهانی بوون، كە ئەتوانێت لە یەك كاتدا قەوارەیەكی بچووك و گەورەت هەبێت، ئەمە هانی دروستبوونی یەكەی سیاسی بچووك و بچووكتر دەدات، رەنگە ئەمەش شتێكی باش بێت، ئەگەر لە مێژوو بڕوانیت، بۆ نموونە سلۆفاكیا و كۆماری چیك، كە لە دوای دابەشبوونەوە بارودۆخیان باشترە، بارودۆخیان باشترە لەو سیاقەدا لەبەر ئەوەی ئەندامی یەكێتی ئەوروپان، ئەمەش واتا تۆ ئەتوانیت یەكەیەكی سیاسی بچووك بیت، بەڵام ئەتوانیت ببیتە بەشێك لە سیستمێكی ئابووری گەورەتر، تۆ بازرگانی و پەیوەندی كراوەت هەیە لەگەڵ جیهانێكی گەورەتردا، لە كاتێكدا ئەتوانیت بچووك بیت لە سەر ئاستی بڕیاری سیاسی و بوونی تایبەتمەندی دیاری كراو، لەبارەی زمان و مێژوو و شتەكانی دیكەوە، ئەویش وەك یەكەیەكی بچووك. ئەمە یەكێكە لە شتە سەرنجڕاكێشەكان لە جیهانی ئێستادا، هەر ئەمە هۆكاری ئەوەیە كە زۆرێك لە فیدراڵیەكان، مەبەستم بەلجیكایە، مەبەستم كەنەدا و هەموو سیستمە هاوشێوەكانی دیكە كە لەبەریەك هەڵناوەشێن، بەڵكو زیاتر بە نامەركەزی دەبن و دەسەڵات دابەش دەكەن، ئەویش بەهۆی بوونی ئەو هۆشیارییەوە كە دەكرێت وڵاتە بچووكەكان لە جیهانی ئێستادا ئەدایەكی زۆر باشیان هەبێت، لەبەر ئەوەی لە هەمان كاتدا ئەتوانن ببنە بەشێك لە بازرگانی ئازاد، یاخود رێكخراوێكی ئیقلیمی یان هەر شتێكی دیكە كە هەبێت. لە رابردوودا ئەگەر سەربەخۆیی بە دەستبهێنایە، ئەوا دەبوو ئابوورییەكی زیاتر ئۆتۆنۆمیت هەبێت، بە دڵنیاییەوە ئەوەش نرخێكی زۆر گران بوو كە دەبو بیدەیت، بەڵام لە ئێستادا ئەتوانیت وڵاتێكی بچووك و گەورە بیت لە هەمان كاتدا، ئەمە جیاوازییەكی گەورەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە كوردستانەوە هەبێت، ئەوا ئەمە دەوەستێتەسەر ئاستی پەیوەندی ئەو یەكە ئۆتۆنۆمیانە، جا لە چوارچێوەی عێراقدا بن، یاخود بە تەواوەتی ئۆتۆنۆمیان هەبێت، لەگەڵ توركیا، سوریا و ئێران و ئەو بەشەی لە عێراق دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئەوان چۆن كاردانەوەیان دەبێت. لە حاڵەتی چیك و سلۆفاكیادا، وڵاتە ئەوروپییەكانی دیكە رایانگەیاند باشە، ئێمە بایەخ بەو مەسەلەیە نادەین و ئێمە هەردووكتان لە خۆدەگرین و هەردوو وڵاتیش لە دۆخێكی باشتردان بەهۆی ئەمەوە. لە عێراقدا كێشە ئەوەیە ئێوە نازانن و منیش نازانم كامانە خەڵكی عێراقن، تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ لە یەكەیەكی سیاسیدا ژیاویت كە لە رابردو و ئێستاشدا پێی دەوترێت عێراق ئەمە گریمانەیەك دەهێنێتە پێشەوە كە دەقاو دەق مایەی پرسیار و گومانە. لەبەر ئەوە كاتێك دەڵێیت كە دەبێت عێراقیەكان بڕیار بدەن، ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا كامانەن خەڵكانی عێراق، ئایا كوردستان، یان ناوچەكانی دیكە كە خەسڵەتی دیاری زمانەوانی و ئاینی خۆیان هەیە، چونكە ئەگەر بڵێیت ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵكی عێراق دەگەڕێتەوە بڕیاری لەسەر بدات، ئەوا باقی خەڵكانی دیكەی عێراق پێكەوە لە كورد گەورەترن، لەبەر ئەوە كاتێك دەڵێیت ئەم مەسەلەیە دەبێت عێراقیەكان بڕیاری لەسەر بدەن، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە دێت كە كوردەكان مافی بڕیاردانی چارەنووسیان نییە، لەبەر ئەوەی ئەو كاتە مافەكانیان لە لایەن عێراقیەكانی دیكەوە وەك یەك گرووپ تەجاوز دەكرێت. بەلای منەوە دەقا و دەق ئەوە پرسیارەكەیە، لەبەر ئەوە من پرسیار دەكەم كێن خەڵكانی عێراق؟ بە دەربڕینێكی دیكە دەبێت كێ ئەم بڕیارە بدات لەبارەی دابەشكردنی دەسەڵاتەوە، دابەشكردنی داهات و.. تاد. بە ڕوانین لە ئەزموونی ئەوروپا وەڵامەكە بریتییە لە گەیشتن بە رێگەچارەی مامناوەند، كە ئەمەش نزیكەی لە هەموو حاڵەتەكاندا یەكە، بۆ نموونە ئەگەر باس لە ئەڵمانیەكانی سویسرا بكەین لە بەرامبەر فەرەنسیەكانی ئەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوەی ئەڵمانیەكان سێ تا چوار ئەوەندەی فەرەنسیەكانن، بەڵام دابەشبوونەكە لەبەرژەوەندی كەمینەدا بوو، لەبەر ئەوە دەبێت زۆرینە وەك پێویست مرونەتی هەبێت بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمیەكی زیاتر و سەرچاوەی زیاتر بە كەمینە، بەم شێوەیە تەوافوق سەركەوتوو دەبێت.

**ئەگەر سیستمێكی فیدراڵی لە عێراقدا هەبێت، ئەوا راستەوخۆ ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا پەیوەندی نێوان كوردەكانی عێراق بە كوردەكانی توركیا یان ئێرانەوە چی دەبێت؟**

**سیستمی تەوافوقی پەیوەندی بەوەوە نییە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتەكان لەسەر ئاستی هەرێمەكاندا دەكەیت. بەڵكو پەیوەندی بە بنەمای رێژەیی بوونەوە هەیە كە هەمووان رێككەوتوون لەسەری**



کریستیان ئایزبل زوبیر بۆ گوڵان:

# عێراق دەوڵەتێکی وەحدویە بۆ هەرێمی کوردستان باشترە لەبری فیدراڵی بیر لە فیدەرەسی بکرێتەوە

**پرۆفیسۆر کریستیان ئایزبل زوبیر ئوستادی سیاسەتی بەراوردکارییە لە زانکۆی کۆڵن لە ئەڵمانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر بەراوردکاری نێوان سیستمە فیدرالیەکان و ململانێی پارتە سیاسییەکان و سیاسەتی باشووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بۆ قسەکردن لەسەر سیستمە فیدرالیەکان لەجیهان و فاکتەرەکان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، خاتوو کریستیان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** ئەوە ئاشکرایە کە فیدراڵیزم رێگەیەکە بۆ پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لە وڵاتەکەدا، بەڵام ئەزموونە سەرکەوتووەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی بێ بوونی دیموکراسی فیدراڵیزم بە ئاسانی سەرکەوتوو نابێت، وەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و وڵاتانی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بینیمان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی فیدراڵیزم لە غیابی دیموکراسیدا سەرکەوتوو نابێت؟**

- ئەم پرسیارە دوو لایەنی هەیە. کە هەردووکیان پێوەندیان بەو نموونانەوە هەیە کە ئاماژەتان پێکردووە کە هۆکاری ئەم شکستهێنانە شیدەکەنەوە:

یەکەمیان ئایا بێ بوونی دیموکراسی فیدراڵیزم مومکینە. کێشەی بەستنەوەی سیستمە نادیموکراتیەکان لەگەڵ فیدراڵیزمدا ئەوەیە کە پێناسەی فیدراڵیزم بریتییە لەوەی حکومەتی هەرێمەکان کە لە ڕووی دەستووریەوە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێت کە ناتوانرێت یەکلایەنە لەلایەن مەرکەزەوە هەڵوەشێنرێتەوە. ئەگەر تەنیا پارتێك کۆنترۆڵی مەرکەز و هەرێمەکان بکات(واتە ڕژێمەکە ئۆتۆکراتی بێت)، ئەوا چۆن هەرێمەکان دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی بڕیاردانیان دەبێت؟ لەوەش زیاتر، چ ڕژێمێکی نادیموکراتی دەسەڵاتەکانی خۆی دەداتە دەستوورێکی بەهێز و دادگایەکی دەستووری سەربەخۆ؟ لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بە دادگایەکی دەستووری بەهێز هەیە لە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا وەك دەستەیەکی باڵا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان مەرکەز و هەرێمەکان، ناکۆکیەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و سەرچاوەکان کە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوودەدەن کاتێك دەسەڵات لەسەر چەند ئاستێکی حکومەت دابەش دەکرێن، ئەو کاتە، چەند بەرپرسێکی حکومەت کە ئەجێندای دەسەڵاتی خۆیان هەیە. کەواتە بێ بوونی دیموکراسی دەستووری، ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی هەرێمەکان بوونی نابێت و ئەو کاتە دەستەیەکی باڵا نابێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان ئاستەکانی حکومەت، ئەو کاتە فیدرالیزمێکی سەرکەوتوو لە ئارادا نابێت بە مانا ڕاستەقینەکەی دەستەواژەکە.

سەبارەت یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و یوگسلافیای پێشوو، ئەم دوو دەوڵەتە نەك هەر تەنیا نادیموکراتی نەبوون، بەڵکو دەسەڵاتەکەشیان لەسەر بنەمای ئیتنی بوو، ئەنجامی ئەمەش، بە تایبەتی لە یوگسلافیا، ئەوەبوو هەر مشتومڕێك، هەر ناکۆکیەکی سیاسی نێوان یەکەکانی فیدراڵیەتەکە بە

ئاسانی وەك ناكۆكیەكی ئیتنی لێكدەدرێتەوە. لەوەش زیاتر، فیدراڵیزمـــی ئیتنی، نیمچە دەوڵەتێك بۆ گرووپـــە ئیتنی- نەتەوەیی یان ئاینیەكان دابین دەكات. لایەنە ئیجابیەكەی ئەوەیە یارمەتیدەرە لە ڕێكخســتنی ناكۆكی ئەگەر گرووپە ڕكابەرەكان متمانەیان بە یەكتر نەبوو و تەفزیلی ئەوەیـــان دەكرد كەخاوەنی حكومەتی هەرێمی خۆیان بن، كە پێكهاتبێت لەو نوێنەرانەی هاوبەشن لە پێناسەی ئیتنی و ئایینیانـــدا، بەڵام لایەنە ســـلبیەكە ئەوەیە ســـەرچاوە بۆ گرووپەكان دابیـــن دەكات بۆ ئەوەی دەوڵەتی خۆیـــان پێكبهێنن، ئەمە لە كاتێكدا كە ئیدارەیەكی ســـەركەوتوویان هەیە و خاوەنی هەموو دامـــەزراوە پێوەندیدارەكانن لەسەر ئاستی خوار دەوڵەت. ئەمەش ئەگەری جیابوونەوە و دووبارە شكســـتهێنانی دەوڵەتی فرە نەتەوە زیاتر دەكات. لەبەر ئەوە هەندێ لە شارەزایان پشتیوانیان لەوە كردووە سنوورەكان بە چەشنێك بكێشرێن كە هێڵی ناسنامە ئیتنی و یان ئایینیـــەكان ببڕن و هەرێمێكی دیاری كراو ئەندامانی گرووپـــی ئیتنی جیاوازی لەخۆ گرتبێت نەك بە شـــێوەیەك بن گروپەكان لێكجیابكاتـــەوە. بە دڵنیاییەوە پرسـیاری ئەوەی ئایا دەكرێت ئەمە لەنێو ئەو گروپانەدا بهێنرێتەدی كە بێتمانەییەكی قووڵ هەیە لە نێوانیاندا، پرسیارێكی دیكەیە.

*** یەكێتـــی ئەوروپا كە فیدراسـیۆنێكە و لـــە ٢٧ وڵات پێكهاتووە، پێشـــمەرجی بە ئەندامبوونـــی ئەوەیە وڵاتەكـــە دیموكراتی بێـــت، هەروەها دەســـتووری یەكێتی ئەوروپا چەند مەرجێكی داناوە كـــە بناغەی لیبرال دیموكراســـین، ڕاڤە و لێكدانەوەی ئێوە چیە لەم بارەیەوە؟**

- حاڵـــی حـــازر یەكێتـــی ئەوروپا ٢٧ دەوڵەتـــی ئەندامـــی هەیـــە. بەڵـــێ چەند پێوەرێك هەن لەبارەی بەهـــا دیموكراتیەكان كـــە لە پێوەركانی كۆپنهاگنـــدا هاتوون، كە لە لوتكەی كۆپنهاگـــن لە ١٩٩٣دا دانران. جێبەجێكردنیان پێشمەرجێكی گرنگە بۆ بوون بە بەشـــێك لە یەكێتیەكە. ئەمە ســـەرەڕای مەرجە ئابوورییەكان كە بـــاش زانراون، ئەوا ئەو وڵاتانەی خوازیـــاری ئەوەن پێوەندی بە یەكێتی ئەورووپاوە بكەن، دەبێت كار بكەن بۆ ســـەقامگیری ئەو دامەزراوانەی گەرەنتی دیموكراســـی، سەروەریی یاســـا، مافەكانی مرۆڤ و ڕێزگرتن و پاراســـتنی كەمینەكان دەكەن. بۆ نموونە، مەســـەلەی مامەڵەكردن لەگـــەڵ كەمینەكانـــدا بووە كێشـــەیەك لە مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو كەمینەی ئیستۆنیا كە بە ڕووسی قسە دەكەن.

**ئەگەر تەنیا پارتێك كۆنترۆڵی مەركەز و هەرێمەكان بكات(واتە ڕژێمەكە ئۆتۆكراتی بێت)، ئەوا چۆن هەرێمەكان دەسەڵاتێكی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی بڕیاردانیان دەبێت؟**

*** بۆ چارەسەركردنی ناكۆكیە ئیتنیەكان بە شـــێوەیەكی گشـــتی ئەمریكا و وڵاتانی ئەورووپا هەوڵدەدەن ئەم گروپە ئیتنیە جیاوازانە لە یـــەك وڵاتدا و لـــە ســـایەی فیدراڵیدا كۆبكەنەوە، بـــەڵام دوای ئـــەوەی وڵاتەكە ناتوانێت دیموكراسی بەرهەم بهێنێت و دوای ئەوەی توندوتیژی و كوشتارێكی زۆر دروست دەبێت، وەك لە یوغسلافیای پێشوودا بینیمان، ئەوا دەبینیـــن كە ئەو گروپە ئیتنیانە دابەش دەبـــن و جیادەبنـــەوە، ئایا تـــا چ ڕادەیەك كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەرسی لە ئەزموونی یوغسلافیای پێشوو وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی لە سەدەی بیستداین و نابێت ناچاریان بكەین پێكەوەبن، ئەگەر خۆیان خوازیاری ئەمە نەبن، لەبەر ئەوەی ئەمە توندوتیژی لێدەكەوێتەوە؟**

- پێموانییە بەهیچ شێوەیەك كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستێكی یەكگرتووی لەسەر ئەساسێكی گشـــتی هەبێت لەم بارەیەوە. بە پێچەوانەوە باوەڕم وایە تەنیا پاڵنەری پشـــت هەڵوێســـتی وڵاتـــان لەبـــارەی قبوڵكردنی جیابوونەوە یـــان ڕەتكردنـــەوەی بریتییە لە بەرژەوەندیە ســـتراتیجیەكان. بـــۆ نموونە لە هەڵوێستی هەڕەمەكی ئەمریكا بڕوانە لە ئاست كۆسۆڤۆدا (كە پشـــتگیری لە سەربەخۆیی كرد) لە ئۆسیتیای باشور (دژی سەربەخۆیی بوو، لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی لەبەرژەوەندی ڕوسیا بوو). كەواتە بنەمایەكی گشتی نییە، تەنانـــەت ڕێككەوتنیش نییە لەبارەی حاڵەتە تایبەتیەكانـــەوە- بۆ نموونە هێشـــتا هەندێ ئەندامی یەكێتی ئەوروپا، وەك ئیســـپانیا و

**تەنیا پاڵنەری پشت هەڵوێستی وڵاتان لەبارەی قبوڵكردنی جیابوونەوە یان ڕەتكردنەوەی بریتییە لە بەرژەوەندیە ستراتیجیەكان، بەرژەوەندی ستراتیجی ئەوان ئەوەیە سابقەیەك دروست نەبێت بۆ جاڕدانی یەكلایەنەی سەربەخۆیی**

سلۆفاكیا ئیعتیرافیان بە كۆسۆڤۆ نەكردووە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی كەمینەی جوداخوازیان هەیە لە وڵاتەكانیانـــدا، كەواتە بەرژەوەندی ســـتراتیجی ئەوان ئەوەیە سابقەیەك دروست نەبێت بۆ جاڕدانی یەكلایەنەی سەربەخۆیی.

*** هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە باشترین چارەســـەر بۆ ناكۆكیە ئیتنیەكان بریتییە لە جیاكردنـــەوەی گرووپە ئیتنیـــەكان لە یەكتر بـــۆ ئەوەی دەرفەتی ئەوەیـــان هەبێت خۆیان دیموكراســـی بونیاد بنێین، بۆ ئەوەی دواتر خۆیان لێكنزیك ببنەوە و فیدراڵیزم پێكبهێنن، تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا؟**

- من تەنیا تا ڕادەیەكی دیاریكراو هاوڕام. كاتێك بوونی كەمینە نەتەوەییەكان ڕووبەڕووی هەڕەشـــەیەكی توندبـــووە لەلایـــەن ڕژێمی پێشووەوە، ئەوا زەمینەیەك نییە بۆ بونیادنانی دیموكراســـیەكی هاوبـــەش. لەبـــەر ئەوەی ئەگەری زۆر ئەوەیـــە كەمینە ئامادە نەبێت شەرعیەتی دیموكراتی بە گروپی زۆرینەی حكومـــڕان بە ڕەوا بدات. لـــە دەرئەنجامدا، ناســـەقامگیریەكی بەردەوام لە ئارادا دەبێت لەنێو بەشـــێكی گەورەی دانیشـــتواندا كە ئیعتیراف بە دامەزراوە دیموكراتیە هاوبەشەكان ناكات. ئەمە حاڵی كۆســـۆ ئەلبانیەكان بوو. ئەگەرچی لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە جاڕدانی یەكلایەنەی ســـەربەخۆیی مایەی گرفت بوو، ئەوا لە ڕوانگەیەكی سیاسییەوە، هیچ زەمینەیەك نەبوو كۆسۆڤۆ ئەلبانیەكان حكومەتی سربیا وەك حكومەتێكی شەرعی قبـــوڵ بكـــەن. بۆ دیموكراســـی شـــتێكی یەكلاكەرەوەیـــە، كـــە تەنانـــەت ئەگەر ئەو پارتەی پاڵپشـــتی لێدەكەیـــت بیدۆڕێنێت، ئەوا تۆ هێشـــتا بڕیارەكانی ئەو حكومەتەی بە شـــێوەیەكی دیموكراتـــی هەڵبژێردراوە بە شەرعی دەزانیت. ئەگەر ناڕەزایی و سكاڵای تونـــدت لـــە ناڕەوایی بوونـــی هەبێت، ئەوا ئاسانتر ئەتوانرێت شەرعیەتی دیموكراسی و متمانەی سیاسی هاوولاتیان بە بڕیارەكانی حكومـــەت لـــە دیموكراســـیەتێكی جیادا بەدەستبهێنرێن كە سەرچاوەكەی ناسنامەی هاوبەش بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، من وتم تەنیا تا ڕادەیەك هاوڕام، لەبـــەر ئەوەی زۆرجار شێوازەكانی چارەسەر بە ئاسانی سەرناكێشن بۆ دابەشـــبوونی خاك، هەروەها دابەشكردنی دەوڵەتان بۆ یەكەی بچووكتر و لەسەر ئەساسی ئیتنی-سیاسی كەمینەی نوێ دەخوڵقێنێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو نموونەیەی پێشتر ئاماژەم پێكرد، كۆسۆڤۆ، ئەوا لە كۆسۆڤۆدا كەمینەیەكی سربی گرنگ هەن حكومەتی كۆسۆڤۆ بە شەرعی نازانن كە





پرۆفیسۆر جەمال ڕەسوڵ

...ڕاتیانە هەڵبژێدراوە. ...ڕێی ناسەقامگیری ... ئەمە یەکێکە لەو ...یزم وەك چارەسەرێك ...یت لەلایەن خەڵکەوە، ...ێمیەکان حکومەتی خۆیان دەبێت و بە شەرعیشی دەزانن، لە کاتێکدا هەندێ دامەزراوەی هاوبەش و بڕیاردانی هاوبەش هەیە لە سەر هەندێ مەسەلە. لە هەر حاڵەتێکدا، دەبێت پرسی کەمینەی نوێ لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆییان بەدەستهێناوە و بەدەستهێنانی وەلائیان بۆ دەوڵەتە نوێیەکە ئەولەویەتی یەکەمی هەبێت لەو موناقەشەیەی دەربارەی ئەگەری جیابوونەوە دەکرێت.

*** لە عێراقدا کە فرە نەتەوە و فرە ئیتنیە، دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو لەڕووی نەزەرییەوە دەستووری عێراق لەسەر بنەماکانی فیدراڵیزم نووسرایەوە، بەڵام هەشت ساڵە تێپەڕیوە و هێشتا حکومەتی عێراق دەیەوێت مەرکەزییانە کاروبارەکانی بەڕێوەببات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر وڵاتەکە فیدراڵیزمی نەوێت، ئایا هێزە دەرەکیەکان دەتوانن کارێك بکەن فیدراڵیزم سەرکەوتوو بێت تێیدا؟**

- دەتوانیت حاڵەتی بۆسنیا وەك نموونەیەك وەربگریت کە بە دڵنیاییەوە ئەم سەرکەوتوو نەبووە تێیدا، نەك بەهۆی بە مەرکەزیکردنەوە، بەڵکو بەهۆی بە نامەرکەزیکردنی زیاد لە پێویستەوە کە بووەهۆی ئەوەی دەوڵەت نەتوانێت کارایان حکومڕانی بکات. لەوێدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سیستمێکی فیدراڵی ئاڵۆز و موفەسەڵ و فرە ئاستی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات سەپاند بەهۆی ڕێککەوتنی دایتۆن لە ساڵی ١٩٩٤دا. تەواوی دەوڵەتی بۆسنیا و هێرزەگۆڤینیا دابەشکران بۆ دوو قەوارە، یەکێك لە قەوارەکان سیستمێکی فیدراڵیە. دەرئەنجامی ئەمە ئەوەبوو کە بەهۆی نوخبەکانی گروپی ئیتنی سرب و کرواتەکان خوازیاری دەوڵەتێکی هاوبەش نەبوون، ئەوا هەمیشە دامەزراوەکانی حکومەتی مەرکەزی بە بنبەست گەیشتوون، لەبەر ئەوەی قەوارەکان و هەرسێ گرووپە نەتەوەییەکە مافی ڤیتۆیان هەیە. بۆ ئەوەی سیستمی فیدراڵی سەرکەوتوو بێت، کە دووبارە مەرکەزیکردن یان بە نامەرکەزیکردنێکی زۆر هەبێت، ئەوا دەبێت دوو ئاست لە دڵسۆزی هەبێت، یەکێکیان بۆ دەوڵەتە هاوبەشەکە و بۆ دامەزراوە هاوبەشەکان و ئەوی دیکەیان بۆ دامەزراوە هەرێمیەکان. ناتوانرێت هیچ یەکێك لەم دووانە لە دەرەوەڕا بسەپێنرێن. بە دڵنیاییەوە دەکرێت لە دەرەوەڕا فشار هەبێت بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی بە هەرێمێك، بەڵام دووبارە- چی ڕووئەدات ئەگەر دادگایەکی سەربەخۆ نەبێت پەنای بۆ ببەیت کاتێك ڕێز لەم ئۆتۆنۆمیە نەگیرا؟ ئایا دەبێت بەردەوام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەڕێی هێزەوە دەستێوەردان بکات؟ من وەڵامێکی ڕوونم نییە بۆ ئەم پرسیارە. بەلای منەوە ڕەنگە چەمکێکی وەك «federacy» کە لە لایەن ئەلفرید ستێپانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، چارەسەر بێت، عێراق وەك دەوڵەتێکی وەحدەوی دەمێنێتەوە، ئەمە جگە لەو ئۆتۆنۆمیە تایبەتەی بە هەرێمی کوردستان بەخشراوە. دانیمارك (کە پێگەیەکی تایبەت دراوە بە گرینلاند و دوورگەکانی فارۆ) و فنلاند (ئۆتۆنۆمیەکی تایبەت بە دورگەکانی ئالاند).

**هەرگیز بیرم لە پێکەوە کۆکردنەوەی ناوەندێکی نادیموکرات و هەرێمێکی دیموکرات کە لە هەوڵی بە فیدراڵیکردنی دەوڵەتەکەدا بێت نەکردۆتەوە**

*** ئێمە دەزانین پێش ڕووخانی ڕژێمی سەددام ناوچەیەك هەبوو کە سەربەخۆ بوو، ئەویش کوردستان بوو، ئەمە بە پێچەوانەی تایوانەوە، کوردستانێك بەشێکە لە عێراق، بەڵام عێراق نە دیموکراتی و نە فیدراڵیە. کەواتە لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی دیموکراتیە چۆن ئەتوانێت مامەڵە لەگەڵ حکومەتێکدا بکات کە باوەڕی بە فیدراڵیزم نییە؟**

دەبێت ئەوە بڵێم کە هەرگیز بیرم لە پێکەوە کۆکردنەوەی ناوەندێکی نادیموکرات و هەرێمێکی دیموکرات کە لە هەوڵی بە فیدراڵیکردنی دەوڵەتەکەدا بێت نەکردۆتەوە.

# بنەما دەستلێنەدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

هەروەك ئاژانسی وزەی جیهانی بڵاوی کردۆتەوە لە ٢٠١٠دا، ئەوا ڕێژەیەکی بەرچاو لە سەرچاوەکانی وزەی جیهان کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاوە، ئەمە سەرەڕای بوونی سامانی کانزا گرنگەکان، هەروەها شوێنە مێژووییەکانی جیهان و چەندین سەرچاوەی گرنگی دیکە کە دەکرێت ئاستێکی بەرزی گوزەران بۆ دانیشتووانەکەی زامن بکەن.


دەکرێت بڵێین ئەگەر پلاندانانی باش هەبێت بۆ سوودوەرگرتن لە هەمەچەشنی جوگرافی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، ئەوا دەکرێت لە زۆر بواردا سەرمەشقی جیهان بکەن بۆ پێشکەوتن و ببێتە خۆشترین شوێنەکانی ژیان.

ئەوەی جێی داخە بۆ دەیان ساڵ ئەگەر نەڵێین چەند سەدەیەك، ئەم ناوچەیە بۆتە قوربانی دەستی کۆمەڵێك بنەمای دەستلێنەدراو کە ئیمکانی ئەوە نەبوو موناقەشەیان لەبارەوە بکرێت و سازشیان لەبارەوە بکرێت یاخود بگۆڕدرێن، کە بەهۆیەوە نەهامەتی، لەدەستدانی توانا و کارامەیی و نەبوونی پێشکەوتن بوونەتە شتێکی باو و تەواوی ناوچەکە و چۆتە لیستی ڕەشی جیهانی مۆدێرنەوە.

دیارترین بنەمای دەستلێنەدراو بریتیە لە دەستەواژەی »یەکێتی نەتەوەیی« کە لە گۆڕەپانەکانی شەڕی بەهاری عەرەبیدا دەیبیستین. لە هەر یەك لەم سیناریۆیانەدا، خاڵی سەرەکی ئەوەیە خەڵکەکە خوازیاری دووپاتکردنەوەی ئەمەن لە ژێر دروشمی یەکێتی نەتەوەییدا کە نادڵنیاییەکی ڕوون هەیە لەبارەی ئەوەی مانای ئەم دەستەواژەیە چییە.

گووتاری کۆنی یەکێتی نەتەوەیی لە ڕابردوودا و تا ڕاددەیەکی گەورە لە ئێستادا بەهۆی دروشمەکانی وەك « ئێمە هەمو عەرەبین، ئێمە هەموو فارسین، ئێمە هەموو تورکین» گوزارشتی لێدەکرێت، کە هەموومان ئەوەمان بەدی کرد نەتەوەکانی دیکەی چوارچێوەی سنوورەکانیان فەرامۆش دەکەن. هەموو ئەمانە بوونە هۆی بە هەدەردانی هەموو ئەو سەرچاوە سروشتی و مرۆییانەی خوا بەم بەشەی جیهانی بەخشیوە، لەبری ئەوە گرفتاربوون بەدەست ناسەقامگیری، دواکەووتویی، هەژاری و گەندەڵییەکی زۆرەوە. یەکێتی عەرەب بە یەکێتی سووریا و میسر لە سەرەتای ١٩٥٨دا دەستی پێکرد کە پەیوەست بوو بە یەکێتی نەتەوەیی عەرەبەوە، بەڵام درێژەی نەکێشا. ئەم پاشەکشەیە بووەهۆی ئەوەی سەرلەنوێ دەستەواژەکە پێناسەبکرێتەوە کە دواتر بۆ دەیەها ساڵ کار بۆ یەکێتی- ئازادی- سۆسیالیزم کرا لەلایەن ئایدلۆجیای بەعسەوە لە سوریا و عێراق کە هەر یەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز بوونەهۆی دواکەوتویی زیاتر، سەرکوتکاری زیاتر و کاولکاری زیاتر بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی نە یەکێتی و نە ئازادی و نە سۆشیالیزم یەك بست بەرەو پێشەوە نەچوون. لە هەموو ئەو ماوانەدا، ململانێی دەسەڵات و باڵادەستی سەرکردە لە ژێر ناوی جیاوازدا بەردەوام بوون و ئەمەش بووەهۆی دروستبوونی دوو جەمسەر بۆ پێناسەی ئەوەی نەتەوە چییە لەسەر ئەساسی سنووری ئەو وڵاتانەی لە چوارچێوەیدا دەژین.

لەو سیناریۆیانەی ئێستا لە ئارادان، پێشبینی دەکرێت یەکێتی نەتەوەیی بە مانای ئەو خەڵکانە بێت کە لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئێستادا دەژین، هەروەك ئەوەی لە میسر، یەمەن، لیبیا و سوریادا بینیومانە کە لە چوارچێوەی هەمان سنووردا بمێنێتەوەو لە سایەی تاقە سیستمێکی یەکگرتوودا حکومڕانی بکرێت. پێشبڕکێی ئەوەی کێ ئەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژتر ئاڵاکە بەرزبکاتەوە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینران. پەیامی سەرەکی خەڵك ئەوەیە کار بۆ ئەوە دەکەن بە هەڵە لێیان تێنەگەن بەوەی ئەوان کۆشش بۆ دابەشکردنی وڵاتە خۆشەویستەکەیان دەکەن، لەبەر ئەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتانە دەستلێنەدراون. ئەوان ئەوەیان لە یادچووە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی نائارامی و گرفتە گشتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو سنوورانەیە کەلەلایەن هێزە ئیمپریالیەکانەوە کێشراون، هەروەك خۆیان ناویان ناوە، کە زۆر ڕقیان لێیانەو دەیانەوێن خۆیانیان لێ بە دووربگرن. ئەوان ئەوەیان لەبیرچووە کە ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن هێزە ئیمپریالیەکان، لە ڕابردوودا و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بە چاوبڕین لە بەرمیلە نەوتەکان و بە فەرامۆشکردنی ئاڵۆزی ئەو کۆمەڵگەیانەی تێیدا دەژین ئەم سنوورانەیان کێشاوە. تێکەڵ و پێکەڵی دانیشتووانی ئەم سنوورانە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نائارامی و نەبوونی دیموکراسی، کە پێناسەی گونجاوی دیموکراسی زۆر ئاڵۆزترە ئەگەر بمانەوێت لە پێوەندیدا بە کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشنەوە ئەو پێناسەیە بکەین کە جیاوازیەکانیان زیاتر گەورە دەبێت وەك دەرئەنجامی سیاسەتە سەرکوتکاریەکانەوە کەلەلایەن حکومڕانەکانی ئەم کۆمەڵگەیانەوە کە بە زۆرداری کەمینە حکومڕانی ئەو خەڵکانەی کردووە کە لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانەدا ژیاون.



پرۆفیسۆر جەمال ڕەسوڵ

مەبەستی سەرەکی ئەم ڕاپۆرتە گەیاندنی پەیامێکە بۆ زانایان و ڕۆشنبیران و ئەو کەسانەی بایەخ بە ئایندەی ئەم وڵاتانە ئەدەن و بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییە لەبارەی هەر یەکێك لەم حاڵەتانەوە، ئەگەر دوای دەیان ساڵ لە جێبەجێکردنی سیستمەکە، دەرکەوت سیستمێکە لە زۆر ڕووەوە ناکارایە، نەك هەر تەنها بۆ خودی خۆی بەڵکو بۆتە سەرچاوەی گرفت بۆ باقی جیهان، ئەوا شتێکی سروشتیی و زەروورییە کە بگەڕێینەوە بۆ بناغە و گومان لە هەموو شتێك بکەین و هیچ شتێك بە پیرۆز نەزانین. هەروەك سروشتییە بۆ زانایەك کە پێداچوونەوە بە هەموو پێناسەو بەدیهیاتەکانی خۆیی بکات، ئەگەر سیستەمەکە گومان لێکراوەکە وەك ئەوەی پێشبینی دەکرا سەرکەوتوو نەبوو،کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی لەگەڵ هەمەچەشنیەکاندا بگونجێنێتەوە بۆ ئەوەی بیانکاتە سەرچاوەی ژیانێکی باشترو گەشەی ئابووری نەك ببنە سەرچاوەی گرفت و نائارامی کە بە دڵنیاییەوە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا یارمەتی نەدان. دەبێت ئەمە سنووری ئەم وڵاتانە لە خۆبگرێت و ڕێگە بدرێت بنەمای مافەکانی مرۆڤ تەبەنی بکرێن و پێشوازی لە دووبارە دارشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن بە خوڵقاندنی دانیشتوانێکی یەکرەنگتر کە هەستێکی باشتری ئینتیمایان هەبێت. ئەگەر هەرگیز ئەوە ڕوویندا، ئەوا باشترە ئەم کۆمەڵگەیانە ئارەزوومەندانە ئامادەیی هاوکاری بن و سوود لە هەمەچەشنی جوگرافی وەربگرن کە خوا پێی بەخشیون و باشتر جێدەستیان لەسەر جیهانی ئایندە هەبێت.

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی نائارامی و گرفتە گشتیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو سنوورانەیە کەلەلایەن هێزە ئیمپریالیەکانەوە کێشراون

# هەڵكشانی توندوتیژی..
# بێتوانایی هێزەكانی عێراقە
# لە كۆنترۆڵكردنی بارودۆخەكە



زیادبوونی هەڵکشانی کاری توندوتیژی و زیادبوونی کارە تیرۆریستیەکان هەر هۆکارێك لە پشـــتیەوە بێــت، هۆکاری ســـەرەکی بۆ ناکارایــی حکومەتی عێـــراق دەگەڕێتەوە و ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە چۆن لەســـەر ئاســـتی پرۆسە سیاســـییەکە و ئەو ڕێککەوتنانەی بۆ پێکهێنانی حکومەت ئیمزایان لەســـەر کراوە، ئەو حکومەتە شکستی هێناوە، بەهەمان شێوە لەبواری ڕاگرتنی ئارامی و ســـەقامگیری شکســـتی هێنـــاوە و ناتوانێـــت کۆنترۆڵــی بارودۆخەکـــە بکات، ئەم حاڵەتەی ئێســـتای حکومەتی عێراقیش کە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسی و سەقامگیری بەرەو خراپتر دەڕوات ئەگـــەر هێزە ســـەرەکیەکانی عێراق بەجددی هەڵوەستەی لەســـەر نەکەن و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە سیاســـییەکانی حکومەتی عێراق ناچـــار نەکەن بە تـــەواوی ڕێککەوتنەکانەوە پابەنـــد بێت، ئەوا هەم پرۆســـەی دیموکراتی لەعێراقدا دەکەوێتە مەترسیەوە، هەم بە بیانووی ناسەقامگیری و هەڵکشانی توندوتیژی و کارە تیرۆریســـتیەکانەوە حکومەتی ئێستای عێراق زیاتر خۆی لە جێبەجێکردنی دەستوور و پابەند بوون بەرێککەوتنـــەکان دەدزێتەوە و هەنگاوی زیاتـــر بـــەرەو عەســـکەرتاری و تاکـــڕەوی هەڵدەگرێـــت، لەمبـــارەوە حامـــد موتڵەگ پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان هـــۆکاری ئەم بارودۆخە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی پرۆســـە سیاســـییەکە بەرەو ئاراســـتەیەك دەڕوات کە بۆتە هۆکاری ئەوەی بۆشایی سیاسیی دروست بێت و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی زیاتر تیرۆریستان سوودی لێوەربگرن و لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنەکان لەنێویشیاندا ڕێککەوتنەکەی هەولێر هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخەیە و هۆکارێکە بۆ ناســـەقامگیری لە عێراقـــدا، لەبەر ئەوەی هـــەروەك ئێوەیش دەزانن مەرجی ڕێکەوتنەکەی هەولێر بریتییە لە هاوســـەنگیی دامەزراوەکانـــی دەوڵەت و مەسەلەی سێ وەزارەتە ئەمنییەکان بە دەزگای هەواڵگرییەوە، ئەم مەســـەلەیەش ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ئارامی و ســـەقامگیریەوە هەیە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و ڕەوشی ئاسایش بەشێوەیەکی سەرەکی پشـــت بەو وەزارەتانە و دەزگای هەواڵگری دەبەستێت. بۆیە ناکۆکییە سیاسییەکان کاریگەریی زۆری لێدەکەوێتەوە و هەروەك ئێوەیش دەزانن دەستێوەردان و ئەجێندای دەرەکیی زۆر هەیە کە مەبەســـتەکانیان وەدی دێنـــن، هەروەها دەرچوونـــی داگیرکەر-یش لــــە «عێـــراق» کاریگەریی ڕاســـتەوخۆی لەمبارەیـــەوە هەیـــە. بەڕای مـــن نەبوونی خەسڵەتی پیشەیی لەلای هێزە ئەمنییەکان و نەبوونی چەك و ئامێر و کەرەســـتەی پێویست و نەبوونی زانیاریی هەواڵگریی پێویســـت و لەگەڵ نەبوونی هاریکاری لەلایەن شەقامەوە، پێمواپە هەمموو ئەو لایەنانە کاریگەری لەسەر ڕەوشی ئەمنی دروست دەکەن، بۆیە پێمواپە کە پێویستە ئەمڕۆ کێشەی وەزارەتە ئەمنییەکان چارەسەربکرێت و هێزەکان یەکبگرن بەتایبەتی لەبەرئـــەوەی کە ئەمڕۆ دەســـتێوەردانی زۆر هەیـــە لەلایـــەن وڵاتانی دراوســـێ لەڕووی بۆردومانکردنی ســـنوورەکان و دەستێوەردانیان لە ئاوە هەرێمییەکان و دەستێوەردان لە کاروبارە ناوخۆییەکانمان، بەڕای من هەر زۆر پێویستە قەوارە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا ڕێکبکەون لەســـەر یەك تێڕوانین کـــە ئەویش بریتییە لە تێڕوانینی بەرژەوەندیی نیشـــتمانی و لەنێوان خۆیاندا و ڕێکبکەون بۆ چارەســـەرکردنی ئەم کێشـــە گەورەیە. لەبەر ئـــەوەی دەزگاکانی ئێمە چەنـــد بەهێزبن ئەوەنـــدە زیاتر دەتوانی بەرەنگاربوونـــەوەی دوژمنەکانـــت بکەی و بەرگری لەدژیان بکەیت، یاخود ئەو هێرشانەی



قاسم ئەعرەجی بۆ گوڵان:

**چەند ناکۆکییەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان گرژتر بێت، ئەوە ڕەوشی ئەمنی خراپتر دەبێت**

کە لـــەدژت ئەنجام دەدرێت. بۆیـــە هەڵبەتە وەدیهێنانـــی یەکێتیـــی سیاســـی و هاوکات لەگەڵ یەکێتیی نیشـــتمانی ئـــەوە بێگومان یاریدەدەر دەبێت لە چارەســـەرکردنی ڕەوشی ئەمنـــی. هەربۆیە من دووبـــارەی دەکەمەوە چەند هۆکار لەپشـــت ئەم مەســـەلەیە هەبێت هۆکاری ســـەرەکی لە ئەســـتۆی حکومەتە، تاکو ئەمڕۆیش حکومـــەت ڕێککەوتنەکەی «هەولێـــر»ی بەگەڕنەخســـتووە، لەگـــەڵ قەوارە سیاســـییەکانی دیکە ڕێکنەکەوتووە. کاتێك کە قەوارە سیاســـییەکان پەرتەوازە بن، ئەوکات یەکێتیی نیشتمانی نایەتەدی، بەڵام کاتێك کە قەوارە سیاســـییەکان نوێنەرایەتیی گەلـــی عێراقی بکـــەن و هەموویان یەك بن لەســـەر بنەمای تێڕوانینێکی نیشـــتمانیی هاوبـــەش، ئەوکات گەلی عێراقیش یەك دەبن و هاریکاردەبن و پاڵپشتی لە حکومەت دەکەن، بەڵام بەداخەوە حکومەت ســـەرکەوتوو نەبووە لە چارەســـەرکردنی کێشە و ئیشکالییاتەکانی لەنێوان خۆی و قەوارە سیاســـییەکان، ئەوەی ڕاستیش بێت لە ماوەی ڕابردوودا تاکەڕەو بوو لە چەند بڕیارێکی تایبەت بە خۆی بەشێوەیەك کە کاریگەریی هەبوو لەسەر دیمەنی سیاسی و ڕەوشی ئەمنی، هەروەها کاریگەریی لەسەر یەکێتیی نیشـــتمانیش هەبـــوو. بۆیە، بەڕای من زۆر گرنگە حکومـــەت لەوە تێبگات کە خـــۆی یان ســـەرۆك یانیش پارتێـــك بەتەنیا ناتوانێـــت کاروبارەکانـــی وڵات بەڕێوەبەرێت بەبێ خۆگونجاندن لەگەڵ قەوارە سیاسییەکان و پارتـــە سیاســـییەکان و پاڵپشـــتیی گەلی عێراقی).

ئەوەی موتڵەگ ئاماژەی پێکرد هۆکاری ســـەرەکیە لە خراپبوونی ڕەوشـــی ئەمنی و لە هەمانکاتدا بەردەوامی ئەم ڕەوشـــە دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی حکومـــەت هێندەی دیکە بـــەرەو لاوازی بچێت، ئـــەم لاوازیەش دەبێتە هۆکاری ئـــەوەی حکومـــەت نەتوانێ وەك پێویســـت خزمەتگوزارییەکانـــی خەڵك دابین بکات، حامد موتڵەگ لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان تیشکی خســـتە سەر ئەم لایەنە و ئاماژەی بەوەکرد: (پێمواپە وڵاتانی دراوسێ ڕۆڵێکی گەورەیان هەیـــە لە پەرتەوازەکردنی یەکێتیی نیشـــتمانی، هەروەهـــا داگیرکەر و ئەجێنداکانیشـــی کاریگەرییەکـــی گەورەیان هەیە، هێزە سیاسییەکانیش کە لەنێوان خۆیاندا ململانـــێ دەکەن، ئەوانیـــش کاریگەرییەکی گەورەیـــان هەیە. هەروەهـــا لەگەڵ خەڵکی ناشایســـتە و گەندەڵـــکارەکان، ئەوانەی کە نایانەوێ حکومەتێکی بەهێز و پێگەیشـــتوو بوونـــی هەبێت و نایانەوێ یاســـایەك هەبێت ســـزایان بدات، ئەوانیش کاریگەرییان هەیە، ئەمانە و وێڕای دەســـتەکانی تاوان و کوشتن کە لەوانەیە بـــە بەرتیل و ڕێگەچارەی دیکە ئەنجام دەدرێت)).

**مانەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنیەکان بە هەڵواسراوی هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری**

ئەو بارودۆخەی ئێستای عێراق و زیادبوونی توندوتیـــژی لایەنێکی دیکەیـــە کە جێگەی بایەخی پەرلەمانـــی عێراقە و دەبێت لیژنەی ئاسایش و بەرگری لەپەرلەمانی عێراق دەست بخاتە سەر ئەو لایەنانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەم ڕووداوانە، بۆ ئەم مەســـەلەیە قســـەمان لەگەڵ پەرلەمانتار قاسم ئەعرەجی ئەندامی



حامد موتڵەگ بۆ گوڵان:

# کێشەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکان و جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنەکەی هەولێر هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخەیە و هۆکارێکە بۆ ناسەقامگیری



لیژنەی بەرگری و ئاسایش لەپەرلەمانی عێراق کرد، ئەویش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەرپرسیاریەتی ئەم بارودۆخە لە ئەستۆی حکومەتی عێراقدایەو هۆکاری سەرەکیش یەکلایی نەکردنەوەی پۆستی وەزارەتە ئەمنیەکانە، لەمبارەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەبڕی و وتی: (ئەوەی ڕاستی بێت هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ یەکلانەکردنەوەی دۆسیەی وەزارەتە ئەمنییەکان و پاکتاونەکردنی دەزگا ئەمنییەکان لە دەستەکان و یاخود لە سەرکردە ناشیاوەکان یانیش ئەو سەرکردانەی کە شکستیان سەلماند لەڕووی دۆسیەی ئەمنی، هاوکات ڕەوشی ئەمڕۆی پرۆسە سیاسییەکە کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕەوشی ئاسایش هەیە. لەبەرئەوەی چەند ناکۆکییەکانی نێوان قەوارە سیاسییەکان گرژتر بێت، ئەوە ڕەوشی ئەمنی خراپتر دەبێت، بۆیە پێموایە کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بریتییە لە هێورکردن و سەقامگیرکردنی پرۆسە سیاسییەکە و وەدیهێنانی شەراکەتی ڕاستەقینە و جێبەجێکردنی هەموو ڕێککەوتنەکان کە ئەنجامدران لەمیانی پێکهێنانی حکومەتی ئێستا، هەروەها بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی وەزارەتە ئەمنییەکان و گۆڕینی هەندێك لە سەرکردەکانی دەزگا ئەمنییەکان کە شکست و ناشیاویی خۆیان سەلماندووە لەڕووی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەمنی).

ئەوەی ئەعرەجیی ئاماژەی پێکرد، دیسان هۆکارەکەی گێڕایەوە بۆ حکومەت، بۆیە پرسیارمان لێکرد کە ئایا وەزارەتە ئەمنییەکان تەنیا پێویستییان بە وەزیرێك هەیە، پێویستە وەزارەتەکان وەك دامەزراوەیەك کاری خۆیان بە ڕێکوپێکی ئەنجامبدەن، ئایا بۆچی لاوازی لە ئەدائی دەزگا ئەمنییەکان هەیە یان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وەزیر دەستنیشان نەکراوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەعرەجی بەمجۆرە وەڵامی دەینەوە و وتی: (نەبوونی خودی وەزیر مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دامەزراوەکە «خەلەل»ی تێدا هەیە، بەڵام کێشەکە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە لەناو دامەزراوە ئەمنیەکاندا سەرکردەی ناشیاو هەن و هەندێك لە سەرکردەکانی دەزگا ئەمنییەکان دامەزراوەکەیان کردووە بە وەکالەتی بازرگانی بۆ کۆکردنەوەی پارە لەسەر حیسابی ئاسایشی هاووڵاتیان. بۆیە ئەو سەرکردانە و دامەزراوەی هەواڵگری ئەوەندە لاوازن بەشێوەیەك کە دەزگا ئەمنییەکان زانیاریی پێویستیان لەبەردەست نییە لەبارەی ڕێوشوێن و سات و کاتەکان کە تێیدا تیرۆریستان کردەوەکانیان ئەنجام دەدەن بۆئەوەی بتوانن پرۆسەی «ئیستیباقی» ئەنجام بدەن، بۆیە هەبوونی «خەلەل» لە دەزگا ئەمنییەکان هۆکاری سەرەکییە لە نەتوانینی لە کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی لە عێراقدا. لەمەش زیاتر هەندێك لە تیرۆریستەکان لە بەرامبەر پێدانی بەرتیل بۆ لیژنەکانی لێکۆڵینەوە یاخود ئەفسەرەکان لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ ئازاد دەکرێن، هاوکات بەهۆی جێبەجێنەکردنی سزای لەسێدارەدان بەرامبەر تیرۆریستەکان، ئەمانە ڕێخۆشکەرن بۆ تیرۆریستەکان بۆ پێدانی بەرتیل بۆ دەرچوونیان لە زیندانەکان، لەئاکامیشدا دەبینین کەسی تیرۆریست دوورە لە سزا و لە دەستی یاسا و بەردەوام دەبێت لە کوشتنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی. هەروەها لایەنیکی دیکە ئەوەیە دادگاکان سەربەخۆ نین و لایەنە سیاسییەکان دەتوانن دەستی تێوەر بدەن، بۆیە پێویستە حوکمی دادگا سەربەخۆ بێت و هەروەها لەگەڵ دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلییەتی هەردووك لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ بەپێی ئەو قۆناغە مەترسیدارەی کە «عێراق» پێیدا تێدەپەڕێت.))

ئەمانە ئەگەرچی ڕاشکاوانە واقیعی ئێستای عێراق وێنا دەکەن و پیشانماندەدەن کە هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەست بەوە دەکرێت کە تیرۆریستان توانیویانە شێوازی ئیشکردنی خۆیان بگۆڕن و سوود لەو بارە لاوازەی حکومەتی عێراق وەربگرن.

## سوود وەرگرتنی تیرۆریستان لەبارە لاوازەکەی حکومەتی عێراق

هاوکات لەگەڵ ئەم بارودۆخە باراك ئۆباماى سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ڕایگەیاند کە لەکۆتایی ئەمساڵ تەواوی هێزەکانیان لەعێراق دەکشێننەوە، بێجگە لەو ژمارەیەی کە هەردوولا بۆ مەشق و ڕاهێنان لە عێراقدا دەمێنێتەوە، ئەمەش





توفیق یاسری بۆ گوڵان:

## ئەگەر بێت و پرۆسەکانمان پێشنەکەون و تێگەیشتنێکی تەواومان لەسەر سروشتی کاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەبێت، ئەوە ئەم جۆرە پرۆسانە بەردەوام دەبێت

مانای ئەوەیە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا باری ئاسایش و سەقامگیری عێراق دەکەوێتە بەردەم هەندێك پرسیار کە دەبێت حکومەتی عێراق بتوانێت وەڵامیان بداتەوە، بەتایبەتی کە شارەزایانی سەربازی ئاماژە بەوە دەکەن چەند هێزەکانی ئاسایشی عێراقی مەشق بکەن، تیرۆریستانیش بە هەمان ئاست و زیاتریش شێوازی کارکردن و تەکتیکی خۆیان دەگۆڕن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پسپۆڕی سەربازی عێراقی توفیق یاسری کرد و لەوەڵامدا سەبارەت بەم لایەنە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ( سەبارەت بە هەڵکشانی کارە تیرۆریستیەکان، من وەك شارەزایەکی سەربازی هاوکێشەکە زۆر بەسادەیی دەخوێنمەوە و پێموایە چەند دەزگا ئەمنییەکان پێشکەون لەڕووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئەوەندە پلان و بەرنامەی گرووپە چەکدارەکان و تیرۆر و «قاعیدە» پێشدەکەون. هەمیشە گۆڕینێکی «نەوعی» لە سروشتی پرۆسەکان ڕوودەدات، کاتێك کارە تیرۆریستیەکان ئەنجامدەدەن هەست دەکەین ئەمجارە لەگەڵ جاری پێشوو گۆڕانکاریان ئەنجامداوە، وەك بەئامانجکردنی وەزارەت و فەرمانگە و دامەزراوە گەورەکانی دەوڵەت و هەندێك ناوچە دەگرن و پاشان پاشەکشە دەکەن، دواتر بۆ ماوەیەك بارودۆخەکە ئارام دەبێت هەتا دووبارە دەردەکەون و هەندێك پرۆسەی دیکە ئەنجام دەدەن وەکو تغتیالات و ڕفاندن و مینرێژکردنی ئۆتۆمبێلی هەندێك لە بەرپرسەکان، لەگەڵ تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێك یان دوو ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو ماوە بۆ ماوە. بۆیە ئەگەر بێت و پرۆسەکانمان پێشنەکەون و تێگەیشتنێکی تەواومان لەسەر سروشتی کاری ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان نەبێت، ئەگەریش هەوڵ و کۆششی چڕ و شیاو و پیشەیی ئەنجام نەدرێت بۆمەبەستی وشککردنەوەی کانیاوەکانی تیرۆر، ئەوە ئەم جۆرە پرۆسانە بەردەوام دەبێت، هەر وەك ئێوەیش دەزانن دەزگاکانی سەربازی و ئەمنی ڕۆژانە دەیان قوربانی دەدەن لە گەنج و کارمەندان و کەسانی بێتاوان بەهۆی لاوازی لە ئەدا، بۆیە پێویستە لەسەرمان پێداچوونەوە و دووبارەدارشتنەوەی پلان و بەرنامەکانمان بکەین کە بەپێی پلان و بەرنامەکانی تیرۆر و گرووپە چەکدارەکان و «قاعیدە» و دەستەکانی تاوان بێت بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی زانستی و پیشەییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ئەگەریش نەگەینە ئەو ئاستەی کە تیایدا سەردەاو و هێڵەکان بدۆزینەوە لەبارەی هەر کردەوەیەکی تیرۆریستی کە لە دواقۆناغەکانی پلاندانان بێت نەك جێبەجێکردن، ئەوکات بەپێی ئاستی پێویست نابین و هاوکات ئەدای کردەوە تیرۆریستییەکان لە ئەدای ئێمە لەپێشتر دەبێت.))

ئەوەی یاسری ئاماژەی پێکرد نەك ئێستا، بەڵکو کاری ئایندەی هێزەکانی ئاسایشی عێراق قورستر دەکەن، بەتایبەتی کە کارە تیرۆریستیەکان جیالەوەی شوێنێك بە ئامانج دەگرن، بەڵام لەهەمانکاتدا چەندین هاووڵاتی بێتاوانیش دەبنە قوربانی، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایاکوشتنی هاووڵاتیانی بێتاوانیش بە بەرنامەیە؟ یاسری لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا ئەوەی ڕاگەیاند کە هیچ کارێکی تیرۆریستان بەبێ بەرنامە نییە و تەنانەت تیرۆریستان مەزندەی زیانەکانیش دەکەن، لەمڕەوە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (تیرۆریستان هیچ کارێك بە هەڕەمەکی ناکەن، بەڵکو پێشتر بەرنامەی بۆ دادەڕێژن، تەنانەت هاووڵاتیانی ئاساییش دەتوانن هەست بەو شتە بکەن کە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکان لەدەست گرووپە چەکدار و تیرۆیستەکانە و تەنسیق و ڕێکخستنی تەواو هەیە تەنانەت لەڕووی «تەوقیتەکانیشەوە»، بەداخەوە ئەوان تەنانەت قەبارەی ئەنجامی کردەوە تیرۆریستییەکانیشیان کۆنترۆڵکردووە و تەنانەت ئەوان دایدەنێن چەند زیانی لێ بکەوێتەوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەوڵ و کۆششی زیاتر بدەین و هەڵستین بە پێداچوونەوەی پلان و دروستکردنی کارمەندی شیاو و لێهاتوو و پشت بەستن بە زانیاریی باوەڕپێکراو و چاندنی هۆشیارییەکی ئەمنیی ئاستبەرز)).

لەم بارودۆخەدا کە هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە باری عێراق بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت و لەهەمانکاتدا پرۆسە سیاسییەکەش لە ئاڵۆزییەکی بەرچاودایە، هەر بۆیە هەموو مەزندەکان بەو ئاراستەیەن کە حکومەتی عێراق نەتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات.

# ئەو گرفتەی بەڕێوەیە..

# ئیستبدادی ڕوو لە زیادی بەغدا هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات



پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حوسێنەوە، هەمیشە پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی پێوەندییەکی لەرزۆك بووە. وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستەکانی زۆرینەی کوردەکان، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان هەوڵی زیادکردنی ئاستی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکەیان داوە. ئامانجی بەغدا، بە تایبەتی لە سایەی دەسەڵاتی نوری ئەل مالیکیدا دەقاودەق پێچەوانەوە بووە- بریتی بووە لە زیادکردنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی و سنووردارکردنی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان.

تەنانەت ئەو گرژییە لە مانگەکانی ڕابردوودا زیاتر زەقبۆوە. حکومەتی مالیکی هەوڵی لاوازکردنی ئۆتۆنۆمییە کوردییەکەی داوە، لەڕێی گرتنەبەری هەندێ ڕێ و شوێن و لە ڕێی ئامادەنەبوون بۆ گرتنەبەری هەندێ ڕێ و شوێنی تر. یەکەمیان هەندێ وردە فشار لەخۆدەگرێت، وەك فەرماندان بە داگرتنی ئاڵای کوردستان وەك کردەوەیەکی ڕەمزی بۆ دووپاتکردنەوەی ملکەچی سیاسی هەرێمەکە بۆ بەغدا، هەروەها گورزێکی مەترسیدارتر، وەك هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی یاسای نەوت و گاز کە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لاواز دەکات بەسەر کەرتێکی گرنگ و بنەڕەتی ئابووریی هەرێمەکەدا. نموونەی سەرەکی ئامادەنەبوون بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێن بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی سەرژمێری نوێ و دانانی خشتەیەکی زەمەنی تۆکمە و میکانیزمێکی هەڵبژاردن بۆ چارەسەرکردنی باری سیاسی کەرکوك.

هەموو ئەمانەش- گرتنەبەری ڕێ و شوێن و ئامادەنەبوون بۆ گرتنەبەری ڕێ و شوێن- یەك شتی هاوبەشیان هەیە. کاریگەریان هەیە و ئەگەری زیاتریش ئەوەیە نیەتی سنووردارکردنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستانیان لە پشت بێت.

ئەگەرچی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە نێو ئەو لیستە سەرەکیەدایە کە بوونەتە ئامانجی حکومەتەکەی مالیکی، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەمە تاکە ئامانج نییە.

**ئامانجی بەغدا، بە تایبەتی لەسایەی دەسەڵاتی نووری ئەل مالیکیدا بریتی بووە لە زیادکردنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.**

لە ڕاستیدا کردەوەکانی سەرۆك وەزیران، بەشێکن لە ڕەوتێکی بەرفراوانتر کە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە. ڕژێمەکەی سەرۆك وەزیران، مالیکی، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو تاکڕەویی دەچێت، کە بۆتە مایەی نیگەرانی شارەزایان و پسپۆڕان لە ئەمەریکا و وڵاتە ئەوروپیەکانی دیکە. دانانی کۆت و بەند لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن- بە تایبەتی ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنی و ئێزگە ڕادیۆ و بڵاوکراوانەی بە ڕەخنەگر بۆ سەرۆك وەزیران و هاوپەیمانە سیاسیەکانی لە قەڵەم دەدرێن- مایەی گرفت و نیگەرانیەکی ڕوو لە زیادە. مەرجەکانی مۆڵەتپێدان کە مەرجی قورسن و جێبەجێکردنیان کاتێکی زۆری دەوێت و زۆرجار مەرجی ناڕەواشن بۆتە نۆرمێك لە عێراقێکی گوایا دیموکراتیدا. زیندانیکردن و تەنانەت ئەشکەنجەدانی خۆپیشاندەرە ئاشتیخوازەکان و ئەو کەسانەی دیکە کە ڕەخنەگری ڕاشکاوبوون لە ڕژێمەکەی (لە نێویاندا ڕۆژنامەنووسەکان) لە هەڵکشاندایە، ئەمانە هاوشان بە هەراسانکردنی ڕکابەرە سیاسییە دیارەکان. هەروەها بەڵگەی زیاترو زیاتر لەبارەی گەندەڵی دارایی، لە نێویاندا حاڵەتەکانی بەرتیلدان و دەنگکڕین دەردەکەون.

هەموو ئەم ڕووداوانە بوونەتە هۆی ئەوەی

**مالیکی نەك هەر تەنیا هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دەدات لەسەر حسابی دەسەڵاتە هەرێمی و مەحەلیەکان، بەڵکو هەوڵدەدات ئەوەندەی مومکینە زۆرترین دەسەڵات لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە**

هەندێ چاودێری ڕۆژئاوایی کە چاودێری بەرەوپێشچوونەکانی عێراق دەکەن، مالیکی وەك «سەددامێکی بچووك» وەسف بکەن. بە هەمان شێوە ڕکابەرە سیاسییەکانی لە ناو عێراقدا نیگەرانن. ئەیاد عەللاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤارێکی دیاری ئەمەریکا-The National Journal- بانگەشەی ئەوەی کرد کە «ئەو ڕەوتەی ئەو گرتویەتیەبەر، ڕەوتێکە سەردەکێشێت بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت.» «ئەو دژی دەسەڵات دابەشکردنە. ئەو باوەڕی بە دابەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات نییە، ئەو ئەم کارە ناکات.»

تەنانەت ئەگەر ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە عەللاوی ڕکابەری سەرەکی مالیکیە لەسەر ئاستی نیشتیمانی و ڕەنگە ئەمەش وای لێکردبێت پاڵنەرەکانی سەرۆك وەزیران بەشێوەیەکی سلبی وێنابکات، ئەوا کردەوەکانی حکومەتی بەغدا بەشێوەیەك بەرەو ئیستبدادی دەچێت کە مایەی گرفتە. داخورانی دیموکراسی لەسەر ئاستی نیشتیمانی ئاماژەیەکی خێر نییە بۆ بەردەوامبوونی ئۆتۆنۆمییەکی سیاسی تۆکمە لە هەرێمی کوردستاندا. مالیکی نەك هەر تەنیا هەوڵی پتەوکردنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دەدات لەسەر حسابی دەسەڵاتە هەرێمی و لۆکاڵەکان، بەڵکو هەوڵدەدات ئەوەندەی مومکینە زۆرترین دەسەڵات لە دەستی خۆیدا کۆبکاتەوە.

**تەحەددی سەرەکی بەردەم بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان ئەوەیە بە وریاییەوە چاودێری ئەو بەرەوپێشچوونانە بکات و کار لەگەڵ ئەو لایەنە غەیرە کوردیانەدا بکات کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە هاوپەیمانی، ئەویش بۆ ڕێگرتن لە داکشانی بەهاو** کردەوە دیموکراتیەکان لە عێراقدا. ڕەنگە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان ناچاربن لە کۆتاییدا بڕیاربدەن ئایا ئەو ئیستبدادەی لە سایەی مالیکیدا سەریهەڵداوە مایەی هەڕەشەیەکی کوشندەیە بۆ دیموکراسی و بۆ پرۆسەی خۆبەڕێوەبردن لە کوردستاندا یان نا. هێشتا بەرەوپێشچوونەکان بەو خاڵە نەگەیشتوون، بەڵام ڕەوتەکە مایەی نیگەرانیەکی زۆرەو پێویستی بە چاکراوەییەکی زیاتر و پلانی یەدەگ هەیە.

**پرۆفیسۆر کارپێنتەر یەکێکە لەتۆژەرەوە باڵاکانی ئامۆژگای کاتۆ بۆ دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و لەساڵی ١٩٩٥ - ٢٠١١ جێگری سەرۆکی ئامۆژگای ناوبراوبووە بۆ دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوە، هەتا ئێستاش زیاتر لە ٤٠٠ وتاری لە ڕۆژنامەکانی نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و وۆڵستریت جۆرناڵ و لوس ئەنجلوس تایمز و فاینەشیال تایمز و فۆرین ئەفیرز و فۆرین پۆلیسی و ناشناڵ ئینترێست و چەندین بڵاوکراوەی دیکە بڵاو کردۆتەوە، لەم ژمارەیەشەوە بەپێی ڕێککەوتنێك لەنێوان گوڵان و نووسەری ناوبرادا، هەموو مانگێگ بابەتێکی تایبەت بۆ گوڵان دەنووسێت و ئەمەش وتاری یەکەمیەتی.**



*** وتارێکت لە گۆڤاری (گوڵان) سەبارەت بە(چاکسازی لەزانکۆی سەلاحەدین) بڵاوکردەوە، ئایا چ پرۆژەیەکت هەیە بۆ پێشخستنی ئەم زانکۆیە؟**

کاتێك باس لە چاکسازی و پرۆسەی پەرەپێدانی رەوشی خوێندن دەکەین پێویستە رەچاوی کۆڵەگەکانی خوێندنی باڵا بکەین کە بریتین لە(مامۆستا ـ قوتابی - پێداویستی ـ پرۆگرامەکان)، لەگەڵ ئەمەشدا کاتێك قوتابی دەگاتە قۆناغی زانکۆ پێویستە زەمینەسازی پەرەپێدانی ئاستی مەعریفی لە قۆناغەکانی پێشتردا بۆ کرابێت، بۆ ئەوەی راستەوخۆ بچێتە قۆناغێکی بەرزترو پێشکەوتووترەوەو بتوانین لە زانکۆ وای لێبکەین ئاستی هۆشیاری و مەعریفی بەرز بکەینەوە. لەلایەکی ترەوە سەبارەت بەمامۆستاو پەرەپێدانی لایەنی مەعریفی و بەرزکردنەوەی تواناکانی ئەم خاڵە پێویستی بەپلانێك هەبوو بۆ ناردنی مامۆستایان بۆ دەرەوەی وڵات و بەشداریکردنیان لە کۆنفرانسە زانستییە نێودەوڵەتییەکان و خولەکاندا، بە خۆشحاڵییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای پرۆسەیەکی بەردەوامەوە، ژمارەیەکی باشی لە مامۆستایان بۆ ئەم مەبەستە ناردۆتە دەرەوەی وڵات، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژەی تواناسازی و ناردنی ژمارەیەکی باشی یەکەمەکانی کۆلیژەکان بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا. لەسەردەمی کابینەی پێنجەمەوە ئەم پرۆسەیەی تواناسازی دەستی پێکردوو نزیکەی ١٢٠٠ دەرچووی زانکۆ بۆ وەرگرتنی ماستەرو دکتۆرا رەوانەی دەرەوە کران و تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە. لیستی هاوپەیمانی لە هەڵبژاردنەکان بەڵێنی دا کە بەرنامەی تواناسازی پێشبخات و بەردەوام بێت و بۆ ئەم مەبەستەش ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پرۆسەی تواناسازی تەرخان کردو تا ئێستا ٢٠٠٠ کەس سوودمەند بووە لەبەرنامەکە، راستە لەسەرەتادا پرۆسەی تواناسازی کەموکوڕی هەبووە، بەڵام ئێستا کارەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان دەکرێت و لەگەڵ وەزارەت لە گفتوگۆداین بۆ پێشخستنی بەرنامەکە. هەروەها لە پرۆژەیەکی تردا پرۆژەی زانستخوازیمان ئەنجامدا کە مامۆستا تەنیا ئەوە نییە لەهۆڵەکانی زانکۆ وانە بڵێتەوە، بەڵکو پێویستە مامۆستا توێژینەوەی زانستی بکات و بەشداری بکات لە سیمینارەکان و کۆنفرانسەکان دا.

**کاتێك باس لە چاکسازی و پرۆسەی پەرەپێدانی رەوشی خوێندن دەکەین پێویستە رەچاوی (مامۆستا – قوتابی- پێداویستی – پرۆگرامەکان) بکەین**

لەو چاکسازییەی کە باسم کرد پرۆژەی دڵنیایی جۆریشمان هەیە کە رێگاکانی وانە وتنەوەی مامۆستایان بەشێوازێکی مۆدێرن و سەرکەوتوو پێشکەش بکات بۆ ئەوەی زانیارییەکەی بگوازێتەوە بۆ قوتابیان لەگەڵ ئەم پرۆژانەدا توانیمان لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە پرۆژەی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و کۆمەڵایەتی مامۆستا بکرێت ئەوەبوو توانرا لەسەر ئەرکی رێزدار نێچیرڤان بارزانی ١٠٠٠ خانوو بۆ مامۆستایانی زانکۆکەمان دروست بکەین. لەم نزیکانەش لە پرۆژەیەکی تری نیشتەجێبوون ٣٠٠ شوقەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی سوودمەند نەبوون لەو پرۆژانەی پێشوو دروست دەکەین، لەلایەکی ترەوە یاسای خزمەتی زانکۆیی وایکرد

ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ ( گوڵان ):

# هەتا ئێستا ئاستی مەعریفی و زانستی زانکۆکانی کوردستان لە ئاستی زانکۆکانی جیهاندا نین

**دوای ئەوەی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستاندا تەنیا یەك زانکۆ بەناوی زانکۆی سەڵاحەدین هەبوو، ئێستا هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا بەراورد بە ئەوسا خاوەنی ١٠ زانکۆی حکومی و چەندین زانکۆی ئەهلییە، بوارە زانستییەکانی خوێندیش لە فرەیی و هەمەچەشنێتی بەردەوامدان، ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سەرۆکی دێرینترین زانکۆی کوردستاندا بۆ زانین و شارەزابوونە لەو چاکسازی و پرۆژەو پلان و بەرنامەو ئاریشانەی کە لەناو ڕەوشی خوێندنی زانکۆکانی کوردستان بەگشتی و زانکۆی سەڵاحەدین بە تایبەتی هەن، هەروەها بۆ زانینی فاکتەرەکانی دروست بوونی بۆشایی زانستی و ژیاریی کە باڵی کێشاوەتە سەر بوارەکانی ژیان لە کوردستان و عیراقدا، هەروەها هەماهەنگی نەکردنی زانکۆکان و دەرچووەکانی زانکۆ لەگەڵ بازاڕی کارو جیهانی تازەی گەیاندن و دیجیتاڵی..تاد**

**ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو پرسیارانەیە کە ڕووبەڕوو ئاڕاستەی ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ـ مان کردو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:**

مووچەی مامۆستای زانکۆ باش بێت و بتوانێت ژیانێکی ئاسوودەیی بۆ بڕەخسێت و کاتی هەبێت بۆ بیرکردنەوەو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، هەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆ پێوەندی باشمان لەگەڵ زانکۆو ڕێکخراوە پێوەندارە جیهانییەکان دروست کردووە. سەبارەت بە پێداویستیەکانیش ئێمە لە زانکۆی سەڵاحەدین لەبواری پێداویستیەکان کەموکورتیمان زۆرەو بەڵێن وەرگیراوە زۆر لەو کەموکورتیانە بەرەو چارەسەر ببەین.

سەبارەت بە پرۆگرامەکانی خوێندنیش کە لە ئاستی جیهانی زۆر پێشکەوتووە؛ لەهەوڵی ئەوەداین بەرەو پێشەوەی ببەین، بۆ ئەم مەبەستەش لەهەموو زانکۆکان بەڕێوەبەرایەتی یەك دانراوە تا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئاستی پرۆگرامەکانی زانکۆکانی کوردستان بەرز بێتەوە. بەمشێوەیە گەربێتوو لەهەموو ئەم کۆڵەگانە کار بکرێت و کەموکورتیەکان چارەسەر بکرێت و بنەماکانی خوێندن بەرەو پێشەوە بچێت ئەمە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی چاکسازییە.

*** لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆنفراسێکتان بۆ پەرەپێدانی ئاستی زانستی و توێژینەوە ئەنجامدا؛ تاچەند ئەم کۆنفرانسەش وەکو زۆربەی کۆنفرانسەکانی تری کوردستان نابێتە هۆی ئەوەی تەنیا پارە بەفیڕۆ درابێت؟**

- هەموو زانکۆیەك لەجیهاندا مافی ئەوەی هەیە لایەنی توێژینەوەی زانستی بایەخێکی زۆری پێ بدات، زانکۆی سەڵاحەدین لەساڵی ٢٠٠٠ ەوە کە سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بەستبوو ماوەی ١٠ ساڵە کۆنفرانسی نەبەستووە، بۆیە (کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی چوارەمی زانکۆی سەڵاحەدین) پێویستییەك بوو، ئەم کۆنفرانسە دوو مەبەستی سەرەکی هەیە، هەموو ئەو توێژینەوە زانستی نێودەوڵەتیانەی پێشکەش دەکرێت لەچەند کتێبێك بڵاو دەکرێتەوەو لە خزمەتی کۆمەڵگاماندا دەبێت، توێژینەوەی زانستی لە زانکۆ زۆر گرنگە بەداخیشەوە لەساڵانی ڕابردوو تەنیا وەزارەتی خوێندنی باڵامان هەبوو، ئێستا توێژینەوەی زانستی بۆ زیاد کراوە واتا قوتابی دەیخوێندو تەنیا بڕوانامەی بەدەست دەهێنێت و لایەنی توێژینەوەی زانستی بایەخی پێنەدرابوو، ئەمساڵ لە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزارەتیش بڕیارمان داوە کار بکەین بۆ توێژینەوەی زانستی و پێویستە بودجەیەکی تەواو دابین بکرێت و تاقیگەکانمان چاك بکەینەوەو ئاستی مامۆستا بەرز بکەینەوەو ئەو کێشانەی لە ناو کۆمەڵگا هەیە بە توێژینەوەی زانستی چارەسەری بکەین، ئامانجی دووەمیش لە کۆنفرانس ئەوەیە پێوەندییەکانی نێوان ئەکادیمیەکانی ئێمەو ئەکادیمیە نێودەوڵەتیەکانی زانکۆ پێشکەوتووەکان پەرەپێبدەین، خۆشبەختانە لە کۆنفرانسەکە ٣٠٠ مامۆستای پسپۆڕو شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکان لەزانکۆ جیهانییەکان بەشداربوون.

> **لە سەرەتادا پرۆسەی تواناسازی کەموکوڕی هەبووە، بەڵام ئێستا کارەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان دەکرێت و لەگەڵ وەزارەت لە گفتوگۆداین بۆ پێشخستنی بەرنامەکە**

*** بەرنامەی بووژانەوەی کشتوکاڵ هەیە، بەڵام کۆلێژی کشتوکاڵ خاوەنی کێڵگە نییە، لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان پێویستی بە زانکۆیەکی کشتوکاڵی**



**هەبوو، کەچی کۆلێژی کشتوکاڵ خاوەنی کێڵگەکانی (ئاژەڵ و پەلەوەرو شیرەمەنی و بەرووبوومە پیشەسازییە کشتوکاڵیەکانی تر نییە؟ ئایا تاچەند لەبەرنامەتاندا هەیە بەشی نوێ بۆ ئەو کۆلێژە بکەنەوە؟**

- کۆلێژی کشتوکاڵ یەکێکە لە کۆلێژە گەورەکانی زانکۆی سەڵاحەدین و ٧ بەش لەخۆ دەگرێت، کێڵگەو دارستان و کێڵگەی ئاژەڵی و بەرووبوومی ئاژەڵی و ڕووەکیمان هەیە، مەبەستی ئێمە بۆ کێڵگەکان بۆ بەرهەمهێنان و فێربوونە، بۆ نموونە ئێستا لە کێڵگەی پەلەوەر کە پێشتر کۆن بوو ئێستا نوێمان کردۆتەوەو لەگەڵ کۆمپانیایەك دوو سێ وەجبە پەلەوەرمان بەخێوکردووەو فرۆشراویشەو داهاتێکیشە بۆ زانکۆکە تەنانەت لە کێڵگەی ئاژەڵیدا جگە لە سوود وەرگرتن بۆ قوتابیان ئێستا سوودمان لە بەرووبوومەکانی وەرگرتووەو لە هەوڵی ئەوەین لە زانکۆی سەڵاحەدین کارگەی شیرەمەنی دامەزرێنین، لەلایەکی ترەوە لەکێڵگەی بەرووبوومی ڕووەکیدا چەندین تاقیکردنەوەی زانستی لێدەکرێت، بەرووبوومەکەش لە بازاڕدا دەفرۆشین(دەتوانن سەردانی گوندی گردەڕەشە بکەن و ئەو کێڵگانە ببینن)، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کێڵگەکانماندا هاتووە بەڵام وەکو پێویست نییە، چونکە پێویستە ڕێنمایی جووتیارەکانیش بکەین. لەگەڵ زانکۆیەکی ئەمەریکی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەوڵی ئەوەداین کارمەند ئامادە بکەین بۆ ڕێنمایکردنی جوتیارەکان بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی. بۆ زانیاریتان کۆلێژی کشتوکاڵی لەکێڵگەکانیدا بەرهەمهێنانی هەنگوینیشی هەیە و لە بازاڕەکانیش دەیفرۆشین. سەبارەت بەبەشی دارستانیش راستە ئەو بەشەمان هەیە بەڵام دارستانەکانی کوردستان بەپێی پێویست نییە، بۆیە کەموکوڕی لەو بەشە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی باش نراوە بۆ پێشخستنی بەشەکەو ئێستاکە قوتابیانمان بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانیان دەچنە ناو ئەو دارستانانەی لە چیاکانی کوردستان هەیە.

**ماموستا تەنیا ئەوە نییە لەهۆڵەکانی زانکۆ وانە بڵێتەوە، بەڵکو پێویستە ماموستا توێژینەوەی زانستی بکات و بەشداری بکات لە سیمنارەکان و کۆنفرانسەکان دا**

*** بۆ ماستەرپلانی هەولێر پشت بە دەزگای ئەندازیاری لوبنانی و کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەستراوە، لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی هەردوو بەشی ئەندازیاری بیناسازی و مەدەنین، تەنانەت لە دیزاینی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین پشت بە کۆمپانیایەکی نەرویجی و دیزاینەری بیانی بەستراوە ئایا ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ماستەرپلانی هەولێرو دیزاینی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵانێك ئەنجامدرا کە ئەو کات بەپێی راگەیاندنێك کراو پرۆژەیەکی گەورەشە، بۆیە پێمان باش بوو لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی کاری لەسەر بکرێت، ئەو کات تواناو شارەزایی کۆمپانیا جیهانیەکان زیاتر بوو لە ئێمە. بۆ نموونە کەمپی زانکۆی سەڵاحەدین دیزاینەکەی لە لای کۆمپانیایەکی نەرویجی ئەنجامدراوەو دیزاینەکە لەبەردەستماندایەو لەم ماوەیە بودجەی بۆ دیاری دەکرێت، ماستەرپلانی هەولێریش لەبیرمە ئەو کات کۆمپانیایەکی لوبنانی سەرقاڵی ئەو دیزاینە بوو، ئێستا لە دەستەی راوێژکاری زانکۆی سەڵاحەدین لە تواناماندایە کاری گەورە بکەین و پرۆژەی دروستکردنی ٣٠٠ شوقەی یەکەی نیشتەجێبوون هەیە لە لایەن ئەو دەستەیەوە کاری دیزاین و دیراسەتی دەکات، دەستەی راوێژکاری ئەندازیاری لەساڵی رابردوو نزیکەی نیوملیۆن دۆلار داهاتی بۆ زانکۆکەمان هەبووە. لەلایەکی ترەوە کەرتی تایبەت توانای زیاترەو تاقیگەکانی ئێمە لەو ئاستەی ئەواندا نییە، پێویستە ئەو راستییە بووترێت کەوا (کەسە بەتواناکانی ئێمەیە هاوکاری کەرتی تایبەت دەکەن) .

*** بەڵام پێت وانییە بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمهێنانی زانستی و مەعریفی لە زانکۆکە کەم بۆتەوە ؟**

- ئێمە لەساڵانی هەشتاکانەوە بەهۆی شەڕو سیاسەتەکانی حکومەتی ئەوکاتی ناوەندیی ئاستی زانستیمان لە دابەزیندابووە، بەڵام ئێستا من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئاستی زانستی و مەعریفی لەزانکۆکان لاوازە، بەپێچەوانەوە ماوەی دوو ساڵە ئاستەکە باش بووە، بەڵگەم بۆ ئەوە هەیە کاتێك دەبینین



قوتابیان لەدوای دەرچوونیش بەردەوام دەبێت لەبەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزو بەهۆی پێشبڕکێشەوە بۆ دامەزراندن قوتابی زیاتر خۆی ماندوو دەکات، دامودەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت شارەزایی باشترو کادیری بەتواناتریان دەوێت، بۆیە قوتابیش زیاتر خۆی ماندوو دەکات و ئاستی زانستی و مەعریفی بەرزتر دەبێتەوە. لەلایەکی ترەوە پرۆسەی خوێندن و دەوام و پرۆگرامیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو ئاستی زانستیمان باشتر بووەو چەند ساڵی داهاتوو بەرهەمی ئەو ئاستە دەبینین، بەڵام هێشتا ئاستی زانستی و مەعریفی لە ئاستی زانکۆ جیهانییە پێشکەوتووەکانی دەرەوەدا نین، چونکە لەوێ بنەماو ژێرخانی باشتر بۆ گەشەکردن و بووژانەوە هەیە. تەئکیدم لەچەند ساڵی داهاتوو ئاستی زانستی و مەعریفی لە زانکۆکان بەرز دەبێتەوە .

*** بۆچی لە پێگەیاندنی قوتابییاندا کەمتر ڕەچاوی پێداویستی بازاڕی کار دەکرێت، چی بکرێت بۆ ئەوەی زانکۆ تەنیا دەزگایەك نەبێت بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە؛ بەڵکو لایەنێکی زانستی و مەعریفیش پێش بخات و کۆمەڵگاو هەرێمەکە لێی سوودمەند بن؟**

- توانای هەرێم و زانکۆکانمان ئەوە نییە لە کۆلێژێك لە کۆلێژەکان کە بازاڕی کار زۆر پێویستی بە دەرچووەکانی هەیە ئێمە ئەو ژمارە زۆرە وەربگرین، بۆیە نەمانتوانیوە ڕەچاوی بازاڕی کار بکەین. ژمارەی مامۆستایانمان لە کۆلێژو بەشەکان دیاریکراوە. پلانی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایەیە چۆن بتوانین ئەو کۆلێژو بەشە بەڕێوە بەرین، زۆرجار ڕەچاوی حەزو خولیای قوتابیش دەکرێت کە دەیەوێت لەو بەشە وەربگیرێت. کاتێك ژمارەی زانکۆکان زیاد دەبێت ئەو کات پسپۆرایەتی بەپێی پێداویستیەکانی بازاڕ لەبەشەکانی ئەو زانکۆیە دەکرێتەوە .

*** ئەو ململانێ و کێشمەکێشەی لە نێوان قوتابیان و زانکۆدا هەیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ پێت وا نییە جۆرە لێکتێنەگەیشتنێك لەم ڕووەوە هەیە؟**

**لە زانکۆی سەلاحەدین لەبواری پێداویستییەکاندا کەموکورتیمان زۆرەو بەڵێنیش وەرگیراوە تا هەندێك لەو کەموکورتیانە چارەسەر بکرێن**

- زانکۆی سەلاحەدین و هەموو زانکۆکانی تری کوردستان بۆ خزمەتی قوتابی دانراوەو گەر قوتابی نەبێت زانکۆ وجودی نییە، بۆ یە ئیشوکارەکانمان هەمووی دەبێت لە خزمەتی قوتابی دا بێت و دەبێت بزانین قوتابی ئەرك و مافی چییە ؟ ئەو کێشانەی ڕوو دەدات لەوانەیە داواکاری قوتابیان رەوا بێت و هەندێك جاریش وا نییە، بەڵام بۆتە دیاردەیەك، بۆ نموونە دانانی تەرقین قەید یەکێك لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیان بوو، تەنانەت ساڵانێك دەوری سێیەم دانرا، لەم دوو سێ ساڵەی رابردوو سیستەمێك دانراوەو بە قوتابی راگەیەنراوە بەو سیستەمە مامەڵە لەگەڵ قوتابی دەکرێت.

*** ئایا بوارەکانی مەکتەبەو بینایەو تاقیگەکانی زانکۆ بۆ وا فەرامۆشکراون؟**

- مەکتەبەکانمان شوێنی باشیان نییە، بەڵام کتێبەکانمان باشەو لەچەند ساڵی ڕابردوو بەبەهای ١٠ ملیۆن دۆلار کتێب بۆ مەکتەبەکانی زانکۆکانی کوردستان کڕدراوەو کەمتەرخەمی لە کڕینی کتێب نەکراوەو سیستەمەکە بەپێی پێوانەی ئەلەکترۆنی و پێشکەوتوو نییەو کاریش لەمبوارەوە کراوە. سەبارەت بەتاقیگەی کۆلێژەکان ڕاستە بەپێی پێویست نییە بەڵام ئێستا دەستمان بە گرنگیدان بە تاقیگەکان داوەو بودجەیەکی باشمان لەمبوارەدا تەرخانکردووەو بۆ ئەمساڵ زیاتر تەرکیزمان لەسەر کۆلێژی زانست و کشتوکاڵ و پەروەردە بەشی زانستەکان کردووە تاوەکو تاقیگەکانیان پێشبخەین و پەرەی پێبدەین، هەر کەموکورتیەك لەبواری تاقیگەکان هەبێت بۆ کەمی بودجە دەگەڕێتەوە.

*** ئایا لە زانکۆی سەلاحەدین دەتوانرێت بڵێین ئامێری تەکنەلۆژیاو کەرەستەی پێشکەوتوو بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە وەکو مەکتەبەی ئەلەکترۆنی یا بەکارهێنانی ئامێری (کیندڵ ئەمازۆن)؟**

- لە ڕێگای باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە کتێبخانەیەکی ئیفترازیمان هەیە، چەند ساڵە بۆ ئێمەیان دابین کردووەو چەندین توێژینەوەی زانستی مامۆستایانمان لەوێ داخڵ کراوەو سوودی لێوەر دەگرین، هەروەها دەزگایەکی تر هەیە پێی دەووترێت (هەناری)

**یاسای خزمەتی زانكۆیی وایكرد مووچەی مامۆستای زانكۆ باش بێت و بتوانێت ژیانێكی ئاسوودەی بۆ برەخسێت و كاتی هەبێت بۆ توێژینەوەی زانستی و بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی**

كە لە ئەوروپاو بەریتانیا خەڵكانێكی كوردی خۆمان توێژینەوەی زانستیان كۆدەكردەوەو سوودمان لێوەردەگرتن، هەروەها لەگەڵ ئەو زانكۆیانەی پێوەندیمان باشن بواریان بۆ ڕەخساندوین كە پێوەندی ڕاستەوخۆمان هەیە لەگەڵیاندا. ساڵانێكی زۆرە ئێمەش هەوڵ دەدەین مەكتەبەی جیهانیمان هەبێت، بەڵام كێشەی ئێمە هێڵی ئینتەرنێتەو ئێستاكە باش بووەو هەنگاو نراوە، هاوكات مامۆستایەكی زۆرمان هەیە ئامێری (كیندەڵ ئەمازۆن) یان هەیەو بەكاری دەهێنن. منیش لەگەڵ ئێوەم پێویستە لە زانكۆی سەڵاحەدین مەكتەبەیەكی ئەلەكترۆنیمان هەبێت .

*** دەنگۆی ئەوە هەیە مامۆستای زانكۆ هەیە تا ئێستا كۆمپیوتەر بەكارناهێنێت، بەرنامەتان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی مامۆستایانی زانكۆ چییە؟ جگە لە سەفەركردن و ئیفاد كە بۆتە ململانێیەك لەنێوان زۆر لەمامۆستایاندا بۆ ئەوەی زۆرترین هەلی ئیفادو گەڕانیان دەستكەوێت؟**

- لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری كە تەركیزمان لەسەر كردووە بۆ مامۆستایانی زانكۆیە، تاوەكو مامۆستا بتوانێت كۆمپیوتەرو داتاشۆ بەكار بهێنێت، بۆیە ساڵی ڕابردوو بە ئیجباری هەموو مامۆستاكانمان بەكاریان هێناوە، بەڵام هەندێكجار نەوەی كۆنمان ڕەنگە كەمتر بەكاری بهێنێت، ئەمانیش بەهاوكاری چەند كەسێك موحازەرەكانی ئامادە كردووەو لەناو هۆڵی خوێندن لەسەر كۆمپیوتەرو بەشێوازی داتا شۆ بەكاری دەهێنێت. سەبارەت بەكێشەی ئیفادو ناردنە دەرەوەی مامۆستایان ئێمە سیستەمێك پەیڕەو دەكەین، لە زانكۆكان تەنیا ئەو مامۆستایە دەتوانێت بچێتە دەرەوە كە توێژینەوەی

**زانكۆی سەڵاحەدین لە ٣٠٠٠ ەوە كە سێیەمین كۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بەستبوو ماوەی ١٠ ساڵە كۆنفرانسی نەبەستووە. بۆیە ئەم كۆنفرانسە زەرورەتێك بوو**

زانستی هەبێت بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسێك لە كۆنفرانسە جیهانییەكان.

*** گەر بتەوێت كۆلێژەكانی زانكۆكە بەسەر بكەیتەوە چەند ڕۆژی دەوێت چونكە هاتوچۆكردن لەنێوان ئەو كۆلێژانە كە دوورن لەیەكترەوە كاتێكی زۆری پێویستە، نازانین كەمپی زانكۆكە بووە شەمەندەفەرەكەی سلێمانی و تا ئێستا بۆچی هەنگاوی پراكتیكی بۆ نەنراوە؟**

- كەمپی زانكۆ كێشەیەكی دێرینی زانكۆی سەڵاحەدینەو لەو كاتەی لەساڵی ١٩٨١



زانکۆ گوازرایەوە بۆ هەولێر تا ساڵی ١٩٩٠ حکومەتی ناوەندی نەیدەویست زانکۆکە پێش بخرێت، تا ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر ئەرکی ڕێزدار نێچیرڤـان بارزانی دیزاینـی کەمپی زانکۆ درا بـە کۆمپانیایەکی نەرویجی و دیزاینەکە تەواو بـووەو شـوێنەکەی دیـاری کراوەو ئامادەی جێبەجێکردنە، کێشەکە لەتێچوونی پڕۆژەکەدایـە کە (یەك) ملیـار دۆلارەو لە توانای ئێمەدا نییە، لە دانیشتنێکی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لەگەڵ قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامی دا بڕیاری جێبەجێکردنی کەمپەکـەی دا، لەمەودوا ئەو بودجەیەی کە بۆ زانکۆی سـەلاحەدینەو بۆ دروستکردنی بینایەکانە لەکەمپەکەدا خەرجی دەکەین، بەڵام پێویستە وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر ساڵێك لە سـالان بودجەیەکی باش و تایبەت بۆ وەزارەتـی خوێندنی بـالاو توێژینەوەی زانسـتی لەلایەن حکومەتـی هەرێمی کوردستانەوە تەرخان بکرێت، تاوەکو کارو پـڕۆژەو بایەخی زیاتر بە هەموو لایەن و بوارەکانـی خوێندنی بـالا و توێژینەوەی زانستی بدرێت.

## مەکتەبەکانمان شوێنی باشیان نییە بەڵام کتێبەکانمان باشەو لە چەند ساڵی ڕابردوو بەبەهای ١٠ ملیۆن دۆلار کتێب بۆ مەکتەبەکانی زانکۆکانی کوردستان کڕدراوە

*** لەکۆنگرێسـی ئەمەریـکادا لیژنـە بـۆ جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ دانراوە، هـاوکات لـە پەیمانگای برۆکنسـیش لە ئەمەریکا چەندین دیراسـەت لەسەر ناوچە جێناکۆکـەکان هەیەو لـە پەیمانگای کارینجیش لەسەر کێشەی کەرکوك توێژینەوە هەیەو لە ڕێکخراوی قەیرانی نێودەوڵەتیش بەشێك لەسـەر کەرکوك دامەزراوە، زانکـۆی سـەلاحەدین و شـارەزایانی لەمبوارەدا چـی بـۆ کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی تر هەیە؟**

- لـەم کۆنفرانسە زانستیە نێودەوڵەتیـەی چەنـد ڕۆژێـك پێـش ئێسـتا لە زانکۆی سـەلاحەدین بەسـترا چەندین بابەت و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان و ماددەی ١٤٠دەستووری کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان و ناوچە دابڕێنراوەکان تێدا بوو، کە لەلایەن مامۆستاو ئەکادیمیەکانی خۆمانەوە ئامادەکرابوون و پێشکەشـکران، لە پاشان لەلایەن ئامادەبووان و شارەزاو پسپۆڕانی ناوخۆ و بیانییەکان تاوتوێ و گفتوگۆیان لەسەرکرد.

هەروەهـا یەکێـك لە پێشـنیارو راسـپاردەکانی کە لەم کۆنفرانسـە گەڵاڵە دەبێـت ئەوەیە ئەو بابەتانەی لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان و ماددەی ١٤٠ و کێشـەی دەسـتوورو ئەو کێشانەی لەگـەڵ حکومەتـی ناوەنـد هەمانە هەر هەمووی کۆدەکەینـەوەو لیژنەیەك دادەنێین بـۆ ئەوەی ئەو لیژنەیـە بەیەکەوە کار بکەن تاوەکـو بتوانین وەکو زانکۆی سـەلاحەدین پرۆژەیەکمان لەسـەر ئـەو بابەتانە هەبێت و ئەوانەی لەو لیژنانەش کار دەکەن شـارەزاو پسـپۆڕو کەسـانی پێوەندارن لە بـوارە جیا جیاکان وەکو مامۆسـتایان لـە کۆلیژەکانی یاسا و ڕامیاری و ئاداب(بەشی کۆمەڵناسی و جوگرافیا و مێژوو..تاد

*** ئایا تاکەی زانکۆ لە پیاوانی سیاسی دوور دەخرێتـەوە، ئەوەتـەی ئـەم زانکۆیە بواری ماستەرو دکتۆرای کردۆتەوە، بەدەیان سیاسـەتمەدار بوونە خاوەنی بڕوانامە؛ ئایا زانکۆی سـەلاحەدین لە پێدانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بۆ کەسێکی سیاسەتمەدار چی سوودێك دەکات؟**

- لـەو ماوەیـەی کـە بەرپرسـیارێتی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بە من دراوە کە سێ وەجبە بۆ خوێندنی باڵا وەرگیراون کە بەسیسـتەمێك ئیش کراوە زۆر شەفاف بووەو دوور بووە لە ڕۆتین، من دەزانم خەڵکانێك هەیە کە ماستەر و دکتۆرا دەخوێنن و بەرپرسن، بەڵام ئەوانە بە پلەو کورسـی تایبەت وەرنەگیراون، بەڵکو ئەوانـەش وەکو هەر هەموو ئەوانەی تر بە تاقیکردنەوەو پێشـبڕکێ و نمرە وەرگیراون، هـەر بە پێی ئەو سیسـتەمەی کە لە زانکۆ پەیڕەوی دەکەین و ئێمە حیسـابی ئەوە ناکەین کە ئەوە کوڕە دەوڵەمەندەو ئەوە بەرپرسـەو ئەوە هەژارە، نەخێر لەسیسـتەمەکە هەموو شـت دیارە و ڕوونکراوەتەوەو دانانی پرسیارو دیتنی تاقیکردنەوەو دانانی نمـرەکان و ڕاگەیاندنی دەرئەنجامـەکان هەریەکـەو لیژنەیەکـی شارەزاو پسـپۆڕ پێی هەڵدەستن و ناوەکانیش شاراوەیە کەس ناناسـرێت، بۆیە بەبێ کێشەو بە پێشـبڕکێیەکی زانستی قوتابی لە نامەی ماستەرو دکتۆرا وەردەگیرێن و ئەمساڵ ناوی قوتابیانی خوێندنی باڵا لە پرێس کۆنفرانسێکدا بە داتا شـۆ پیشـان دەدەین و ڕایدەگەیەنین، بەڵام من لێت ناشارمەوە ساڵانی کۆن و پێشتر لەم ڕووەوە کەموکوڕی و گرفتمان هەبووە.

## ماستەرپلانی هەولێرو دیزاینی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین لەساڵانێکدا ئەنجامدرا کە تواناو شارەزایی کۆمپانیا جیهانیەکان زیاتر بوو لەهی ئێمە



### لە بامەڕنێ..

# زۆربەی قوتابخانەی گوندەکان لە بینایەی خراپ و بچووک و بە کرێدان

- بە درێژایی٣٥٠٠ مەتر پڕۆژەی تونێلی مەتین دروست دەکرێت و دەڤەری کانی ماسی بە بامەڕنێ وە دەبەستێتەوە .
- بێکاری کاریگەرییەکی سلبی لەسەر گەنجەکانی ناحیەو سنوورەکە هەیە.
- گوندێکی مەسیحیی گوندێکی ئیسلامیان لەبێ ئاوی ڕزگارکرد.
- هەندێکجار نەخۆشەکانمان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەرسەنگ دەکەین.



بامەڕنێ سەر بە قەزای ئامێدیەو ٢٣ گوند لە خۆدەگرێت و ٥ گوند لەمانە برایانی مەسیحی تێدا نیشتەجێن، بامەڕنێ لەساڵی دوو هەزار بووە بە ناحیە، ژمارەی دانیشتووانی ناحیەکە زیاتر ٦٥٠٠ کەسە، سنووری بامەڕنێ جگە لەوەی زەوییەکی بەپیتی بۆ کاری کشتوکاڵی و باخ و بێستان هەیە، ناوچەیەکی شاخاوی جوان و دڵڕفێنی گەشتوگوزارییشە.

بامەڕنێ لە سەردەمی حکومەتی عێراقدا بەتایبەتی لەسەردەمی ڕژێمی بەعسیدا وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کراوەتە ناوچەیەکی موحەرەمەو خاپوور کراوەو خەڵکەکەشی ڕاگوازراونەتەوەو ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانیشی بەگشتی تێکدراوە، لەدوای ئەوەی بامەڕنێ کرا بەناحیە لە لایەن حکومەت و دەمودەزگاکانی هەرێمی کوردستان گرنگی پێدراوەو کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم کارو پرۆژانەش بەپێی پێویستی و لە ئاست قەبارەی کاولکاریی پێشووی سنوورەکەدا نییە، بۆیە لێرەو لەوێ خەڵکی سەنتەری ناحیەیەکەو سنوورەکە گلەیی و ڕەخنەیان لە بوارەکانی خزمەتگوزاری هەیە.

تیمی (گۆڤاری گوڵان) سەنتەری ناحیەی بامەڕنێ و سنوورەکەی بەسەر کردەوە، دواتر چەند هاووڵاتییەکمان دواند، یەکێك لە هاووڵاتییەکان گلەیی لە کەمی دەرمان و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ و پزیشکی ئافرەتان هەبوو لەناو بنکەی تەندروستییەکەیان، هاووڵاتییەکی تر باسی لەخراپی هاتوچۆکردن کرد، هاووڵاتییەکی تری سەر بە گوندەکانی بامەڕنێ باسی لە کەموکوڕی بینایەی قوتابخانەی گوندەکان دەکرد، هەروەها ژمارەیەك گەنج باسیان لە بێکاری دەکردو گەنجی وایان هەیە ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە کۆلێژ و پەیمانگاو ئامادەییان تەواو کردووەو تا ئێستا بێکارن و دانەمەزراون، ئەم گلەیی و ڕەخنانەو چەند پرسیارێکی تریشمان لە(ئەیسەرجەرجیس)بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ کرد،ئەویش بەمجۆرە وەڵامەکانی خستەڕوو.











ئەیسەر جەرجیس بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ بۆ(گوڵان):

# خانووەکان تاپۆیان نییەو زەوییەکانیش کوژاندنەوەیان بۆ نەکراوە

**بامەڕنێ ماستەرپلانی بۆ دروست دەکرێت**

وەکو دەزانین ماستەرپلان هۆکارێکی سەرەکیی و گرنگە بۆ گەورەبوونی هەموو شارو شارۆچکەیەك و نەخشەڕێگایە بۆ دیاریکردنی شوێنی خزمەتگوزاری، لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: ناحیەی بامەڕنێ ماستەرپلانی نییە، بەڵام ماوەیەکە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بەناوی فۆیسینگ بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی دهۆك خەریکی پڕۆژەی ماستەرپلانی سەنتەری ناحیەی بامەڕنێن، بەپێی ئەم ماستەرپلانە دەتوانین سەنتەری شارۆچکەکە بەرفراوان بکەین، ئێمە لە سەنتەری ناحیەکە کێشەی ئەوەمان هەیە کە خانووەکان تاپۆیان نییەو زەوییەکانیش کوژاندنەوەیان بۆ نەکراوە، ئەمەش پێویستی بەچارەسەرکردنی بەپەلە هەیە، چونکە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە گشتی کاریگەری باش و ڕاستەوخۆی لەسەر گەورەبوون و گەشەکردنی ناحیەکە هەیە.

**ڕێگای گوندەکان پێویستی بە پڕۆژە هەیە**

سەبارەت بەخراپی تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان و قیرتاوو کۆنکریت نەکردنی کۆڵان و شەقامەکانی هەندێ گەڕەك، بەتایبەتی گەڕەکە تازەکان و دروستکردنی تونێل لە چیای مەتین کە دەڤەری کانی ماسی و بامەڕنێ بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: ئەو کۆڵان و گەڕەکانەی کە تازە دروستکراون کۆنکرێت و قیرتاو نەکراون و بۆ ئەمانەش پلانمان هەیە، گەڕەکی بەفری یەکێکە لەو گەڕەکانەی ئێستا ٤٠٠مەتر لە کۆڵانەکانی پرۆژەی قیرتاوکردنی بۆ دەرچووە و پاش یەك مانگی تر هەمان گەڕەك ٤٠٠مەتری تریشی قیرتاو دەکرێت، هەروەها پڕۆژەی ١٢٠مەتر ئاوەڕۆ بۆ هەمان گەڕەك دەرچووە، لەلایەکی تر پڕۆژەی شەقامی کەمەری بۆ سەنتەری ناحیەکە لە پلاندایە کە پڕۆژەیەکی گرنگ و گەورەیە، ئەم پڕۆژەیە هەموو ئامەدەکارییەکی بۆکراوە، تەنیا پەسند کردنی ماوە، لەبەر ئەوەی بودجەیەکی زۆری پێویستە، سەبارەت بە گوندەکانیش ئەوە ڕاستە کە پێویستیان بە پڕۆژەی ڕێگاوبان هەیە، بەڵام لەدوای ئەوەی پڕۆژەی ڕێگا سەرەکیەکە تەواو دەبێت کە ئێستاکە لە ژێر جێبەجێکردندایە لە زاوێتەوە دێتە سەرسەنگ و ئامێدی و پاش ئەم قۆناغەش لە ئامێدیەوە دێت بۆ ناحیەی بامەڕنێ کە پڕۆژەکە تەواو دەبێت، هەموو گوندەکانی سنوورەکەی بامەڕنێ لەم پڕۆژەیە سوودمەند دەبن و ئەم پڕۆژەیەش چوار مليارو سەد و بیست و حەفت ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، سەبارەت بە کۆڵان و شەقامی ناو گوندەکانیش هەر وەکو هەموو گوندەکانی تری هەرێمی کوردستانەو لە ئایندەدا گوندەکانیش پێویست بەوە دەکات کۆڵان و شەقامەکانیان بۆ قیرتاوو کۆنکریت بکرێت، بەم پڕۆژانەش گوندەکان شێوەیەکی هاوچەرخ وەردەگرن و ئاسانکاری لە هاتوچۆکردن بۆ هاووڵاتیان و خەڵکی گوندەکان باشتر دەستەبەر دەبێت و لەو کاتەدا گوندەکان زیاتر ئاوەدان دەبنەوە.

هەروەها پڕۆژەیەکی ستراتیژی بۆ سنوورەکەی دەرچووە، ئەویش پڕۆژەی تونێلی مەتینە کە دەڤەری کانی ماسی بە بامەڕنێ دەبەستێتەوەو ئەم پڕۆژەیە کۆمپانیایەکی تورکی ئەنجامی دەدات، ئێستاکە لە قۆناغی یەکەمدایەو خەریکی ڕاپۆرت و دیزاینەکەن و درێژی تونێلەکە ٣٥٠٠مەترە و ماوەی تەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە دووساڵە.

**هەسن پیرکا ئاوی خواردنەوەی بۆ دابینکرا**

سەبارەت بەکێشەو گرفتی ئاوی خواردنەوە لە ناحیەی بامەڕنێ بە تایبەتی لە گوندەکانی ئەو سنوورە کە کێشەو گرفتی کەمئاوییان زۆر بوو، بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: ئاوخواردنەوە لەسەنتەری ناحیەو سنوورەکە لە ڕێگای بیرەوە دابینکراوە، لەناو سەنتەری ناحیەکەش بەپێی پێویستی خەڵکەکە ئاویخواردنەوە دابینکراوەو هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، بەڵام لە گوندەکاندا بەگشتی گرفتی بێئاوی و کەمئاوی هەبوو و ئێستاکە هەندێك لەم گوندانە وەکو گوندی شێخ مەما و بانگاش و گرێگۆش بیری ئاومان بۆ لێداون و لەم قۆناغەی ئێستاکەدا گرفتەکەیان چارەسەر بووە، بەڵام گوندی هەسن پیرکا تا ئێستا چوار بیریان بۆ لێدراوەو تێیدا سەرکەوتوو نەبووین، بۆیە بڕیارە لە گوندێکی نزیك خۆیان کە گوندی (دهیبە)یە بیرێکی ئاویان بۆ لێ بدەین و خەڵکی ئەم گوندەش کە لەبرایانی مەسیحی پێکهاتوون هەر هەموویان ڕەزامەندییان داوە بۆ ئەوەی بیرێکی ئاو لە گوندەکەی ئەوانەوە بۆ چارەسەرکردن و دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی گوندی هەسن پیرکا کە موسڵمانن لێ بدرێت و ئەم بیرەش بڕی ١٤٠ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام بۆ ئایندە لە کاتێکدا کە ناحیەکە زیاتر فرەوان دەبێت و گەشە دەکات، ئەوە پێویستیمان بە پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوە دەبێت.

# به ته‌واوكردنی رێگا سه‌ره‌كییه‌كه گونده‌كان سوودمه‌ند ده‌بن

### گونده‌كانی (مه‌سیحی و ئیسلام) له بۆنه ئایینی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان هاوبه‌شی یه‌كتریی ده‌كه‌ن

سه‌باره‌ت به پێكه‌وه‌ژیانی برایانی مه‌سیحی و ئیسلام له سنووری بامه‌رنێ به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: به‌شێوه‌یه‌كی گشتی مه‌سیحی و ئیسلام له كوردستان له دێر زه‌مانه‌وه به‌ئاسووده‌یی وه‌كو برا به‌یه‌كه‌وه ده‌ژین، به‌ڵام له سنووری بامه‌رنێ پێوه‌ندییه‌كان زۆر له‌مه قوڵتر و به‌هێزتره و له خۆشی و ناخۆشی یه‌كتریدا به‌شدارن و هه‌ست ناكرێت ئه‌مه ئیسلامه و ئه‌وه‌شیان مه‌سیحیه، هه‌ر بۆ نموونه گوندی هه‌سن پیركا كه گوندێكی سنووره‌كه‌مانه‌وه دانیشتوانه‌كه‌ی ئیسلامه كێشه‌ی كه‌می و نه‌بوونی ئاوی‌خواردنه‌وه‌یان هه‌یه‌و ٤ بیرمان بۆیان لێداوه سه‌ركه‌وتوو نه‌بووین، بۆیه له‌گوندی ده‌ی كه‌برایانی مه‌سیحین، هه‌موو خه‌ڵكی گونده‌كه هاتنه ناحیه‌كه‌و پشتگیری و ره‌زامه‌ندی خۆیان بۆ بیرلێدانه‌كه‌و چاره‌سه‌ركردنی گرفتی كه‌مئاوی گوندی هه‌سن پیركا ده‌ربری، به‌هه‌مان شێوه دانیشتووانی گونده‌كانی تری سنووره‌كه(مه‌سیحی و ئیسلام) وه‌كو برا له بۆنه ئایینی و كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان سه‌ردان و هابه‌شی یه‌كتری ده‌كه‌ن. هه‌موو ئه‌مانه‌ش وایكردووه كه‌مترین ناخۆشی و گرفتیان له‌گه‌ڵ یه‌كتری نه‌بێت.

### نه‌بوونی فه‌رمانگه‌ی كاره‌باو سه‌ڵه‌ی كاره‌با

سه‌باره‌ت به بواری كاره‌باو كێشه‌و كه‌موكورییه‌كانی له ناحیه‌ی بامه‌رنێ به‌تایبه‌تی له گونده‌كانی سنووره‌كه به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: له ناو سه‌نته‌ری ناحیه كێشه‌ی كاره‌بامان زۆر كه‌مه‌و ئه‌و كێشه‌یه‌ی كه هه‌شه نه‌بوونی فه‌رمانگه‌ی كاره‌باو سه‌ڵه‌ی كاره‌باییه و له‌كاتی پێویست به سه‌ڵه‌ی كاره‌با داوا له قه‌زای ئامێدی و پارێزگاری ده‌ۆك ده‌كه‌ین. هه‌روه‌ها گونده‌كانی سنووره‌كه ته‌نیا یه‌ك گوند كاره‌بای بۆ نه‌چووه ئه‌و گونده‌ش ته‌نیا سێ ماڵن و به‌ته‌واویی ئاوه‌دان نه‌كراوه‌ته‌وه، له سه‌ردانێكی پارێزگاری ده‌ۆك بۆ ده‌ڤه‌ره‌كه بریاردرا تۆری كاره‌با بگه‌یێنرێته ئه‌م گونده، داواشمان به‌رزكردۆته‌وه كه پرۆژه‌ی رووناككردنه‌وه بۆ رێگا سه‌ره‌كیه‌كانی گونده‌كانیش ئه‌نجام بدرێت.

### گونده‌كان قوتابخانه‌ی دواناوه‌ندی و ئاماده‌یان نییه

سه‌باره‌ت به كه‌رتی په‌روه‌رده‌و كه‌موكورییه‌كانی له سه‌نته‌ری ناحیه‌كه‌و سنووره‌كه‌ی به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: ره‌وشی په‌روه‌رده له رووی بینایه و میلاكات له ناو سه‌نته‌ری شارۆچكه‌كه زۆر باشه و قوتابخانه‌یه‌كی ١٨ پۆلیشمان بۆ دروستكراوه، به‌ڵام كێشه‌ی ئێمه له بواری په‌روه‌رده‌یه له گونده‌كانه، بۆ نموونه له گونده‌كان قوتابخانه‌ی دواناوه‌ندی و ئاماده‌یان نییه، بۆیه به ناچاری قوتابییه‌كان دێنه بامه‌رنێ یا ده‌چنه گوندێكی سنووری كانی ماسی، به‌مه‌شه‌وه تووشی ماندوو بوون ده‌بن و ئیمكانیاتیشی ده‌وێت به‌تایبه‌تی بۆ هاتوچۆكردن، هه‌روه‌ها كێشه‌یه‌كی تر ئه‌وه‌یه كه زۆربه‌ی قوتابخانه‌ی گونده‌كان له بینایه‌ی خراپ و بچووك و كرێدان.

### تۆپبارانه‌كان باری ده‌روونی خه‌ڵكه‌كه‌ی تێكداوه

سه‌باره‌ت به‌و تۆپبارانه‌ی ئه‌و دواییه‌ی كه توركیا له‌سه‌ر ناوچه سنوورییه‌كانی كوردستان



ئه‌نجامیداوه و تا چ رادیه‌ك سنووری بامه‌رنێ گرتۆته‌وه تاچه‌ند خه‌ڵكه‌كه زه‌ره‌رمه‌ند بووه، به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: تۆپبارانه‌كه سنووری ناحیه‌ی ئێمه‌ی نه‌گرتۆته‌وه، به‌ڵام گوند هه‌یه له تۆپبارانه‌كان نزیك بوون و كه‌وتوونه‌ته باری ده‌روونیه‌كی ناخۆش و خراپ و بێگومان خه‌ڵكه‌كه‌ش ئه‌وانه‌ی كانی ماسی و بامه‌رنێ و شوێنه‌كانی تریش هه‌ر هه‌مووی كه‌سوكارو دۆستی یه‌كترن، بۆیه هه‌موو خه‌ڵكه‌كه كاریگه‌ری ئه‌و تۆپبارانانه‌یان له‌سه‌ره‌و له دڵه‌راوكێدان.

### بامه‌رنێ نه‌خۆشخانه‌ی قه‌ره‌وێڵه‌یی پێویسته

سه‌باره‌ت به‌بواری ته‌ندروستی و نه‌بوونی پزیشكی ئافره‌ت و پسپۆڕو نه‌شته‌رگه‌ری له بنكه‌ی ته‌ندروستی ناحیه‌كه‌و سنووره‌كه‌و كه‌می داووده‌رمان به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: له سه‌نته‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ و گوندی هه‌سن پیركا و وه‌رمێلی كه چه‌ند گوندێكی

## له گونده‌كان گرفتی بێئاوی و كه‌مئاوی هه‌بوون

لێ نزیكه بنكه‌ی ته‌ندروستی هه‌یه، به‌ڵام كێشه‌و كه‌موكوری له بنكه‌كانی ته‌ندروستی سنووره‌كه هه‌یه به‌تایبه‌تی له كه‌می داوده‌رمان و نه‌بوونی پزیشكی ئافره‌ت و نه‌خۆشی ئافره‌تان و پسپۆڕو نه‌شته‌رگه‌ری و له‌كاتی پێویستی و هه‌ندێ جۆری نه‌خۆشی ئه‌وه نه‌خۆشه‌كان ره‌وانه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی سه‌رسه‌نگ ده‌كه‌ین كه نه‌خۆشخانه‌یه‌كی قه‌ره‌وێڵه‌ی لێیه.

### به‌روبوومی ناوچه‌كه بێ قازانجن

سه‌باره‌ت به‌وه‌ی كه بامه‌رنێ ناوچه‌یه‌كی كشتوكاڵییه‌و تا چه‌ند وه‌زاره‌تی كشتوكاڵ كارو پرۆژه‌ی بۆ ئه‌م ناوچه‌یه ئه‌نجامداوه به‌رێوه‌به‌ری ناحیه‌ی بامه‌رنێ وتی: له سنووری ناحیه‌ی بامه‌رنێ دوو كۆگای سارده‌كه‌ره‌وه دروستكراوه‌و جووتیارانیش سوود له‌م دوو سارده‌كه‌ره‌وه‌یه وه‌رده‌گرن، هه‌روه‌ها ئێمه داوامانكردووه كارگه‌یه‌كی قوتووبه‌ند له ناحیه‌كه دابمه‌زرێت، چونكه له‌م سنووره ژماره‌یه‌كی زۆر باخ و بێستانی میوه هه‌یه‌وه ده‌توانرێت به‌هۆی ئه‌م كارگه‌یه‌وه بره‌و به چاندن و به‌خێوكردنی میوه بدرێت، ئه‌مه‌ش پشتگیرییه‌كی باشه بۆ جووتیارانی ده‌ڤه‌ره‌كه، هه‌روه‌ها خه‌ڵك و جووتیارانی ناحیه‌ی بامه‌رنێ سوودیان له وه‌رگرتنی پێشینه‌و قه‌رزی كشتوكاڵی وه‌رگرتووه‌و ئێستاكه چه‌ندین كه‌س هه‌یه ده‌یه‌وێت پرۆژه‌ی به‌خێوكردنی ئاژه‌ڵداری بكات، له لایه‌كی تره‌وه حكومه‌ت له گواستنه‌وه‌ی به‌روبوومی جووتیاران بۆ عه‌لوه‌كانی شاری ده‌ۆك هه‌قی گواستنه‌وه به جووتیاران ده‌دات، سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش له‌به‌ر به‌روبووم و میوه‌ی بیانی له وڵاته‌كه‌مان ئه‌وه جووتیاران قازانج ناكه‌ن، ئه‌گه‌ر قازانجیش بكه‌ن قازانجیان زۆر كه‌مه، بۆیه پێویسته له

## وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تاکە یەك جۆگەلەی ئاودێری بۆ سنووری بامەڕنێ نەکردووە

وەرزی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵی ڕێگا لە بەروبوومی بیانی بگیرێت یا ئاستێکی بۆ دابنرێت، ئەمەش هاوکاری و هاندانێکی باشی جووتیارانە. لە لایەکی ترەوە تا ئێستاکە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تاکە یەك جۆگەلەی ئاودێری بۆ سنووری بامەڕنێ نەکراوە، بەڵام چەند بەنداوێکی خۆڵی (تورابی) لەناوچەکە دروستکراوەو بڕیارە بەنداوێکی گەورە لەسەر ڕووباری سیپنەو چەند بەنداوێکی تری تورابیش لە سنوورەکە دروست بکرێت.

### دەسەڵاتی ئیداری تەنیا بڕیارە

سەبارەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری و هەبوونی بودجەیەك لەبەردەست بۆ ڕاپەڕاندنی کارو پڕۆژەکان بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: دابەزاندنی دەسەڵات وەکو بڕیار لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووەو هەیە، بەڵام وەکو کارکردن بەم دەسەڵاتە تا ئێستاکە هیچ شتێك نەکراوەو بودجەش لەبەر دەستی ئێمە نییە تا کارو پڕۆژەی پێ بکەین، بەڵکو تەنیا ئەو بودجەیەمان لەبەردەستە کە دوو ملیۆن دینارە بۆ خەرجی ناو یەکە ئیداریەکەیەو لە هەر داواکارییەکی ناوچەکە یا هەر ڕووداوێکی لەناکاو یا هەر کارو پڕۆژەیەکی بچووکیش بێت، ئەوە ئێمە لەبەر نەبوونی بودجە ناتوانین ئەنجامی بدەین یا بە هانای داواکارییەکان بێین، بۆیە لێرەدا دەڵێم پێویستە لە کوردستانیش وەکو هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو دەسەڵاتی ئیداری و دارایی دابەزێتە خوارەوەو یەکەی ژمێریاریش لە ناو یەکە ئیداریەکانی خوارەوە هەبێت، ئینجا دەتوانین بەسەر هەموو کێشەو کەموکوڕییەکان زاڵبین و لەماوەیەکی دیاریکراودا هەرێمی کوردستان زۆر زیاتر گەشە دەکات و پێش دەکەوێت.

### شارەوانی کەموکوڕی لە ئامێر هەیە

سەبارەت بەکەمی ئامێرەکان کە زۆر پێویستە بۆ ناوچەیەکی وەکو بامەڕنێ کە شاخاوییە، بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: لەمبارەوە بەتایبەتی شارەوانی کەموکوڕی زۆری لە ئامێر و ئۆتۆمبێل هەیە، تا ئێستاکە هیچ جۆرە ئامێرێك وەکو شۆفڵ و گرێدەر و تانکەر و . . . تاد بۆ ناحیەکەمان دابین نەکراوە تەنیا تراکتورێك و ئۆتۆمبێلێکی کەپسی زبڵو خاشاك فڕێدانمان هەیە، زۆرجار داوای چەندین ئامێرمان کردووە، بەڵام بۆیان دابین نەکردوین، هەر بۆ نموونە پێویستمان بە تانکەرێکی ئاوی قورس هەبوو بۆ ناو سەنتەری ناحیەکە پاش هەوڵ وماندووبوونێکی زۆر، ئینجا ڕەزامەندییان دەربڕی کە تانکەرێکی لە کارکەوتوو لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دهۆك هەبوو، بدرێت بە ناحیەی بامەڕنێ، ئەمەش پارەو خەرجییەکی زۆری بۆ چاککردنەوەی دەوێت. لێرەدا پێویستە ئاماژەوە بەوەش بکەین کە ناحیەی بامەڕنێ بچووکەو ماوەیەکی زۆریش نییە دامەزراوە، بەڵام سنوورەکەی بەرفرەوانەو شاخاوی و سەختە بۆ زیاتر خزمەتکردنی پێویستمان بە چەند جۆرە ئامێرێك هەیە بەتایبەتی لە وەرزی زستان و بەفرو باراندا و بۆیە دەبێت حکومەت و لایەنی پێوەندار ئەو پێداویستی و ئامێرانە بۆ ناحیەو سنوورەکەمان دابین بکەن.

سەبارەت بەکۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك کە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان گرفتی سەرەکین و پاش ٢٠ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەردەمیانە چارەسەری بکات بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: شارەوانی بەپێی سیستەمە کۆنەکەی کە لە هەموو شارو شارۆچکەکانی

## تانکەرێکی لە کارکەوتوو لە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دهۆك هەبوو درا بە ناحیەی بامەڕنێ و پارەیەکی زۆری بۆ چاککردنەوە دەوێت

هەرێمی کوردستان هەیە، لە ڕێگای یەك ئامێری کەپس و تیمەکانی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك لە ناو کۆڵان و گەڕەکەکانی ناحیەکەو هەر بەم ئامێرەش زبڵوخاشاکەکە دەگوازنەوە دەرەوەی شارۆچکەکە، لەوێش زبڵوخاشاکەکە دەخەنە ژێر خۆڵ یا دەیسووتێنن، ئەم سووتاندنە ئێستاکە زەرەری ژینگەی بۆ سنوورەکەمان نییە، چونکە دوورە، بەڵام بەگشتی بۆ ژینگەی کوردستان و بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی زۆر مەترسیدارە، بۆیە پێویستە کۆکردنەو خۆرزگارکردنی زبڵوخاشاك بدرێت بە کۆمپانیای تایبەتمەند لەمبوارەداو کارگەی ڕیسایکلینیش دابمەزرێنن و ئێستاکە کارگەیەکی ڕیسایکلین بۆ دهۆك دانراوەو بڕیارە وایە بۆ سنووری قەزای ئامێدی و ناحیەکانیشی کارگەیەکی ڕیسایکلین دابنرێت.

سەبارەت بەوەی کە بامەڕنێ و سنوورەکەی هەڵکەوتەو ئاو و هەواو بنەماکانی گەشتیاری زۆر دیارو بەهێزە، سەرەڕای ئەمەش هیچ کارو پڕۆژەیەکی گەشتوگوزاری بۆ نەکراوە، هاوکات چەندین شوێنەواری لێیە کە تا ئێستا کنە و پشکنینیان بۆ نەکراوە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: ئەگەر بێت و بامەڕنێ لەڕووی گەشتوگوزاری بەراورد بە سەرسەنگی بکەین، ئەوە بامەڕنێ زۆر لە سەرسەنگیش خۆشترە، بەڵام تا ئێستا پڕۆژەی گەشتیاری لە سنووری



بامەڕنێ نەکراوە، گەرچی بەتەواوبوونی تونێلی مەتین و تەواو بوونی ڕێگای سەرەکی کە لە زاوێتەوە دێت بۆ سەرسەنگ و بۆ ئامێدی لە پاشان بۆ بامەڕنێ ئەوە پڕۆژەی گەشتیاری ئەنجام دەدرێت، چونکە تونێڵ و ڕێگاکان واقیعی سنوورەکە بە گشتی دەگۆڕن بە تایبەتی هاتوچۆکردن لە نێوان کانی ماسی و بامەڕنێ، لەبەر ئەوەی ئێستاکە ڕێگاکە سەخت و ناخۆشەو هاتوچۆکردنیش زەحمەتە.

هەروەها زۆر کەس و سەرمایەدار دەیانەوێت پڕۆژەی گەشتیاری لەم سنوورە بکەن، بەڵام بارودۆخەکە لەبارنەبووە، بەڵام لەمەودوا هەر کەسێك و بەرهەمهێنێك بیەوێت پڕۆژەی گەشتوگوزاری لە ناوچەکە ئەنجام بدات ئەوە هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی دەکەین، هەروەها چەند شوێنەوارێکیش لە دەڤەرەکە هەیە کە هیچ پڕۆژەیەکیان بۆ ئەنجام نەدراوە، لەمبارەیەشەوە لایەنی پێوەندار کەمتەرخەمەو پێویستە بە بەرنامەو پلانێکی زانستی و ورد کار لەسەر ئەم شوێنەوارانە بکات کە مێژووی دەڤەرەکەیە.

سەبارەت بەو پڕۆژەو کارانەی کە خاتوو نەسرین بەرواری کاتێك کە وەزیری ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سنووری بامەڕنێ ئەنجامیداوەو هابیتاتیش بەهەمان شێوەو زیاتر کاری بۆ ئەم سنوورە کردووە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: ماوەی ساڵێك دەبوو کە بامەڕنێ کرابووە ناحیە لە لایەن خاتوونەسرین بەرواری وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ئەو کات،چەندین پڕۆژەی بۆ دەڤەری بامەڕنێ و کانی ماسی ئەنجامدا کە ئەو پڕۆژانە کاریگەرییەکی باشیان لەسەر خزمەتکردنی ناوچەکە هەیەو ئەو پڕۆژانە زیاتر خۆی لە خانووی نیشتەجێبوون دەبینێتەوە، هاوکات ڕێکخراوی هابیتاتیش ژمارەیەکی زۆر کارو پڕۆژەی لەم سنوورانە بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، بەڵام پڕۆژەکان زیاتر لە کانی ماسی بووە کە زیاتر لە ٦٠٠ خانوی نیشتەجێبوونی لێ دروستکردووە.

**داوامانکردووە کارگەیەکی قوتووبەند دابمەزرێت**

### بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی دهۆکیش سەردانی ناحیە ناکەن

سەبارەت بەوەی کە چ وەزیرێك سەردانی ناحیەکەو سنووری بامەڕنێی کردووە بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: هیچ وەزیرێك سەردانی نەکردووین بۆ ئەوەی لە ڕەوشی کارو خزمەتگوزارییەکانی ئەو ناوچەیە ئاگاداربن، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا وەزیری پەروەردە سەردانی قەزای ئامێدی کردبوو و هەوڵیدا بێتە ناحیەی بامەڕنێش، بەڵام وتی کاتەکە درەنگە دەبێت بگەڕێمەوەو ڕایگەیاند جارێکی تر دێت بۆ سنوورەکەمان، کێشەی ئێمە لەمبارەیەوە ئەوەیە نەك وەزیرەکان، بەڵکو بەڕێوەبەری وەزارەت و فەرمانگەکانی دهۆکیش سەردانی ناحیەو سنوورەکە ناکەن، تاوەکو بزانن بارودۆخی ناوچەکە چۆنەو کەموکوڕی و کێشەو گرفتەکانی خزمەتگوزاری چییە و چی بکرێت باشەو هەر لەم ڕووەوە گلەیی وگازاندەی خۆمان ئاڕاستەی هەموو لایەنە پێوەندارەکان دەکەین بەتایبەتی لەبارەی ئەوەی بەدواداچوون لەسەر دەڤەرەکە زۆر کەم ئەنجام دەدەن.

### بێکاری لە ناوچەکە پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە

سەبارەت بە بێکاری لە سنوورەکەدا بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: بێکاری یەکێکە لەو کێشانەی کە لەم سنوورە هەیە بەتایبەتی گەنجی وا هەیە چوار ساڵە کۆلێژ یا پەیمانگا یا ئامادەیی تەواو کردووەو دانەمەزراوەو بێکاریشەو گوندەکانیش بەپێی پێویست لە دوای ڕاپەڕینەوە کە ماوەی بیست ساڵە کار لەسەر زەوی و موڵك و باخ و بێستانەکانیان ناکەن و نەبووینەتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دەستەی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزارانیش هیچ جۆرە کارگەو پڕۆژەیەکیان لە ناوچەکە ئەنجام نەداوە کە ببێتە فاکتەرێك بۆ هەلی کار و بەروبوومی جووتیارانیش بە هەرمێن نییە زۆر کەم قازانج دەکەن، بۆ ئەوەی پشتی پێ ببەسترێت و خەڵك کاری تێدا بکات، بۆیە دەبینین کە بێکاری لە ناوچەکە کاریگەرییەکی سلبی لەسەر خەڵك بەتایبەتی لەسەر گەنجەکانی سەنتەری ناحیەو سنوورەکە هەیە.

### باخچەی ساوایان پێویستە

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری ناحیەی بامەڕنێ وتی: داواکارم لە لایەنی پێوەندار لە سەنتەری ناحیە باخچەی ساوایان بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەنی پەروەردەییەوە زۆر گرنگە، لە لایەکی ترەوە زۆر خێزان هەیە لە سەنتەری ناحیەکە پیاوو هاوسەرەکەی فەرمانبەرن و کەسیان نییە منداڵەکەی لەلا بەجێبهێڵن، بەڵام لەکاتێکدا باخچەی ساوایان هەبێت ئەوە خەڵکەکە بۆ خۆی دەتوانێ منداڵەکەی لەوێ دابنێت و بەدڵنیاییەوە دەوامی خۆی بکات. هەروەها پێویستە لە بواری وەرزش و لاوان زیاتر گرنگی بەم سنوورە بدرێت و لە سەنتەری ناحیەو چەند گوندێك یاریگای بچووك بکرێتەوەو تاتان دروست بکەن، چونکە ئێستا سەنتەری ناحیە تەنیا یەك یاریگای هەیە، هەروەها پێویستمان بە فەرمانگەی ئاو و کارەبا و . . . تاد هەیە.



## عەبدولڕەحمان کاکل:

# زۆر شت بەقیمەت بەدەست دێن بەڵام متمانە لەقیمەت نایە

### کوردستان تی ڤی لە دوو بواری گرنگ پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بەڵام سەنتەری ئاسوودە لە ریکلامەکەیدا وەک ئەوانی تر نەیکردبوونە مانشێت

### لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو راپرسیانەی لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن بە ئینسافەوە کرابن، دەنگوباسی کوردستان تی ڤی پلەی یەکەمی هەبووە بەتایبەتیش لەڕووی متمانە پێکردنەوە



سەنتەری ئاسوودە بۆ راپرسی و پەرەپێدانی گەنج لە بواری سیاسی راپرسیەکی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان دەربارەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئەنجامدا، لەم راپرسیەدا کوردستان تی ڤی لە بواری متمانە بوون بە هەواڵ و هەواڵی وەرزشی بە پلەی یەکەم هات، بۆ پتر بە دواداچوون لەسەر ئەم بابەتە بەڕێز عەبدولرەحمان کاکل سەرنووسەری هەواڵ لە کوردستان تی ڤی بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

سەرەتا حەز دەکەم تێبینییەك لەسەر راپرسییەکەی سەنتەری ئاسوودە بخەمە ڕوو، وێرای ڕێزم بۆیان کە رەنگە بەم کارە زۆریش ماندوو بووبن، بەڵام وەك هەموو لایەك بینیمان ڕاپرسییەکە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەلایەن بەرپرسی سەنتەرەکەوە راگەیەنرا و لەکەناڵەکانی راگەیاندن و رۆژنامەکانیش بڵاوکرایەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج و ئینجا تێبینییە، ئەوەیە کە یەکەمیان سەنتەری ناوبراو دواتر وەك ریکلام واتە بە پارە راپرسییەکەی لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بڵاوکردەوە، کە پێموایە پێویستی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی پێشتر بەبایەخەوە بڵاوکرایەوە و بێ بەرامبەریش. دووەمیان، لەکاتێکدا کە کوردستان تی ڤی لەمتمانەی هەواڵی سیاسی پلەی یەکەمی بەدەست هێنابوو، بەرێژەیەکی بەرزیش لەچاو کەناڵەکانی دیکە، هەروەها لە بواری وەرزشیش بەهەمان شێوە پلەی یەکەمی بەدەستهێنابوو، کەچی لەبڵاوکردنەوەی دەقی راپرسییەکە وەك ریکلام لە رۆژنامە و گۆڤارەکان، کوردستان تی ڤی لەمانشێتی رێکلامەکە باسی لێوە نەکرابوو کە لەدوو بواردا یەکەمی بەدەستهێناوە لەناوەڕۆکیش لە بازنەی کێرڤەکان ئەوەی کە تایبەت بوو بەوەرزش لابرابوو، رەنگە لێرە من بەپێویستی نەزانم لەسەنتەری ئاسوودە بپرسم بۆچی واتان کردبوو، بەڵام هەر دەمەوێ بۆ خوێنەرانی گوڵان و ئەم کەسانەشی کە لەراپرسییەکە بەشداربوون ئەم تێبینیە بخەمە بەرچاو بەتایبەت بۆ ئەوانەی فۆرمیان لەراپرسییەکە پڕکردووەتەوەو ڕایان وەرگیراوە حەقە لەڕای خۆیان بپرسنەوە کوا ڕای ئێمە لەمەڕ وەرزش؟ تێبینییەکی دیکە بۆ سەنتەری ئاسوودە ئەوەیە کە بۆچی لەبواری وەرزش و بەرنامەی سیاسی و هەواڵی سیاسی و ئەمانە پرسیار هەبووە، بۆچی لەبارەی بواری ئابووری و دراما پرسیارێك نەبوو، کە ئەمانە دوو بواری زۆر گرنگی تەلەڤزیۆنن، ئەمەش جێگەی سەرنجە.

دەربارەی ئەوەی کە هۆکاری بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لەلایەن کوردستان تی ڤییەوە بۆچی دەگەڕێتەوە، عەبدولرەحمان کاکل دەڵێ:

دەتوانین بڵێین لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو راپرسیانەی لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندن بە ئینسافەوە کرابن، دەنگوباسی کوردستان تی ڤی پلەی یەکەمی هەبووە بەتایبەتیش لەرووی متمانە پێکردنەوە، ئەمە لەناوەڕۆکدا مانایەکی زۆر گرنگ دەبەخشێ، لای ئێمە هەواڵ هەر بریتی نییە لەگەیاندن، بەڵکو بەر لە هەموو شتێك حیساب

بۆ ڕاستگۆیی و متمانە دەکەین لە بڵاوکردنەوەی هەر هەواڵێك، زۆرجار باس لە سەبقی سەحەفی و خێرایی دەکرێت، بەداخەوە هەندێك ئەم دوو شتە تێکەڵ دەکەن، لەکاتێکدا دوو شتی زۆر لەیەك جیاوازن، ئێمە ئەو پەڕی بایەخ بە خێرایی دەدەین، ئەوەش ماف و ئەرکی هەر دەزگایەکی خەبەرییە، بەڵام قەت پەلە ناکەین لەبڵاوکردنەوەی بەرلەوەی لێی دڵنیا نەبین، واتە سەبق لەسەر حیسابی راستگۆیی و متمانە ناکەین، هەموو کات ئەوە ڕێنمایی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتییە بۆ ئێمە کە سست و خاوی قەبوڵ نییە، بەڵام پەلە کردن و سەبقکردنیشمان لەسەر حیسابی راستگۆیی ناوێت. ئیتر ئەوە مەبدەئی ئێمەیە، لەهەمان کات خاڵێکی دیکەی گرنگ هەیە کە نابێت لە کوردستان فەرامۆش بکرێت، ئەویش ئیلتیزامە، ئێمە مەسەلە نەتەوەیی نیشتمانیی و هەتاکو کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکانیش ناکەینە قوربانیی بۆ زیاد کردنی بینەر یان بۆ ئەوەی پێمان بڵێن پیشەیین، ئێمە پیشەیی و زۆر بینەری لەمەدا کۆناکەینەوە، بەڵکو کەناڵێکی مولتەزیمین، بە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان (بێگومان مەبەستمان ڕاگەیاندنێك کە بەشێکە لەو بەرنامە نیشتمانیی و سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەی کە پارتی خەباتی بۆ دەکات ـ نەك وەك کاری حزبایەتی و پەیڕە و پرۆگرامی حزبایەتی)، پیشەیی بوون لای ئێمە ئەوەیە کە کارێك بکەین خزمەت بە کۆمەڵگەکەمان بگەیەنین و ئاڕاستەشی بکەین، لەبەر ئەوەی پەیاممان نیشتمانییەو ڕاگەیاندنێکە لەپێناو مەسەلە نەتەوەیی نیشتمانییەکان، ئێمە چاولێکەریی ڕەتدەکەینەوە، کێشەی کەس وەك هی ئێمە نییە، کۆمەڵگەی کەس و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری کەسیش وەك هی ئێمە نییە، ئێمە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەکەی خۆمانین و کاریش لەپێناو پێشخستن و خستنەڕووی واقیعی کۆمەڵگەکەی خۆمان دەکەین دوور لەلاسایی کردنەوەی ئەملاو ئەولاو دووریش لە موبالەغە کردن و ئاڕاستە کردنێکی نامۆ و ئەنارشیستانە، کە ئاکامەکەی بەباش نازانین.

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە لەڕاپرسییەکدا، ئێمە وەك کوردستان تی ڤی دوور و نزیك ئاگاداری نەبووین تەنیا لەراگەیاندنەکەی زانیمان شتێکی وا کراوە، خەڵکانێکی زۆر متمانەیان پێ بەخشیوین، ئەوە بۆخۆی مەسەلەیەکی گرنگە، وەك دەڵێن لەگرنگیش گرنگترە، متمانە بۆخۆی مانایەکی زۆر گەورەی هەیە لە هەمان کات متمانە بەم ڕێژەیە بۆ کەناڵێکی حزبی دووجار گرنگی خۆی هەیە، هەم بۆ ئێمەی ئیعلامیی و هەم بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەی ئەم هاوولاتیە بەڕێزانە بە کوردستان تی ڤی یان بەخشیوە، ئەوەیە کە ئێمە کاری بۆ دەکەین و ئامانجمانە، چاوەڕوانی هیچ بەخشیش و پیاهەڵدانێك لەکەس ناکەین، متمانەی بینەر بۆ ئێمە گەورەترین دیاری و بەخششە، لەم کێشمەکێشی سیاسی و ئیعلامیی و هەوڵی زۆری ئەملاو ئەولا بۆ بێ بایەخکردنی مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و راگەیاندنی حزبی و زۆر شتی دیکەی لەم بابەتە، بینەر زۆرترین متمانە بە کوردستان تی ڤی دەکات، ئەمە وەڵامێکی زۆر واقعیانەی هاوولاتیان خۆیانە بۆئەم پروپاگەندانە. جارێکی دیکە تەئکید لەوە دەکەمەوە کە متمانەی بینەر بۆ کوردستان تی ڤی و بۆ دۆزی گەل و ولاتی ئێمە لەهەموو شتێك گرنگترە و بەڵێنیش بەبینەران دەدەین کە لەسەر ئەمە بەردەوام دەبین و هەرکات جێگەی متمانەی ئەوان دەبین.

سەبارەت بەو پرەنسیپەی کە لە هەواڵەکاندا پەیڕەوی دەکەن، سەرنووسەری هەواڵ لە کوردستان تی ڤی دەڵێ:

ئەو پرەنسیپەی ئێمە پەیڕەوی دەکەین لە هەواڵەکان، وەك وتم خێرایی بەڵام بێ پەلەکردن، راستگۆیی و متمانە، ئیلتیزام بەرامبەر بە پرسە نیشتمانیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان مەبەستمان لە ئیلتیزام لەمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بۆ نموونە ئەوەیە کە لە رووداوە سیاسییەکانی کوردستان بێلایەن نین، بەڵکو خۆمان بە خاوەنی پرسەکان دەزانین و بەپێویستیشی دەزانین، بینەری کوردستان لە رووداوەکان بەرچاو روونیان هەبێت، بۆ ئەوەی تاکی کورد تاکێکی بەئاگا و ئەکتیف بێت، واتە ئەرکی ئێمەیە هەر تاکێکی کورد لە رووداو و پێشهات و چالاکییە سیاسییەکان ئاگادار بکەین و بەبێلایەنیش بڵاویان نەکەینەوە،( هەرچەندە من بڕوام نییە هیچ راگەیاندنێك هەبێت ناوی بێلایەن بێت، چونکە هەر دەزگایەکی راگەیاندن پەیامێکی هەیەو کار بۆ ئەم پەیامە دەکات) بەڵکو وەك خاوەن پرس بڵاوی بکەینەوەو بەرچاو روونی بەبینەر بدەین، هەروەها لەبەرامبەر ئەو کێشانەی کە دێنە پێش موبالەغە نەکەین مێشێك نەکەین بە گامێشێك و بینەری کورد هەڵخەڵەتێنین و بێ ورەی بکەین و وای نیشان بدەین کە ئەم کێشەیە ئیتر کۆتایی هەموو شتێکە، لە هەمان کات شتی گەورەش بچووك نەکەینەوە و وای نیشان بدەین دنیا شامی شەریفە و کورد هیچ تەحەدیات و هەڕەشەی لەسەر نییە و باهەرکەس لەم سەنگەرەیە پایدۆزی لێبکات، لەرووە نەتەوەییەکەوە هەر لە خزمەتکردنی زمان و رێنووسەوە تا دەگاتە ململانێکانی ناوچەکە و پێڕاگەیشتن بە کێشە نەتەوەییەکانی پارچەکانی دیکە و ئەوانی تاراوگەش بۆ ئەم مەبەستەش لە هەموو پارچەکانی کوردستان چەندین نووسینگە و گرووپی پەیامنێرانمان هەن و بۆ ئەوانی تاراوگەش بەهەمان شێوە لەم ڕووەوە بایەخی ئێمە بەرچاو و پێشەنگە.

لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکەشەوە، هەوڵی جدییمان هەیە کە شتە تەقلیدییەکان بشکێنین و لەهەمان کات پابەند بین بە بەها کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانی خۆمان، ئێمە لایەنە سۆسیۆلۆژییەکە لەسەر ئاستی جیهان لەبەرچاو دەگرین بۆ پەیڕەوێکی راست و دروست، نەك بۆ بەلارێدا بردن و لاساییکردنەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی شتە بونیادنەرەکان، نەك خراپ و رووخێنەرەکان تەنیا بۆ وروژاندن و راکێشانی بینەر، بۆ ئەمەش بینەر شاهێدن لەجیاکردنەوەی ئێمە و هی تر.

لە کۆتاییشدا عەبدولرەحمان کاکل سەبارەت بە پێناسەی هەواڵ لە کوردستان تی ڤی دەڵێ:

**٣-**پێناسەی ئێمە بۆ هەواڵ، هەموو ئەو شتانەیە کە لە وەڵامی یەکەم و دووەم باسم کرد، بەمەش دەردەکەێت، ئێمە پێناسەی تایبەت بەخۆمان بۆ هەواڵ و گەیاندن و بڵاوکردنەوە هەیە، ئێمە لەگەڵ وروژاندن لەپێناو چاولێکردن نین، داواش لەکەس ناکەین راپرسیمان لەسەر بکەن، ئەوەشی کە دواشت دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە ئێمە کار ناکەین بۆ ئەوەی کەسانێك یان توێژێك رازی بکەین، کاریش ناکەین بۆ ئەوەی حزب رازی بکەین ئەوانیش ئەو داوایەیان لێنەکردوین، کاریش ناکەین خەڵك رازی بکەین، بەڵکو دەمانەوێ خەڵك لێمان رازی بن، رازی بوونی ئەوانیش بەتەنیا بۆ ئێمە بەس نییە، بەڵکو دەمانەوێ بە هەڵقوڵاوی ناخی خۆیانمان بزانن، کە ئەوە حەقیقەتەکەیەو متمانە پێ بەخشینیش بەلای ئێمەوە هەر ئەوەیە بەبێ کەم و زیاد. لەوانەیە زۆرشت قیمەت بکرێن و بەدەست بهێنرێن، بەڵام متمانە بە قیمەتکردن بەدەستنایەت، بۆیە دەبوو سەنتەری ئاسوودە لەوە وردتر مانشێتەکانی دابڕشتایە.